# حەلاجیات

رابوونێکی درەوشاوە لە حزووری حەلاجدا

فەلەکەدین کاکەیی
وەرگێڕانی شێرزاد هەینی

حەلاجیات
ریزبەندی کتێبەکان: بەرگی یەکەم
نووسینی: فەلەکەدین کاکەیی
وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی
بابەت: فەلسەفە
پیتچنین: وەرگێڕ
ساڵی بڵاوبونەوەی بابەتەکان: ١٩٦٧ تا ١٩٦٨ی زاینی
بڵاوبونەوەی یەکەم: ڕۆژنامەی (ئەلتەئاخی) بەغدا
چاپە عەرەبییەکە: دەزگای ئاراس ساڵی ٢٠١٠ی زاینی

## حەلاجیات

### حەقە ئەو قسەیە بکەم

لەسەر داوا و پێشنیار و ئەرکی هاوڕێم (زریان کاکەیی)، یەکەم کتێبی مامۆستا (فەلەکەدین کاکەیی)م کردە کوردی، کە لە بەڕێوەبەرایەتی چاپ و بڵاوکردنەوەی هەولێر _ وەزارەتی رۆشنبیری چاپکرا. پاش دەرچوونی کتێبی (چرکەساتی هۆشمەندی)، لە شەوێکی جوان، لەناو باخچە گەورەکەی ئەوان، لەسەر بەرزاییەکانی خانزاد، لە دانیشتنێکی خێزانی، ئەو چەند کتێبێکی مامۆستای لەبەردەست دانام و وتی:

بۆ ئەو جارە و بەردەوامی وەرگێڕانی شاکارەکانی ئەو، کە زۆریان بە زمانی عەرەبی نووسراون، حەزدەکەم یەکێک لەو کتێبانە هەڵبژێری و بیکەی بە کوردی، منیش ئامادەم لەسەر ئەرکی خۆم چاپی بکەم.

دیارە منیش لە وەرگێڕانی کتێبی (چرکەساتی هۆشمەندی) تام و سوودێکی زۆرم، لە هزرە خاوێنە بێگەردەکەی مامۆستا فەلەکەدین بینیبوو، بۆیە دوودڵ نەبووم لە وەرگێڕانی بەشێک لە حەلاجیاتەکانی، ئەوەیان بەشێکە لە حەلاجیاتی ئەو، بەوەش دووبارە ناوی حەلاج و خەبات و قوربانییەکەی لە

پێناوی حەق و بێگەردی و سادەیی دەگاتەوە ناو خوێنەران، گەورەیی و قودسیەتی هزری فەلەکەین کاکەیی نۆژەن دەبێتەوە.

شێرزاد هەینی
ستۆکهۆلم
١ی ئۆگستی ٢٠١٤ی زاینی




**پیری گەورە و هزرمەندی کورد فەلەکەدین کاکەیی !**

**مامۆستای گەورە فەلەکەدین کاکەیی، بۆ ژیان و سروشت و مرۆڤ و نیشتمانەکەی، خاوەن عەقڵێکی گەردوونی، ویژدانێکی سپی و دڵێکی پڕ لە میهر و خۆشەویستی بوو.**

پیری پیران گەورە ڕۆحانییەکی بەرچاو ڕوونی سنگفراوان بوو، بڕوای بە خەباتی بەردەوام و سەرتاسەری ژیان هەبووە، لە ڕێگەی نووسین و گووتن و کرداردا، بەدرێژایی ژیانی خەباتی کرد، بۆ ڕزگارکردنی مرۆڤ لە ستەمگەری و ڕق و تۆڵە. بڕوای بە ڕزگاری تەواوی مرۆڤ بوو لە کۆت و بەندی نەریت و کولتور و ستەمی کۆمەڵایەتی. خۆی جگە لە چاکەکاری و لێبوردەیی و ڕاستی و خاکەڕایی، بیری لە هیچی تر نەدەکردەوە، پاکی و دروستکاری کردبووە پەیڕەوی ژیانیی و ئامانجی هەرە گەورەشی ڕزگاربوونی مرۆڤ و ئازادی کوردستانی گەورە بوو.

پیری مەزن فەلەکەدین کاکەیی:

ژیانی خۆی بەخشیە پێشمەرگایەتی و قەڵەمەکەی، لە پێشمەرگایەتیشدا هەمیشە بڕوای بە فرەڕەنگی و خەباتی سپی هەبوو، بۆیە بەگشتی جەنگ و خوێن ڕشتنی ڕەتدەکردەوە، بڕوای تەواوی بە گفتوگۆ و هونەری زانستی سیاسی هەبوو. ڕێبەرێکی ئەزموودار بوو، هونەرمەندانە سیاسەتی دەکرد و هەمیشە کرداری دەکردە پێوەر، ئەمڕۆش جیا لە هەموو سەرکردەکانی کورد، دوژمنەکانیشی ئەوپەڕی ڕێزیان بۆی هەیە، چونکە ڕاستگۆ و حەقبێژ بوو، خاکەڕا و دووربین و سەربەست بوو. ئاشتیخوازێکی ڕاستەقینە بوو. بەدرێژایی ژیانی ڕەنجبەر و دڵسۆز بوو بۆ خزمەتکردنی چارەنووسی مەسەلەی کورد و هەمیشە بە بیر و سەرنجە تیژ و پێشبینیە وردەکانی دەناسرایەوە و بە گرنگ وەردەگیرا لەلایەن یار و نەیارەوە.

مامۆستا فەلەکەدین زۆرجار دەیووت:

ئێمەی مرۆڤ دەبێت فێربین لە خەباتکردن ماندوو نەبین، منەت بەسەر کەسەوە نەکەین، هەرگیز چاوەڕوانی پاداشت لە کەس نەکەین.  ئێمەی دەبێ بە کۆشش و هزرڤانی و ئەزموون، بە ڕوناکبیری و ڕووناکبوونەوەی ناخ و وێژدان درێژە بە خەبات بدەین، بێدار و بە ئاگابین بۆ خۆڕزگارکردن، واتە ڕزگاربوونی تاک لە تاریک بینی و کۆت و بەندە کۆمەڵایەتییەکان.

لە ژیانی ئاسایی رۆژانەشدا کە بەندە ماوەی سی ساڵ زیاتر لە نزیکەوە دەمناسی، ئەم رۆحە مەزنە زۆر ریزی لە ئافرەت دەنا، سروشت پەروەر بوو، شاد و گەشبین بوو، هەمیشە ئارام بوو، خۆنەویست و خۆشەویست

بوو، ڕاستگۆ و دروستکار بوو، بێ کینە و داوێنپاک بوو، نیشتیمانپەروەر و پیرێکی گەورەی یارسانییەکان بوو. بڕوای تەواوی بە زانست و ڕۆشنگەری و خۆپەروەردەکردنی بەردەوام هەبوو. هەمیشە وردبینانە ڕەخنەی لە خۆی دەگرت و هەوڵی خۆخاوێن کردنەوەی دەدا لە هەموو کینە و ڕق و زیادەڕۆیی و خەوشداریەک، چونکە خۆی بڕوای بە شادی و بەختەوەری مرۆڤ هەبوو وەکو گەورەترین ئامانجی ژیان، ئامانجیک لە پشت هەموو ئامانجەکانی ژیانی مرۆڤ لەسەر زەوی!

بۆیە بەردەوام بەڕێز و نەرم و نیان، قسە خۆش و شاد و ئارام بوو، خۆی دەریایەک بوو لە خۆشەویستی! دەیووت ڕۆحی بەردیش بە خۆشەویستی نەرم دەبێتەوە!

پیری گەورە فەلەکەدین کاکەیی لە ڕێگەی سادەیی ژیان و خەبات و کردار و هزر و نووسین و جیهانبینییەکەی کاریگەری گەورەی هەبووە و دەبێت لەسەر بەندە و هەزاران مرۆڤی تر لە پرۆسەی خۆناسین، کاریگەری ئەو پیرە بیرمەندە زۆر گەورەیە. بۆ ناسین و پیرۆز ڕاگرتنی ڕیشەکانی هزر و فەرهەنگی کورد و ئاینەکەی. بەردەوام و بە نەفەسێکی درێژەوە لە گۆشەنیگایەکی جوانی فەلسەفی و عیرفانییەوە ڕاڤەی بابەتە ئاڵۆز و تەمووژاوییەکانی دەکرد و گەرد و خۆڵی نەیارانی لێ دەتەکاند، هەمیشە کوردستان و مێژوو و فەرهەنگی کوردانی جوانتر و ڕاستەقینەتر پیشان دەدا.

پیری گەورە فەلەکەدین کاکەیی بەردەوام قوربانی بە بەرژەوەندییەکانی خۆی و خێزان و کەسە نزیکەکانی دەدا، بێوچان کاری دەکرد بۆ بەرژەوەندییە گشتییەکان. خێزان و هاوسەر و مناڵەکانی هەرگیز تاسەیان لێ نەدەشکا لە دیدار و پێکەوەبوونی، چونکە بەردەوام لە کۆڕی خەبات خزمەتی دەکرد، وەکو مۆم دەسووتا، ماندوونەناسانە تا دوا هەناسە دڵسۆز و وەفادار بوو، بۆ خەبات و ئامانج و خەونە گەورەکانی لە ژیان، گەورەترین خەون و خۆزگەی ئەو ڕۆحە پاکە، ئازادی و ئازادی وێژدان و ڕزگاری کوردستانی گەورە بوو.

پیری گەورە چاودار بوو، وەکو هزرڤانێکی مەزن دانایانە شیکاری دەکرد و زۆر وریا بوو لە بەکارهێنانی پەیڤ و زمان، بۆیە لە تێگەیشتن زۆر قووڵ و لە هەڵسەنگاندن و پێشبینیکردن زۆر وردبین و گەشبین بوو، هەمیشە لە

ڕووناکترین ئاسۆوە دەیڕوانی. دنیابینی ئەو زاتە هەمیشە ئومێدبەخش بوو.... پیری مەزن ڕۆحت شاد.

....

فەلەکەدین کاکەیی بیرمەند و نوسەرێکی سەنگین بوو، نوسراوەکانی ئەو هەمیشە تەژین لە خواناسین، عیرفان و هزر. کەلتوورەکەی ئێمەی یارسان زەردەشتییە، هەرچەندە ئێستا شێوازێکی تری وەرگرتووە، بەڵام لە بنەڕەتدا زەردەشتی و میترایییە. مامۆستا فەلەکەدین دەیووت: پێویست ناکات من بڵێم زەردەشت وایە، بەڵکو من زەردەشتیم، زەردەشت فەرهەنگی کوردە جیهانبیینی مرۆڤی کوردە.

ماوەی سێ دەیە زیاتر بەندە گوێگر و قوتابی مامۆستا بووم، هەمیشە دەفتەرێکی بچوکم لە گیرفان بوو لەکاتی گفتوگۆ و پێکەوەبوون، بێدەنگ و وریا نۆتەم دەکرد، تێبینییەکانم دەنووسی پاشان گەوهەری هزرەکانیم پاکنووس دەکردن، زۆرجار ئەگەر دڵنیا نەبووایەم لە مەبەستێکی پرسیارم لە خۆی دەکرد. هەمیشە وەکو کانی روون، دنیابینی مامۆستا فەلەکەدین ساڵ بە دوای ساڵ پاراوتر دەبوون، زۆر لە نووسین و گوتەکانی نەمر و گەردونین. لێرە بەئامانەتەوە دەمەوێ هەندێکیان بڵاوبکەمەوە کە دڵنیام لە نووسین و بڵاوکراوەکانی مامۆستا فەلەکەدین خۆشی ئاماژەی بە هەندێکیان کردوە راستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ.

لە کتێبی فەلەکەدین بە ڕەنگی خۆی، لە دیمانەی بەڕێز (شێرزاد عەبدولڕەحمان) کە لە دەزگای ئاراس لە ساڵی (2005) بڵاوکراوەتەوە، وتوویەتی:

لە پرسیاری : ئەوەی لێی دەترسای ؟

رەوانشاد مامۆستا فەلەکەدین دەفەرموێت: باپیرانم.... کە سەدان پرسیار و ئەزمونیان بۆ بەجێهێشتووم، کەم پرسیارم وەڵام داوەتەوە، لە کەم ئەزموندا سەرکەوتوم، لە زۆربەی ئەزمونەکانا دۆڕام، (مەبەستم ئەو کەلەپورەیە کە لەسەر بنجی روواوم، هێشتاش بەتەواوی رەنگی نەداوەتەوە، تێنەگەیشتووم. کەلەپورەکەش ئەوەیە کە هەر بنیادەمێک بەخۆی بڕوا و بگات، تێبگات) بۆ گەیشتن بە (ئەوێ) کەس دادی نادات.

لێرە ڕەوانشاد فەلەکەدین وەکو پیرێکی گەورە لە ئاینی یارسان، مەبەستی کەلەپوری بەرزی ئاینی یارسانە، وەکو ئاینێکی دێرین و ڕەسەنی کوردی، کە لەسەر بنەماکانی ئاینی زەردەشتی ڕەنگریژ کراوە. بیری چاک، وتەی چاک، کرداری چاک. لێرە مامۆستا خۆی بە قەرزاربار دەزانی کە بە بۆچونی خۆی نەیتوانیوە زیاتر خزمەت بە مرۆڤ و نەتەوە و دنیا بکات، یان خزمەتکاری ڕاستەقینەی میللەتەکەی خۆی بێت، وەکو پەیامەکەی بارزانی نەمر، کە لای مامۆستا، جیا لە هەموو کوردێک ڕوانین و تێگەیشتنی خۆی هەبوو بۆ کەسایەتی و خەبات و دنیابینی ئەم سەرکردە نەمرە، چونکە مامۆستا وەکو پیرێکی گەورە و پیرۆزی یارسانیەکان لە ڕۆح و هزری بارزانی نەمری ڕوانیوە، هەمیشە خەبات و کۆششی کردوە، بەڕاستگۆیی بۆ ئەنجام گەیاندنی پەیامەکەی بارزانی نەمر و باپیرانی مامۆستا فەلەکەدین کە ئەوانیش پەیوەست بوون بە پەیمان بەستنی یاری (قەوڵدان) و ڕاستگۆ بوون لەگەڵ پەیمانەکان، لێرە مەبەست پەیمانی خزمەتکاریە بە کردەوە، بێ چاوەڕوانی ئافەرین و شتی مادی لەسەر زەوی.

ئەمانەش هەندێ لە وتەکانی مامۆستای نەمر فەلەکەدین کاکەیی کە لە زەمەنی جیا جیا فەرموویەتی، هەر یەکێ لەم وتانە شیکاری زۆر ورد و قووڵ هەڵدەگرن:

- ❖ هۆش و هزری زۆر خەڵکی لە تەم و مژی جەهل و نەزانین خنکاون، تەنها شتێک کە مرۆڤ پێویستە فەرامۆشی نەکات تێرامان و بێدارییە... بێداری ڕۆحی مرۆڤ بەرامبەر ڕۆحی گشتی گەردوون.
- ❖ ژیان گەشتێکە و مردن گەڕانەوەیە بۆ ماڵ .
- ❖ گەوهەری ئاینەکان، گەوهەرێکی پاک و جوان و ڕاستە، بۆ پەروەردەی مرۆڤ و ڕزگاربوونی لە خراپی و توندڕۆیی و شەڕ هاتوونە، هەروەها ئاین و بڕوا نائاسمانیەکانیش مرۆڤ بەرە و ڕزگاری ڕۆحی و ڕێزنان لە گشت مرۆڤانی سەر ئەرز و سروشت و گیانلەبەران هان دەدەن.
- ❖ مەلا مستەفا بارزانی نەمر لە هەڵبژاردنی ڕەنگی زەردا، پەندێکی قوڵی فەرهەنگی و مەعنەوی بۆ بەجێهێشتووین، ئاڵای زەردی

سەلاحەدین ئەیوبی هەر دەشەکێتەوە و مەلەفی جەنگی بەرخودانی سەلاحەدین هێشتا دانەخراوە.

- ❖ دەبێ لە بیرمان بێت، دوای بەستنی پەیمانی هاوسەریەتی ئێوە نابنە ئاغا و حاکمی یەکتری، تەنها دوو رۆحی دۆست، تەنها دوو بەندەی هاوسەفەر، هاوژیان و هاورێ دەمێنەوە.
- ❖ ریشەی ئەشق لە ئازادی، پاکی، راستی و متمانە دایە. ئەشق خۆی پیرۆزە، هونەرە لە پەیوەندیدا.
- ❖ بەراستی زۆربەی ئەو کەسانەی کە بە شێوازێکی تر دەژین بەهۆی پێنەزانین و نا سوپاسیەوەیە، کە لە هەژاریدا دەمێننەوە. بە شوێن شادی و بەختەوەری دا برۆ، وێنەکانی لە زەیندا بەجەستە بکە، کائینات لە زیندانیش بێت، دەرگات بۆ والا دەکات... هێزی تۆ لە بیرەکانتا شاراوەتەوە.
- ❖ هەرگیز بە کەس مەڵێ خراپ، گلەیي لە کەس مەکە، تۆ دەتوانیت ژیانت بگۆڕێت رێز و خۆشەویستی بۆ خۆت دابنێ.
- ❖ لە روانگەی عیرفانەوە، هەورەها لە روانگەی مافی مرۆڤ و جیهانبینی و جیهانگیرییەوە ، هەموو یەکین، واتە: ئەوەی لە جەزائیر دەیکات منم، ئەوەی لە فلیپین، فەلەستین، ئەمریکا، ئوستراليا، کەشمیر، کوردستان کە دەیکات هەر منم، لە هەر گۆشەیەکی دنیا دژی مرۆڤ شتێک ئەنجام بدرێت، مرۆڤەکانی دی لێي بەرپرسیارن. منم مرۆڤ، منم بەشەر، ئێمەین بەشەر ... هەموو یەکین.
- ❖ حەلاج: قوربانی جیهانبینی خۆیەتی، کە لە عیرفان و تەسەوف بەڕادەیەک گەیشت، کە خودای لە خۆیدا بینی، یانی ئەوە نا کە، ئەو بوو بە خودا، بەڵام ئەوەندە نزیک بۆوە وایزانی خۆیەتی.
- ❖ (مراقبه النفس): یانی تۆ خۆت چاودێری خۆت بکەی، شتی خراپ نەکەی، شتی خراپ نەڵێی، بیری خراپ نەکەی. تۆ بەر لەوەی پرسینەوە لە خەڵک بکەی، دەبێت لە خۆت بکە، تۆ خۆت چاک بکە، یەکەم جار لەگەڵ خۆت ڕاست بە، خۆت بناسە.

- ❖ من به نووسین دەژیم. تا نەنووسین نازانین چۆن بیردەکەینەوە. نووسین هونەر و زانست و بڵند خەیاڵییە، بەرزترین کرداری ئینسانە. وزەی بیرکردنەوە لە ڕامان و تێفکرین و داهێنان ڕەنگڕێژ دەکات. بیرکردنەوە و نووسین بەرزترین پرۆسەی وجودە، بیرکردنەوە دەتبەستێت بە گەردوونەوە، بە سەرچاوەی ئەسڵی گەردوونەوە، ئالێرەوەیە مەسەلەی مردن و نەمردن دەست پێدەکات.
- ❖ ڕاستگۆیي بێدارییە، ڕاستگۆیی باشترین پرۆسەی ژیانە. خۆی ئامانجی ژیانیشە بۆ مرۆڤی باڵا، ئەسلی کاریش (مەبەستیش) هۆشیاربونەوە و بێدارییە، بوودایي بوون، یانی بەئاگابوون، بێداربوونی هەمیشەیي یانی چاودێری ئەندیشە و نیازی دەرونییە.
- ❖ گەورەترین یارمەتی کە تۆ ئەنجامی دەدەیت بۆ کەسێک، ئەوەیە کە بتوانیت بێداری بکەیتەوە و خودی ڕاستەقینە و واقعي خۆی پێشان بدەی.
- ❖ بێ ترس ڕووبەڕووی ئایندە بەرەوە، ئەوەندە بە رابردوەوە بەند مەبە. ئاهەنگی ژیان بگێرە، چارەنوسی خۆت دیاری بکە. بە داخستی هەر دەرگایەک، دەرگایەکی تر دەکرێتەوە.
- ❖ دەڵێن ژیان قورسە: بەڵێ ژیان زەجر و ڕەنج و ئازارکێشانی تیایە، بەڵام لەزەتی ژیانی ڕاستەقینەش لەوێدا پەنهانە، ئەمانەش مرۆڤ فێردەکەن و گەوهەری ڕاستەقینەی خود دەردەخەن.
- ❖ پێکەنین نیعمەتێکی خوداییە، پێبکەنە بە ژیان و گرفتەکانی. پێکەنین پێویستە بۆ تەندروستیت تا سەلامەت بیت.
- ❖ ڕازای بە، شوکر بە، بەرێز بە، بە ئیرادە و پشوو درێژ بە، ئەمە یاساگەڵی قوڵی ژیانن، هاوکات سەرچاوەي بەختەوەریشە بۆ مرۆڤ.
- ❖ ئاگایي خۆت دروستی دەکەیت، ویژدان کۆمەڵگا بۆتی دروست دەکات. دەبێ ئاگادربیت دیوارێک دروست نەبێت لە نێوان ئاگایي و وێژدانت.

- ❖ هەموو کاتێک ئێمە سەرپشکین کە دەتوانین هەڵبژێرن و بڕیار بدەین، کە چۆن بیر بکەینەوە و چ کارێک ئەنجام بدەین. خوداوەند ئیرادەی ئازادی بەخشیوە پێمان، هیچ کەس ناتوانێت ئەو ئازادییەمان لێ داگیربکات. ئێمە هەمیشە لە حاڵەتی هەڵبژاردن داین، ئامانجت هەبێت لە هەڵبژاردن، راستگۆبە لەگەڵ خۆت.
- ❖ ژیان ئەم چرکەساتەیە کە تۆ تیایدایت... چرکەساتەکەش ئەوەیە کە تۆ هەر ئێستاکە لێرەیت... ئەوەش هەر زەمان و هەر شوێنێک دەگرێتەوە. چێژوەرگرتن لە ژیان لەوەدایە تۆ تایبەتمەندی ئەوەت هەبێت هەست بکەیت و دەرک بکەیت و ئاگارداری ئەم چرکەساتە بیت... لە گەوهەردا ئێستا ئەبەدییە، چرکەساتێکی بەردەوامی هەتاهەتایە.

سەرجەم نوسینەکانی رەوانشاد فەلەکەدین کاکەیي لە پێناو مرۆڤدا بوون، بۆ ژیان و رۆح دەینوسی، هۆشیارکردنەوەی دەوروبەری خۆی بە ئەرکێکی پیرۆزی دەزانی، ئازادانە لە سەرچاوەي ویژدانێکی مەزنەوە دەینووسی، لە ئەزمونێکی دەوڵەمەندی هزری و رۆحی کانی ئاسا، ئایدیاکانی لە روونترین ئاسۆوە پێشکەش دەکرد، خەونی بوو جیهان و کوردستان و دڵەکان هەمیشە رووناک بن. ئەوەی مەبەستی بوو بەسادەیي دەیگەیاند.

لە ساڵی 1985 مامۆستا فەلەکەدین لە پرێکدا پەست و بێزار دەبێت، لە وشەی ئۆتۆنۆمی راستەقینە؟! ئەوسا بەرپرسی گشتی راگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان بوو لە خنێرە، خۆی بەخۆی دەڵێت: یانی چی ئەم هەموو قوربانیدانە بۆ ئۆتۆنۆمی؟ پاش بیرکردنەوەو پێداچوونەوەی قووڵ دەگات بەو باوەڕەی کە باشترە کورد داوای شتێکی زیاتر بکەین. دوای ئەوە لە کۆبوونەوەی مەکتەبی سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی دەیچەسپێنێ کە مەسەلەی کورد لە عێراق لە سەر بنچینەی فیدرالیزم چارەسەر دەبێت. رەوانشاد ئیدریس بارزانی یەکەمین کەس بووە، کە بێ مەرج پشتیوانی لێکردووە. لە دوا گونگرەی پارتی دیموکراتی کوردستان، دیسان هەڵویست و دەنگی مامۆستا فەلەکەدین بنەڕەتی و کاریگەر بوو بۆ گۆڕینی ئامانجی پارتی دیموکراتی کوردستان، لە فیدرالییەوە بۆ سەربەخۆیی کوردستان.

- راستگۆيي و راستكرداری تەنها بە قسە نابێ، بەڵكو دڵسۆزی، وردبینی، دەستپاكی، كارامەيي و جدەیەت و پەروەردە و بەدواداچونی بێوچانی دەوێت، ئەخلاق (رەوش، رەفتار) راستگۆیە.
- كەسانێک هەن بە (دیوار) راهاتوون، بەبێ دیوار هەڵناكەن، ناتوانن ببینن كە دیوارەكان رووخاون، بیر و هۆش و هەستیان بە دیوار چنراوە، ئاشقی دیوارن... ناشهێڵن كەس لە دیوارەكە بپەڕێتەوە، ئەم ئاشقە دیوارانە، دەبن بە دیوار، رێگە لە خەڵكی دیكە دەگرن، جا دەبێ ئەم دیوارانەش برمێردرێن. من لە مێژە كەوتومەتە ئەو دیوی دیوارەكان، لەم ئاشقە دیوارانە بێزارم.
- مافی مرۆڤ، مافی منداڵ، مافی دایک، مافی ئازادی دەربڕین و گشت ئازادییەكان... ئێستا ئەگەر نەوەی نوێ، بە پێی پێوەری مافی مرۆڤ و مافەكانی تر، ئێمەی نەوەی كۆن بدەنە دادگا... كەسمان بەبێ سزا دەرناچین، چونكە ئێمە بەتەواوی ڕێزمان لە هیچ یەک لەو مافانە نەگرتووە، مەگەر نەوەی نوێ، بە مەزنییەتی خۆی بمانبەخشێت.
- فەلسەفەی سەوزەخۆری _ بە گیا خۆری vegetarian پەیامێكی جیهانییە بۆ پاراستنی هەسارەی زەوی و ژیان و گیانلەبەرانی. لە خۆتەوە دەست پێدەكات.
- مۆسیقا سروەی پەروەردگارە، سروەی ئاهەنگی وجودە، مۆسیقا شادی بەخشە، لە ستەمی رۆژگار دوورت دەخاتەوە، ڕزگاری بەخشی رۆح بووە لە نەزانین و زۆرداری لەش و كۆمەڵگا. من لە مۆسیقای كوردەواریدا شەیدای تەمیرە (تەمبورە)ی كرماشانیم.

- له دەشتايي ئەم هيچستانەدا، كۆتايي به ژيانی ئینسانگەڵ دێت و چراکەيان دەكوژێتەوە. تۆ هەوڵ بدە هەمیشه چراکەت هەڵكراو بمێنێت، دەوروبەرت ڕۆشن بكاتەوە، پەنا بۆ هیچ كەسی تر مەبە.
- بەندە بەوە گەیشتم، ئێمەی كوردی داماوی به جێماوی دنیا، دەبێت پەیامێكمان هەبێت بۆ جیهان. كورد دەبێت بەوە بگات، به عەقڵ و هۆش و بڕوا و بڕیارەوە بڵێ: دەبێت پێش میللەتانی تری ناوچەكه بكەوم، به ئازادكردنی ئیرادەی گەنجان. بەڵێ كارێكی كردە نییه، با سڵی لێ نەكەینەوە.
- كوردستان ئاوەدانه به هێما و سومبولی گەشی مێژوویی ڕووناكه، پیرشالیار (سیمسار) نیشانەیەكی بڵندە كه هێشتا بەرامبەر به ستەمی دوژمنان و گەرداوی زەمانه خۆی ڕاگرتووە و نایەویت بفەوتێت.

ژياننامەی نووسەر و ڕۆشنبیری كورد فەلەكەدین كاكەیی

فەلەكەدین كاكەیی ساڵی 1943 له گوندێكی هەژارنشینی باكوری كەركوك لەدایك بووە بەناوی (ئەلبوگەسە)ە، (ئەو گوندە تەعریبكرا و پاشان وێرانكرا). خێزانەكەیان له دایك و باوك و شەش خوشك و سێ برا پێكهاتبوون، كه مامۆستا فەلەكەدین منالی دووەم دەبێ له ناویان، كوڕی گەورەی خانەوادەكەیە. باوكی فەلەكەدین پیرێكی ناودار و خوێنەوار و زانایەكی ناسراوی یارسانە، سەر به خانەوادەي پیری مستەفاییەكانه. لەبەر بێكاری و هەژاری دوای دوو ساڵ خێزانەكەیان دەگوازنەوە بۆ گوندی عەلی سەرای سەر به ناحیەی داقوق ( باشوری كەركوك)، پاشان دیسان له شەستەكان دەگوازنەوە و جێگیر دەبن، له گوندی تۆبزاوەی باشوری كەركوك (كه بەر له 101 ساڵ دامەزراوە).

فەلەکەدین کاکەیی لە لای باوکی لەماڵەوە فێری خوێندن و نووسین دەبێ و هەر باوکی یەکەم بەردی بناغەی پەروەردەو و نووسین و بنەماکانی جیهانبینی لە مێشکیدا ڕەنگڕێژدەکات. کە یەکەمین جار دەچێتە قوتابخانە بە تەمەن و هۆشیاری و ئاستی زانین و نووسین، تەواو جیاواز دەبێ لە مناڵەکانی تری گوندەکەیان، بۆیە دووای تاقیکردنەوەو هەڵسەنگاندن لە پۆلی چوارەمی سەرەتایی دادەنرێت و تا پۆلی شەشەم لە گوندەکەیان دەخوێنێ و پاشان دەچێتە تاوغ بۆ خوێندنی قۆناغی ناوەندی و خوێندنی ئامادەییش لە کەرکوک تەواو دەکات. لە تەمەنی مناڵیەوە بە شەوقەوە هەر کتێب و گۆڤارێکی دەست بکەوتایە دەیخوێندەوە، هاوکات بە هۆکاری نووسینەوە و لەبەر نووسینی بەردەوامی دەفتەر و تێکستە پیرۆزەکانی یارسان لە بەردەستی باوکی، هەر لە تەمەني منداڵیدا زانینی دەربارەی ڕیسا و یاسای نووسن گەشە دەکات و خەتی لە نووسین زۆر خۆش دەبێت. لە سێزدە چواردە ساڵییەوە حەز لە دانانی شیعری شێوە کلاسیکی کوردی دەکات، پاشان ڕوودەکاتە ڕۆژنامەگەری و چیرۆکنووسی. بەپێی بەڵگەنامەکان هەمان سەردەم کۆمەڵێک شیعری داناوە و پاشان فەوتاوە، زیاتر حەزی لە چیرۆک و ڕۆمان دەکات، بەردەوامی بە نووسین دەدات و پاشان ڕۆمانی (بطاقه یانصیب) بە زمانی عەرەبی بڵاو دەکاتەوە. لە ڕاستیدا خۆی خوێنەر و ڕۆماناسێکی بێ وێنە بوو، تا دوا ساتەکانی ژیانی بەردەوام شاکاری نووسەرە ناودارەکانی دنیای دەخوێندەوە، قەڵەمێکی بەتوانا بوو لە ڕۆمان نووسینیشدا، بەڵام خۆی دەیووت:

نووسەری ڕۆمان دەبێ کاتی هەبێ و مێشکی تەنها تەرخان بکات بۆ نووسین و داببڕێ لە جەنجاڵی و کاری ڕۆژانە. هاوکات خۆی بە سروشت ترسێکی تەندروستی هەبوو لە نووسین و ڕەخنەگرێکی سەرسەخت بوو بەرامبەر بە نووسین و قەڵەمەکەی خۆی.

فەلەکەدین کاکەیی لە ساڵی 1962 یەکەمین چیرۆکی کوردی دەنووسێ و لە ڕۆژنامە بڵاودەبێتەوە، وەکو نۆبەرەی نووسینی ئەژمارد دەکرێ. لە ساڵی 1964 تا ساڵی 1974 زیاتر سەرقاڵی ڕۆژنامەگەری بووە، ڕۆژانە یا هەفتانە چەند جار وتاری ئەدەبی و کۆمەڵایەتی و سیاسی لە ڕۆژنامەی

(التاخی) نووسیوه. له 1974 تا ساڵی 1994 گیرۆدەی نووسین و بەڕێوەبردنی ڕادیۆی دەنگی کوردستان بووه به زمانی کوردی و عەرەبی.

له ژیانی خێزانداریدا باوکی پێنج مناڵی جوانه بوو، که هەمیشه میهرەبان و برادەرانه لەگەڵیان دەژیا و خۆشی دەویستن، ئەمرۆش گەورەترین سەرمایەی ژیانیان خۆشەویستی ئەو مرۆڤه گەورەیه.

کتێبه چاپکراوەکانی مامۆستا فەلەکەددین کاکەیی:

1. کورتەیەک له مێژووی شانۆی کوردی (به زمانی عەرەبی) 1984.
2. دەربارەی خوێندن و فێربون له کوردستانی عیراق 1985 .
3. کۆمەلێک پەخشان به عەرەبی، له ساڵی 1984 له ئەورووپا چاپ بووه.
4. نەتەوەیەکی بێ ڕۆژنامەی ڕۆژانه، 1989 به بۆنەی 90 مین ساڵڕۆژی دەرچوونی یەکەم ڕۆژنامەی کوردستان له قاهیره.
5. قەزافی دۆزی کورد، 1989 دەربارەی پشتگیری سەرۆکی لیبیا موعەمەر قەزافی له دۆزی کورد له ساڵی 1979 ەوه دەستی پێکردوه تا بەئەمرۆ دەگا.
6. چەند کتێبی سیاسی سەبارەت به کاروباری بەرەی سیاسی کوردستان و عیراق و پێشکەوتنی بیری سیاسی له نێو ئۆپۆزسیۆندا.
7. وەرگێرانی ڕۆمانێکی کورتی میخاییل شۆلۆخۆف. نوسەری ناسراوی سۆڤیەت که خەلاتی نۆبلی وەرگرت لەبەر ڕۆمانی (دۆنی ئارام) ئەم بەرهەمه له زمانی فارسییەوه وەرگێڕاوەتەوه سەر زامانی کوردی، ساڵی 1984 له چیا چاپکراوه، ساڵی 2007 له هەولێر دووباره چاپکرایەوه.
8. کتێبی فەلەکەددین کاکەیي. بەرەنگی خۆي و دوور له سیاسەت، که شێرزاد عبدولرەحمان کۆمەلێک دیداری رۆژنامەگەری (ئەدەبی) کۆکردیتەوه کتێبەکەی له ساڵی ٢٠٠٥ دەرهێناوه.
9. ویژدان و ئازادی، بەشی یەکەم .2007.
10. ویژدان و ئازادی، بەشی دووەم 2007..

11. چاپی دووەمی (دەفتەری خاک) کەکۆمەلێک لێکۆڵینەوەی ئەدەبیە دەربارەی ئەحمەدی خانی و مەلای جەزیری و هەژار و چەند بابەتی دیکە.
12. رۆمانی (بطاقه یانصیب) بە زمانی عەرەبی، چاپی دووەم 2008 ، ئەم رۆمانە یەکەم جار لە ساڵی 1967 لە بەغدا چاپ و بڵاوبوتەوە، لە ساڵی 2008 بەپێشەکی لێکۆڵینەوەی ئەدەبیەوە بۆ جاری دووەم لە هەولێر چاپکرایەوە. لێکۆڵینەوەکە بە کورتی دەربارەی ئەو نوسەر کوردانەیە کە رۆمان و چیرۆک و شعر بە زمانی عەرەبی یان فارسی یان تورکی بە ناچاری نوسیانە، وەکو نوسەری مەزن (یەشار کمال).
13. قەزافی و دۆزی کورد، چاپی یەکەم1989، چاپی دووەم1991، چاپی سێیەم 2008، لەگەڵ پێشەکی تازە چەند وتاری دیکە.
14. پێشەکی بۆ کتێبی (عەلەوییەکان) بە زمانی عەرەبی لە نوسینی (ابراهیم داقوقی) نووسیەوە لە هەولێر چاپ و بڵاوبۆوە.
15. پێشەکی بۆ کتێبی تێکستی ژنان لە دەفتەرەکانی یارساندا بە زمانی کوردی لە نووسینی (نامق هەورامی) نووسیوە، لە سلێمانی لەچاپخانەی کەمال، بڵاوبۆتەوە 2011 .
16. کتێبی (موطن النور) واتە (نشتیمانی ڕووناهی) بابەتەکانی ئەم کتێبە ئەدەب و کولتورە، سەرجەمیان لە ماوەی ساڵی 1971 دا لە شاری بەغدا، ڕۆژانە لە ڕۆژنامە بڵاوبۆتەوە .
17. پێشەکی بۆ کتێبی بابا تاهیری هەمەدانی و چوارینەکانی بە زمانی کوردی لە نووسینی (هیاس محمود کاکەیی) نووسیوە، لە هەولێر لەچاپخانەی شەهاب، بڵاوبۆتەوە. 2010
18. چۆن فێری ڕقت دەکەن، نووسینی میکائیل شۆلۆخۆف. وەرگێڕانی فەلەکەدین کاکەیی، چاپی دووەم 2007. هەولێر، دەزگای ئاراس.
19. بێداری، چاپی یەکەمەم 2007. هەولێر، دەزگای ئاراس، هەولێر
20. احتفالا بالوجود، الطبعه الاولی. 2010. دارئاراس للطباعه والنشر، اربیل.

21. البيت الزجاجي للشرق اللآوسط ، الطبعه الاولى. 2010. دار ئاراس للطباعه والنشر ، اربيل.
22. حلاجيات. 2010. دار ئاراس للطباعه والنشر ، اربيل.
23. لحظه الحكمه، الكتاب السادس. الطبعه الاولى. 2011 . مطبعه روكسانا. اربيل. ئەو کتێبە لەلایەن شێرزاد هەینی بەناوی چرکەساتی هۆشمەندی کراوە بە کوردی و لە ساڵی ٢٠١٤ چاپکراوە.
24. Ronahiya Zerdesti، ThE Enlightenment of Zardashti. 2009. Capxane Gun Matbaacilik. ISTANBUL
25. ڕوناهی زەردەشت، کۆمەڵە گوتارێکی سیاسی و کولتووری و زەردەشتی و عیرفانییە، چاپی دووەم 2011. چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر.
26. ئاگایی، کتێبی چوارەم، چاپی یەکەم 2011. چاپخانەی ڕۆکسانا، هەولێر.
27. دەفتەری کاف، لێرامان لە جیهانبینیی عیرفانییانەی ئەدەبی چەند بیرمەندێک. چاپی دووەم 2013. چاپخانەی ڕۆکسانا ، هەولێر.

مامۆستا فەلەکەدین لە ڕووی سیاسییەوە چەندان ئەرک و بەرپرسیاری حزبی و مەدەنی پێ سپێردراوە لەمانە:

- لە ساڵی 1957 لە ڕیزی یەکێتی قوتابیانی کوردستان بووە، لە ساڵی 1959 لە یەکێتی لاوانی کوردستان بووە.
- 1965 چووە ڕیزی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- 1967 لە (التاخی) ئۆرگانی ڕاگەیاندنی پ.د.ک و بزاڤی کورد نووسیویەتی.
- 1974 لە چیا بووە بە بەڕێوەبەری ڕاگەیاندنی شۆڕش.
- 1979 بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پ.د.ک ئینجا یەکسەر بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی پارتی دیموکراتی کوردستان.
- 1991 ئەندامی لیژنەی ئامادەيي پ.د.ک بۆ هەڵبژاردنی یەکەمین پەرلەمانی کوردستان.

- 1992 بووە بە ئەندامی یەکەمین خولی پەڕلەمان تا 2005 پەڕلەمانتار بووە.
- 1996 وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەریمی کوردستان و ئەندامی پەڕلەمان بووە تا 2000 لە سەر داوای خۆی لە وەزارەتی ڕۆشنبیری دەستی لە کارکیشاوەتەوە.
- دووبارە لە ساڵی 2006 جارێکی تر بووە بە وەزیری ڕۆشنبیری حکومەتی هەرێمی کوردستان تا 2011.
- لە ماوەی ساڵانی 1972 تا هاوینی 2013 چەندین پۆست و ئەرکی سیاسی و جەماوەری و پیشەیی و سەندیکایی پێ سپێردراوە.

**نووسین و ئامادەکردنی**
**زریان کاکەیی**
**خانزاد. باشووری کوردستان**
20.10. 2014 زاینی
28 ڕەزبەر، 2714 کوردی

**پێشەکی بەرگی یەکەمی حەلاجیات**

**فەلەکەدین کاکەیی**

زاراوەی (حەلاجیات)م لەناوی حەلاجی شەهیدەوە هەڵبژاردووە، حەلاجی عارف و سۆفی ناودار (٨٥٧ _ ٩٢٢)ی زاینی، دەڵێن ئەو لە نیشاپووری

خوڕاسان لەدایکبووە، ئەو شارەی ماوەیەکی کەم لەپاش حەلاج، عومەری خەیامی تێدا لەدایکبووە و لەوێ ژیاوە.
حەلاج بەناوی پیشەی باوکی ناسراوە، کە پەمۆی پەڕە کردووە، پەڕەچی بووە، لەسەر دەستی پیاوانی دەسەڵات، لەسەر نارەزایی باج وەرگرتن کوژراوە.
بنەماڵەکەی حەلاج لە ئێرانەوە بار دەکەن بۆ عیراق، لە خۆرهەڵاتی باشووری بەسرا دەگیرسێنەوە، لەوێ لە حوجرەکان، دەرس دەخوێنێت و زمانی عەرەبی فێردەبێت، وەک لە شیعرە ویژدانییەکانی کە سیمای سۆفیزمیان پێوەیە، دیارە زمانی عەرەبی زۆر باش فێر بووە. ئەو بەوە دەناسرێت، کە بەیەکجاری روو لە تەسەوف دەکات و روو لە نووسینی شیعری ئاگرینی دەکات.
حەلاج لەودەمانە ژیاوە، کە بزاڤی زنجییەکان لە دەڤەرەکە بڵاودەبێتەوە، ئەو بزاڤە شۆڕشگێرییەی دژایەتی خەلافەتی عەباسییەکانی کردووە.
لە ناوەندی عیراقیش، حەلاج پەیوەندی بە عەلەوییەکان و بزاڤی قەرامیتییەکان دەکات، ئەوانەی وەک رووێکی تری زنجییەکان دەناسرێت، کە هەردوو بزاڤەکەش بۆ خەبات و نارەزایی دەربڕین لە خەلافەت یەکدەگرنەوە، لەودەمانە حەلاج لە بەغدا بووە، پیاوەکانی خەلیفەی عەباسی بەتۆمەتی پشتیوانی قەرامیتییەکان دەیگرن، دیارە تۆمەتەکەش گەورە و ترسناک دەبێت، دەڵێن ئەویش پەیوەندی پتەوی بە سەرکردەکانی زنج و قەرامیتییەکان هەبووە.
پەیام و شیعر و هەڵوێستەکانی حەلاج، بە چەندین زاراوە و قسە و ئاخاوتن، نیشانەی کوفر و زەندەقەیان لێ هاتووە، ئەوەش دەبێتە بیانووێک تا بە کوفر تاوانباری بکەن و لە سێدارەی دەدەن، لە داری دەدەن و ئەندامەکانی جەستەی پارچە پارچە دەکەن، بەوەش ناوەستن لە دارەکە دایدەگرن، سەری دەبڕن و جەستەکەی دەسوتێنن، خۆڵەمێشەکەی لە بەغدا فڕێ دەدەنە ناو رووباری دجلە.
حامیدی وەزیری عەباسییەکان و پیاوەکانی، تۆمەتێکی بۆ هەڵدەبەستن و تاوانی فسق و بەدرەوشتی دەخەنەپاڵ، ئەویش تۆمەتەکان رەتدەکاتەوە، ئینجا بە تاوانی داواکردنی خودایی دەیگرن، بەو تاوانەش دەربازی دەبێت و

بۆیان دەسەلمێنێت، کە وتوومە (ئەنا ئەلحەق) مەبەستم داواکردنی خودایی نەبووە، زۆربەی خەڵکەکە، وادەزانن ئەو بەو تۆمەتە لەسێدارە دراوە، بەڵام لەوەشیان لەبەردەم قازی و هەیئەکانی عەباسییەکان دەربازی دەبێت، تا گەورە قازییەکانی خەلیفەی عەباسی، تاوانباری دەکات، بەوەی لەناو دەفتەر و پەڕاوە زۆرەکانی، لاپەڕەیەکی دۆزیوەتەوە و بەوەش تاوانباریان کردووە، گوایە ئەو نووسیویەتی:

ئەوەی حەزی بە چوونە حەج هەیە و پارە و سامانی نییە، ناتوانێت حەج بکات، دەتوانی ئەو حەجە لە ماڵەکەی خۆی بکات، شوێنێکی ماڵەکەی پاک بکاتەوە، میحرابێکی وەک کەعبەی تێدا ساز بکات، شوێنەکە بشوات و نوێژی تێدا بکات، شوێنێک وەک بەردە رەشەکە دەستنیشان بکات و لەدەورەی بسوڕێتەوە، وەک چۆن حاجییەکان لە مەکە دەیکەن، ئەویش لەناو ماڵەکەی خۆی کار و فەرزەکان جێبەجێ بکات، ئینجا سی هەتیو رابگرێت، باش میوانداریان بکات و تێر نان و خزمەتیان بکات، دەستیان بشوات و پۆشتەیان بکات و حەوت درهەمیشیان وەک دەستگرتن و یارمەتی بداتێ.

هەر چەند حەلاج نکوڵی لە بۆچوونەکە دەکات و دەڵێت: من مەبەستم رووخاندنی کەعبە نییە. بەڵام قازی ئەبو عومەر بڕوای پێ ناکات و پێی دەڵێت: ئەو قسانەت لەکوێ هێناوە، لەکام سەرچاوەت خوێندیتەوە، ئەویش لە وەڵامی قازییەکەدا دەڵێت:

من ئەوانەم لە کتێبی ئەلئیخلاسی حەسەنی ئەلبەسری خوێندیتەوە، بەڵام دووبارە قازییەکە ئینکار دەکات و پێی دەڵێت: ئەو کتێبە بوونی نییە، بەڵام حەلاج بەتوندی و شێلگیرانە جەخت لەسەر بوونی سەرچاوەکە دەکات، بۆیە قازییەکە لە حەلاج تووڕە دەبێت و هاوار دەکات و دەڵێت:

ئەی ئەوەی خوێنت حەڵاڵە!

ئەو قسەیەش، ئاماژەیەک دەبێت، کە حەلاج تاوانبارە و وەزیرەکەی عەباسییەکان حامید، زۆری لە قازییەکە دەکات ئەو رستەیە لە داوای حوکمەکەی بنووسێت، (ئەگەرچی دوودڵیش دەبێت) خوێنی برژێت، دەڵێن بەو جۆرە حوکمەکەی لەسەر دەچەسپێنن.

زاناکان ئیسلام لەسەر بۆچوونەکانی حەلاج، لەسەر حەج رازی نەبوون (ئەگەر بۆچوونەکانی راست و گونجاویش بن)، بەڵام کۆششکردن بۆ

دانپێدانانەکە، مەبەستیان بوو بیانووێک بۆ کوشتنەکەی بدۆزنەوە. قازییەکە، داوای لە کەس نەکرد، خۆشی بەدوای کتێبەکەی ئەلئیخلاسدا نەگەڕاوە تا لە بوونی دڵنیابن، بەڵکو لەکاتی هەڵچوون و تووڕەیی وشەی ئەی ئەوەی خوێنت حەڵالەی لەدەم دەردەچێت.

لەو کاتەی حەلاج لەسێدارە دەدرێت، تا ئێستاش ژیانی ئەو، وەک لوغزێک ماوەتەوە، هزر و بۆچوونەکانیشی جێگای رامان و دانوستانە، ئەگەرچی هەزار ساڵیش بەسەر کوشتنەکەی گوزەری کردووە.

## حەلاج کەسێکی شۆڕشگێر بوو

هۆکاری سەرەکی لەناوبردنی حەلاج، ئاینی یان مەزهەبی نەبووە، تاریکی و زەندەقەش نەبووە، بەڵکو هۆکارەکە کۆمەڵایەتی سیاسی بووە، چونکە حەلاج هاوخەمی هەژار و داماوەکان بووە، بەرگری لە مەزلوومەکان کردووە، لەگەڵ سەرکردە ناودار و ترسناکەکانی هەردوو بزاڤە کۆمەڵایەتییە شۆڕشگێرییەکەی زنج و قەرامیتەکان، کۆبونەوەی کردووە. حەلاج بۆچوونە سیاسییەکانی نەشاردوتەوە، دەڵێن ئەو یەکەم گردبوونەوەی برسی و هەژارەکانی لە شەقامەکانی بەغدا ساز و ئامادە و سەرپەرشتی کردووە. کە خەڵکێکی زۆر لەو کۆدەبنەوە و هەوادارەکانی زۆر دەبن، مەترسی دەکەوێتە ناو دیوانی خەلافەتی عەباسی، بۆیە پیاوانی دەزگاکانی حکومەت، حەلاج دەستگیر دەکەن. بەڵام ئەو لەناو زیندانا پەیوەندی بە هاوڕێ و دڵسۆزەکانی دەکات و کەرامەت و پێشبینییەکانیشی زۆر بڵاودەبێتەوە، ئینجا سێ رۆژ لەسەریەک لەبەر چاوی خەڵک ئازار و ئەشکەنجەی دەدەن، دووبارە دەیبەنەوە زیندان و بەناو دادگاییەکی بۆ ساز دەکەن. ئەو لە رۆژی ٢٦ی مارسی ساڵی ٩٢٢ی زاینی شەهید دەکرێت.

توێژینەوە و لێکۆڵینەوەکان ئەوە دەسەلمێنن، کە قازییەکە بڕیاری لەسێدارەدانەکەی لەدڵەوە نەبووە و بڕواشی پێ نەبووە، بەڵام لەبن هەڕەشەی توندی وەزیرەکەی عەباسییەکان و دارودەستەکەی، ئەوەی دەکرووە.

پاش لەسێدارەدانی حەلاج، پەیمان و گفت لە کاغەزفرۆشەکانی بەغدا وەردەگرن، کتێب و کاغەزەکانی حەلاج، نەک هەڵنەگرن، بەڵکو بیانفەوتێنن و دووبارە نەینووسنەوە، ئەو جۆرە سانسۆرە ماوەی دوو سەدە بەردەوام دەبێت، ئینجا پاش ئەو ماوەیە، دووبارە ژیان دەکرێتەوە بەر نووسینەکانی حەلاج، هاوبیرەکانی جورئەت دەکەن، بەرگری لێ بکەن، وەک کەسێکی بەستەزمانی بێتاوانی شەهید، ناوی بەرن و هزر و بۆچوونەکانیشی بڵاودەکەنەوە.

زانای عیراقی کامیل مستەفا ئەلشیبی دەڵێت: پاش تێپەڕبوونی یەک سەدە، ئەبو ئەلعەلا ئەلمەعەری و ئەلهجوری، ئاشکرا دەکەن کە تیمێکی سۆفی لە بەغدا بەناوی شیعەی حەلاج پەیدا دەبن، بڕوا دەکەن بەشە ئیلاهییەکانی ئەو، لەناو شەپۆلی ئاوی دجلە وەک مەهدی و رزگارکەرێک دەردەکەوێت و ئەلشیبی نووسیویەتی:

گەورەترین کەسایەتی دەروازەی بۆ بەرگریکردن لە حەلاج کردبێتەوە شێخ عەبدولقادری گەیلانی (١٠٧٧_ ١١٦٦)ی زاینی بووە، قسەیەکی ناوداری ئەو هەیە وتوویەتی: حەلاج لە زەمانی خۆی شتێک دەدۆزێتەوە، بەڵام زەمانەکە شیاوی نەبوو سوودی لێ وەربگیردرێت، ئەگەر لە زەمانی من بوایە من دەستم دەگرت.

من چۆن بوومە باوەڕداری حەلاج؟

بەپێی توێژینەوەکانی کامل مستەفا ئەلشیبی، لە چەندین لاپەڕە ئاماژەی بەوە کردووە (حەلاجییێکی نوێ پەیدا بووە) یان (حەلاج هاوڕێیەکی نوێی دەبێت) و دەستەواژەی حەلاجییەکانی بەکارهێناوە، هەروەها بازنەی بایەخدان بە هزر و مەزهەب و ئەدەب و کارەساتەکەی حەلاج گەورە و فراوان بووە، لەگەڵ زەمەنیش گەورەتریش دەبێت.

بەڵام نهێنی مان و بوژانەوەی یادی حەلاج بەزیندوویی لە مێژوودا، سەرنج و سۆزی سۆفی و شاعیرەکانی، ئاسان نییە بزاندرێت.

یەکێک لە توێژینەوەکان ڕەنگە ئەوە بێت حەلاج کەسێک بووە بۆتە هێما و سومبلی قوربانیدان، کولتوورەکەی بەدرێژایی مێژوو، دەبێتە چرا و گڕ و بەردەستی خەڵکە ستەملێکراوەکان، دژایەتی ستەمی هزر و بڕوایان پێ کردووە، هێشتا لەناو کۆمەڵگە خۆرهەڵاتییەکەمان، خەڵکەکە لەبن جەور و ستەمی عەقڵی تاریکی داخراو، لەسەر حیسانی ئاوەزی زانستی و فەلسەفی دەچەوسێندرێنەوە و ستەمیان دەرحەق دەکرێت. هێشتا فەلسەفە، بوارێکی حەرامە و ناکرێ لێی نزیک ببیتەوە. حەلاج دەبێتە نیشانە و ڕەمزی هەڵچوون و شۆڕشی هزریی بەرووی بتپەرستی نوێ، کە بە دەستی هەندێ لە توێژەران پۆشاکی ئاینی لەبەر دەپۆشن، بۆیە حەلاج دەنگی و پەیامی هزرە نوێیە ئازادەکەیە و شەیدای حەقیقەتە، لەناو پاشماوەکانی درۆ و خورافیاتدا، خەڵکەکە هەڵدەخەڵەتێنن. بۆیەش هێشتا زانستی کۆمەڵناسی گومانیان لە ڕەوشی کۆمەڵگە خۆرهەڵاتییەکان هەیە، چونکە زانستێکە هزر ئازاد دەکات و هۆکارەکانی زۆرداری و داماویی و خورافیاتە کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیرییە دەمامکدارەکان، بە عەبای هزرە ئاینییە پیرۆزەکان ڕیسوا دەکات.

هێشتا زەبر و زۆردارییەکانی وەک قازی ئەبو عومەر، ئەوەی حەلاجی حوکمدا، ئەو و وەزیرە عەباسییەکە و جەلادەکان، بوونەتە دەستی زۆرداری ڕەش بەسەر خەڵکەکە.

بەوەشیان، وا خەریکە، بتوانم هۆکارەکانی هەڵچوونم بەرەو قوتابخانەی حەلاج لە ساڵی ١٩٦٧ی زاینییەوە شرۆڤە بکەم. لە سەردەمێکی دژواری ژیانم، وشە و هزر و ژیانی حەلاج دەبێتە ڕزگارکەرێکی هزری و ڕۆحی بۆ من.

ئێمە، نەوەیەک لە شێستەکانا، لەناو گێژاوێکی ڤالا و ترسناکی ئایدلۆژیا و بینینە فەلسەفییە کۆنەکانی داڕماودا، زۆر نیگەران خولمان دەخواردەوە.

من نزیکەی دوو ساڵ سەرگەردان بووم، لە ناخ و ویژدانمەوە هەستم دەکرد من شتێکم دەوێت، بەڵام نەمدەزانی چیم دەوێت. هەستم دەکرد تینووی شتێکم، هزرێک، ڕەوتێک، شێوازێکی نوێ بیرکردنەوە بتوانێت بەرگەی ڤالایی و وەحشەتی ڕۆحییم بگرێتەوە. کتێبە مارکسی و وجودییەکانمان، لەگەڵ کتێبە کلتوورییە ئیسلامییەکان و کلتووری کوردی دەخوێندەوە، ئەوەی

له هزرم نزیک دەبوو بۆ خوێندنەوەیان دەستم بۆیان درێژ دەکرد، هەتا رۆمانە وەرگێڕدراوەکان و گۆڤارە کۆنەکانیش.
سەردانی درویش و سۆفییەکانم دەکرد، تێدا رووناهییەکم لە زانیاری و هۆشمەندی لێ دەدیتن، ئەگەرچی نەخوێندەواریش بوون. لەگەڵ نەخوێندەوارەکەیان ئارامییم لە دانوستان و هەڤپەیڤینەکانیان وەردەگرت، هەتسم دەکرد ئاسۆیان گەشە و هۆشمەندیان لە خوێندەوارەکان کەمتر نییە.
من رەفزی خۆم دەکرد و خۆم بە خراپترین نمونە دەهاتە بەرچاو.
لە هەموو ئاین و مەزهەب و نەتەوە، لە ئایدلۆژیای سیاسی ناکۆکیش برادەرم لێ کۆدەبونەوە، بەیەکەوە ریزی فرەهزرییەکەمان دەگرت و هەمووشمان بەنهێنی دەکرد. دیمانەکانم فرەرەنگ و فرەرامان بوو، ئەگەرچی حزبەکانمان لەسەر زۆر بەرنامە، ناکۆک و هەڤرِک و دژی یەکتریش بوون.
بەبێ بوونی نەخشە و ژووانیش، ئەو دەستە برادەرە دیمانەی بەردەوامان دەبوو، هاورێیەکمان هەبوو، شەیدای کیژێکی قەرەج بوو، تا رادەی شێتبوون خۆشیدەویست، لەناو چایخانە بچوکەکە، کیژەکە دەهاتەلای و سەری لێدەدا. ئەگەرچی من خۆرِسک حەزم بە خواردنەوە و مەستی و ئاهەنگ و بەزمەکانی شەوان نەبوو، فێرببوم بەشدارییم دەکردن. بەڵام زوو دەستبەرداری ئەو بەزمە بووم و وازم هێنا، رۆژانە دەچوومە کتێبخانە گشتییەکەی کەرکوک، کتێبی جۆراوجۆرم وەردەگرت، هەموو ناونیشان و بابەتەکانم وەردەگرت، زانستە سروشتییەکان و کۆمەڵناسی و تەسەوف و شیعر و ئەدەب، بەگشتی هەموو ئەو کتێبانەم دەخوێندەوە... دەمخوێندەوە، تا رۆژێکیان چاوم کەوتە سەر کتێبێکی کورتکراوەی کارەساتەکەی حەلاج و هزرەکەی، کتێبەکە بلێسەیەکی لەناو هزرم کردەوە.... کەواتە من گەیشتەمە مەبەست و ویستی خۆم، وتم با کۆشش بکەم بۆ زیندووکردنەوەی ژیانم بە کلتوورەکەی حەلاج! ئەو بڕیارەم بەبێ بیرکردنەوەیەکی قووڵ و زۆر لەگەڵ خۆم دا.
من زووتر فەلسەفەی ئیبنی عەرەبی و حەسەن ئەلبەسری و رابیعە ئەلعەدویە و ئەلغەزالی و هەندێک لە سۆفییە کوردەکانم خوێندبووەوە و ئاگاداری شیعرەکانیان بووم.

بەڵام حەلاج، بابەتێکی جیاواز بوو لەگەڵ ئەوانە، بۆیە هەموو بایەخ و سەرنجەکان و بازنەی ئاوەزم خستە سەر ئەو، چونکە ئەو مێژووی هزری گۆڕیبوو، ئەوەی پاش هەزار ساڵ و ئیستاش، بیر و هزرە تەڕ و گەیووەکەی بەزیندوویی ماوەتەوە، وەک ئەوەی هێشتا لە بەغدا بە سێدارەوە بێت.

هزر و ویژدان و دڵم ئاوێتەی حەلاج دەبێت، شەیدای دەبم، چونکە هزر و رامان و ژانەکانی ئەو، بۆ خەم و ژان و کارەساتی میللەتەکەی بووە، لەگەڵ ئازار و ئەشکەنجەی نەیارەکانی دەسەڵات بووە، کە بەردەوام لەبەر زەبری ژان و لەبن سێدارەکان رۆژانە قڕ دەکران.

کەواتە، رەمز و چوارچێوەی گوتارێکی ئازادی گونجاوم، لەسەر حەلاج و ئازادی و پاکبوونەوە رۆحییەکەی، لا گەڵاڵە بوو، تا لە سەدەی بیستەم بۆ خەڵکەکەی باس بکەم، کە پێویستیان پێی هەیە. هەستم بەوە کردبوو خەڵکەکە، کەوتونەتە ناو چڵپاوەکە، لەناخەوە ئاوێتەی بوون، لەناو تاریکی و ڤالایی و لووتبەرزیە بۆشەکە ماونەتەوە، بەپێی بۆچوونەکانی ئەودەمانە، سۆز و جۆشم گەرم دەبوو، بۆ راگەیاندنی رەوتی حەلاج بۆ سوودی کۆمەڵگەکەم.

ئاوێتەبوونم بە کلتووری حەلاج، دەرئەنجامی رێکەوت و ئەنجامی توێژینەوەیەکی درێژ نەبوو لە تەسەوف، بەڵکو حەلاج لە منداڵی و گەنجیمەوە هاوشانم ژیابوو، بەڵام چەند ساڵێک لێم دوورکەوتبووە.

ناوی حەلاج لە سنووری زانیارییەکانم دوور نەبوو. من لە منداڵییەوە، لە کەشێک ژیاوم و گەورەبووم، تژی بووە لە تەسەوف و ئیشراقیەت و حەلاجیات. سەدان ساڵە کلتووری کوردی ئەو کەشەی تێدا بووە. من بە زمانی کوردی زۆر گوێم لە کارەسات و کوشتنەکەی حەلاج ببوو، یان کارەساتی هاوشێوەی ئەوم بیستبوو، کە گەنجێکی ناو حوجرەی مزگەوتەکانی خۆمان، بەر لە چوار پێنج سەدە، ئەو زوو هەست بە شێوازێکی سۆفیزمی ئیشراقی دەکات، بەڵام ناتوانێت نهێنییەکە بشارێتەوە، لەکن گەورەکان باسی دەکات، ئەوانیش سەرەتا دەخوازن واز لەو تەریقەتە بهێنێت، ئەو دانوستانیان لەگەڵ دەکات و بە لۆژیکی تایبەت و بەجوانی و بەوردی و زیرەکی لاهوتیی وشکەوە، وەڵامیان دەداتەوە، کە دەیانجوڵێنێت، ئەوانیش هەڕەشەی لێ

دەکەن و ئەویش پەشیمان نابێتەوە. کە دەزانن ئەوەیان سوودی نییە، پەنا دەبەنە بەر فێڵێکی تر.
ئەو کیژێکی جوانی خۆشدەویست، بۆیە دەچن قسەی لەگەڵ دەکەن، تا کوڕەکە لە بۆچوونەکانی پەشیمان بکاتەوە، پاش دانوستانێکی زۆر گەرم و ماوەیەکی درێژ، کوڕەکە کیژەکەش ئیقناع دەکات، بێتە سەر ڕێبازەکەی ئەو. بۆیە نەیارەکانی هەڕەشە لە کیژەکە دەکەن، واز لەو هزرە بهێنێت، لە ژوورەکەی تەنیشت ژووری کوڕەکە ئازاری دەدەن. بەڵام ئەو واز لە هزرەکە ناهێنێت، زۆر پەرۆشی ئیشراقییەکە دەبێت، بە گوتار و وشەکانی سووتانی بۆ مەعشوقەکەی دەبێتە رابەری تەریقەتەکە. هەردوو دڵدار، لەبن ئازار و ژانەکانا، بانگی یەکتری دەدەن و ناتوانن لەو دونیایە بگەنەوە یەک، بۆیە هەردووکیان بە ئازارە تراژیدیاییەکە دەمرن. دیارە بواریش نییە دانوستان و پەیڤی هەردوو عاشقەکە بنووسینەوە، بەڵام کارەساتەکە لەناو مێشکم هەر مابوو، بۆیەش حەلاج بەئاسانی دەچێتە ناو هزر و ویژدانم و جێگیر دەبێت.
ئیتر بەو جۆرە چارەنووسی خۆم دەدۆزمەوە، ئارەزوومەندانە بەرەو تەسەوف و عیرفان دەچم، بەڵام ناچمە ناو هیچ بازنەیەکی تەسەوف و جلی دروێشیم لەبەرنەکرد، باسی ئەو نهێنییەش نەدەکرد، کە حەلاج لەناخم چاندبووی، بەڵام دەستم کردبوو بە نووسین و ئازادییەکانم دەستەبەر کردبوو، هەستم دەکرد، من بارە گرانەکەی سەرشانم هەڵگرتووە، بازنەی ڕووناهییەکەم دەکرێتەوە و گەورە دەبێت، دەگەمە ناو چرکەساتەکانی گەشانەوە، بۆیەش (حەلاجیات، رابوونێکی درەوشاوە لە حزووری حەلاجم)م بۆ ناونیشانی نووسینەکەم هەڵبژارد.
ئەوە لە ساڵی ١٩٦٦ی زاینی ڕوودەدات، بیرۆکەی نووسینی حەلاجیاتم لا دروست دەبێت، چەند برگەم لەو ساڵە نووسی، بەڵام هیچ بوارێکی بڵاوکردنەوەم لە ڕۆژنامە و گۆڤار یان کتێبێک دەست نەدەکەوت، چونکە ئازادییەکانی ڕادەربڕین و میدیا زۆر سنووردار بوون.
هەموو شتەکان لە نووسینی تابلۆیەک بەناوی (لەسەر سەکۆی مردنەکە) دەست پێدەکات، کە دوایی لە ڕۆژنامەی ئەلتاخی لە هەردوو ڕۆژی ٢٨ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ و ٢٩ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٨ی زاینی بڵاودەبێتەوە. لە کتێبی حەلاجیاتدا، کە بابەتەکانی تێدایە، ڕۆژەکانی سەرووی بابەتەکان

رۆژی بڵاوبونەوەیانە، نەک رۆژی نووسینیان. دیارە بەختی باشی من بووە، کە ئەو رۆژنامەیە دەردەچێت، لە رۆژی ٢٩ی ئەپریلی ساڵی ١٩٦٧ی زاینی لە ژمارەی سێیەمی هەتا سەرەتاکانی ساڵی ١٩٧٤ی زاینی نووسینم تێدا بڵاوکردیتەوە.

رۆژنامەکە، لەسەر داوا و پێویستی سەرکردایەتی ئەوسای کورد دەردەچێت، بەپێی بەندەکانی رێکەوتنامەی ئاشتی لەگەڵ بەغدا دەرچووە، بەرنامە و رێبازەکەی لایەنگیری و پشتیوانی ئازادییەکان و دیموکراسی و مافەکانی کورد و میللەتی عیراق بوو.

لەگەڵ بڵاوبونەوەی حەلاجیات، هەر لە بەشی یەکەمەوە، هەستم کردووە پاراستن و چاودێری نهێنییەکان لەلایەن رۆژنامەکەوە هەبووە، بواریشی پێدراوە (حەلاجیات) بڵاوببێتەوە، ئەوەی جێگای رامانیش بوو، رۆژنامەکە هەموو دەقەکانی بێ کورتکردنەوە و لادان و برین بڵاودەکردەوە، بابەتەکان بڵاودەبونەوە، ئەگەرچی نووسینەکانی ڤالا نەبوون لە هەڵبزرکان و برگەی ترسناک و رەخنەی توند، لە ژیانی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئەو رۆژگارە. منیش لە نووسینەکاندا چاودێری هەست و چەشە و مەزاجی خوێنەران و رۆژنامەکەشم دەکرد، ماوەماوەش کورتە وتاری کۆمەڵایەتی و سیاسی و رۆشبیریشم لە گۆشەکەم نووسیوە، ئەوەش بوارساز بووە، خوێنەرەکان پابەند بن بە گۆشەکەم.

من دەیان دەقی گۆشەکەم، لەو کتێبە دانەناوە و زۆرتر بایەخم بە دەقە حەلاجیاتەکان داوە، بەتایبەتی ئەوانەی لە هزر و قوتابخانەی حەلاج نزیکن. وامدەزانی خوێنەرەکانم تامیان لەو دەقانە بینیوە، ئەگەرچی من دەترسام، نەوەک لەبەر دووبارەبوونەوەی هزر و رستەکان خوێنەرەکان بێزار بکەن.

هەستم دەکرد خوێنەرەکانیشم، تینووی پاکبوونەوەی رۆحی بوون. توێژەرێکی کۆمەڵناسی پێی وتبووم، نووسینەکانت ناخی خوێنەرەکان دەشواتەوە و خاوێنیان دەکاتەوە و بەرەو تەئەمولیان دەبات.

بەڵام کەسایەتییەکی قەدیس، کە پشتیوانی دەکردم، شەهید ساڵح یوسفی، یەکەم سەرنووسەری رۆژنامەی ئەلتەئاخی بوو. من دوایی زانیم ئەو سوور بوو، لەسەر بڵاوکردنەوەی حەلاجیاتەکە، هەتا دواییش بەردەوام دەبێت،

هەندێ لە نووسەرانی رۆژنامەکە، لەگەڵ بەردەوامی گۆشەکەم نەبوون و داوای راگرتنی بڵاوکردنەوەی حەلاجیات بوون.
دوایی زانیم، کە شەهید ساڵح یوسفی شەهیدە زیندووەکە بوو، ئەو لەناخەوە، لەدەرەوەش کەسێکی سۆفی بوو، لە ژیانی زاهید بوو، رۆژانە و پاش نوێژەکانی، چەند سەعاتێک تەئەمولی دەکرد. ئەو مرۆڤێکی پاک و ئاشتیخواز بوو، بەرگری لە ئاشتەوایی ناوخۆ و هاوژیانی دەکرد، وەک ئەوەی پەیامی ناتوندوتیژی فەیلەسوفی رابەر مهاتما گاندی پەیڕەو بکات.
یوسفی کەسێکی قەدیس بوو، خەڵکی خۆشدەویست، ئەگەرچی ئەو ئەندامی باڵای پێکهاتەی حزبێکی سیاسی گەورەش بوو (پارتی دیموکراتی کوردستان)، ئینجا ئەو کەسێکی دڵگەورە و ناسک و دڵۆڤان بوو، لەگەڵ هاوڕێ و هاوکارەکانی لەناو ئیشەکەی و لەناو شار و هەتا لەناو شاخیش خۆشەویست و ئارام بوو.
یوسفی، پاش نسکۆکەی ساڵی ١٩٧٥ی زاینی، دەگەڕێتەوە بەغدا و دەستبەرداری سیاسەت دەبێت، بەڵام دەزگاکانی رژیمی پێشوو، لە ساڵی ١٩٨٠ی زاینی بڕیاری لەناوبردنی و کوشتنی دەدەن، بە نامەیەکی لوغمکراو دەیکوژن، لەکاتی کردنەوەی نامە چێندراوەکە لەناو دەستی دەتەقێتەوە و شەهید دەبێت.
من بەپێویستم زانیوە، لە پێشەکی و نمایشی ئەو کتێبە، ناوی ئەو بهێنم، تا لە ژیاندا ماوم، حەز دەکەم و پێویستە، من سوپاسگوزاری شەهید یوسفی بم.
هێشتا هەست بە تامی ساتەکانی پرشنگی رابوونە روحییەکەی ساڵی ١٩٦٦ی زاینی دەکەم، ئەوانە کەفیلی ئەوە بوون، چیایەک لە باری خەم و نیگەران و ترس، لەسەرشانم هەڵگیرێت. من ئازاد ببووم و هەستم بە شیرینی ئازادییەکانی ناوەوەم دەکرد، ئەگەرچی، لەدەرەوە، وەک شێرزەترین کەس دیار بووم، ئەگەرچی من رووبەڕووی نسکۆ و کارەسات و رووداوی کۆمەڵایەتی روخێنەری شکان و ناوزڕان و گۆشەگیری لە خەڵک بووم، چونکە لەسەر پەرەکردن لە خەڵوەتگە سەیرەکەم بەردەوام بووم. بێگومان نرخ و باجەکە زۆر گران بوو، کەواتە...

خۆم رادەستی قەدر دەکرد، بڕواشم وابوو، ئەگەرچی ئاسانیش نییە دەگەمە شکۆی رۆحی، هەر چەند لە کانییەکە نزیک دەبوومەوە، پێم هەڵدەخلیسکا و دەکەوتم. ئیتر ئەزموونەکەم بەو جۆرە بوو... چەندین جار دەکەوتم و هەڵساومەتەوە، بۆ هەڵسانەوە و نەهێشتنی فشارەکان هانام بۆ پەرستگا رووناکەکەی ناوەوەم دەبرد.

هێشتا پێی نەگەیشتووم.

بەڵام! ئەوانەی ئەو کاروانە دەگرنەبەر پێیان دەڵێم، بەر لە هەموو شتێک، لەبەر چاوی تەمەشاڤانان و خەیاڵ و ئاوەزەکەی، بە چرپە پێیان دەڵێم، بەرجەستەی کارەساتەکەی حەلاج بکەن... خۆیان لەگەڵ گەورەیی کارەساتەکە هاوشێوە بکەن، ئایا بەڕاستی دەتوانن؟

لەگەڵ هەموو ئەوانەش، لەگەڵ بوونی تەنگژەی زۆر و کەمین و کەوتنی ترسناک، دەڵێم هێشتا ئەزموونەکە شایانی کردارە. باشترە کاروان و رێیەکە بەرنەدەیت و نرخەکەی هەرچەند گرانیش بێت، هەر چەند کاروانەکە لەسەرخۆ و شپرزەش بێت.

هەنگاو بنێت و بڕۆیت، باشترە، لەوەی بترسێت و باجەکەی هەر چەندیش بێت.

---

پەراوێز:

1. هەندێ لە سەرچاوە ناسراوەکان، ئاماژە بەوە دەدەن، کە ژنە سۆفیگەرە ناسراوەکە، رابیعە ئەلعەدەویەش شتێکی لەو جۆرەی لەسەرە ئەوەی وتووە، بۆ ئەوانەی توانای چوونە حەجیان نییە، بەڵام ئەویان نەکوشتووە.
2. لە هەندێ لە دێرەکانی ئەو بابەتە سوود لە کتێبی (الحلاج _ حقائق التفسیر)ی نووسەر مەحمود ئەلهندی وەرگیراوە، کتێبەکە لە کتێبخانەی مەدبولی قاهیرەی ساڵی ۲۰۰٦ی زاینی چاپکراوە.
3. لەو پێشەکییەدا، سوودم لە کتێبەکەی کامل موستەفا ئەلشیبی بەناوی (الحلاج موضوعا) وەرگرتووە، کتێبەکە لە ساڵی ۱۹۷٦ی زاینی لە بەغدا چاپکراوە.
4. سوودم لەو کتێبانەش بینیووە:

_ قاسم موحەمەد عەباس، (هكذا تكلم حلاج) دار المدى، دیمشق ٢٠٠٩
_ د. سەعدی ضناوی، دیوان الحلاج. بەیروت، چ٢ ٢٠١٠
_ عەلائەدین سوجادی، مێژووی ئەدەبی کوردی بەغدا ١٩٥٢.
_ د. ئیبراهیم شوان، تەسەوف، دەزگای موکریان، هەولێر ٢٠٠١.
_ د. ئەحمەد مەلا، مەحوی، دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠١.
_ چەند کتێبی تری کوردی و فارسی لەسەر سۆفیزم.

تێبینی:
لە ساڵانی داهاتووش، لەبەر رۆشنایی رێبازی حەلاجی بەردەوام بووم لە نووسین، واتە: هەر لە ساڵی ١٩٧٥ی زاینی و هەتا کاتێکی نزیک لە ساڵی ٢٠١٠ی زاینی بەردەوام بووم. کتێبی چوارەمم بەناوی (گوڵەکان بۆ کێ دەپشکوون)، لە ساڵانی ٢٠٠٥ و هەتا ساڵی ٢٠١٠ی زاینیش وەک نمونە چەند دەقێکم نووسیوە.
لەگەڵ تێپەڕبوونی زۆرتری زەمەن شێوەی حەلاجم قووڵتر و فراوانتر دەربڕیوە، رووداوە خوێناوییەکانی ساڵانی ٢٠٠٥ تا ٢٠٠٦ی زاینی لە بەغدا، کە تێدا کۆمەڵکوژی خوێناوی کوشندەی (دوولایەنەی بەرامبەر) بۆ پاکتاوکردنی مەزهەبی و نەژادی، لەسەر بنچینەی حوکمەکەی کوشتنی حەلاج کە بەر لە نزیکەی هەزار ساڵ قەومابوو. لەو ساڵانەش، بەغدا قایل نەبوو، گوێ لە دەنگی حەق و دادپەروەری بگرێت، لەسەر خۆی یاخی دەبوو _ هەتا ئەو کاتانەی دواییش _ لەناو شێتییەکی عەبەسییانەدا ماوەتەوە... من هیچ لێکدانەوەیەکی روونی باوەڕپێکراوم، لەسەر رووداوەکانی چەندین سەدەی بەغدا، یان بوونی ئەو (هۆگرییە) لە خاپوورکردنی ناوەوەیان نییە. ئایا نەوەکانی داهاتوو، باجی تاوانی لەسێدارەدانی حەلاجی بەر لە چەند سەدە، ئێستا دەدەنەوە؟ یان ئەوەیە، وەک چۆن شاعیری ناسراو (موحەمەد مەهدی ئەلجەواهیری) لە چلەکانی سەدەی رابردوو وتوویەتی:
دەزانیت تۆ یان نازانیت، زامی قوربانییەکانی دەموزاریان پێوەیە؟
... کەی زامەکانی دێروک، سارێژ دەبن؟ کەی ویژدان ئارام دەبێت و پەرۆشی و ویستی تۆڵەکردنەوە بنبڕ دەکرێت؟

(ئەو پێشەکییە بە کەمێک کورتکردنەوە ئامادەکراوە).

**فەلەکەدین کاکەیی**

**لە دەقەکانی حەلاجیات**

**بەشی یەکەم**

**حەلاجیات**

**ژمارە (١٥٠)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممە ٢٨ی سپتەمبەر ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.**

**لەسەر سەکۆی مردن**

**١**

بەیانی ئەو ڕۆژە، خۆر لەتاقی ئاسمان بوو _ من لەگەرمەی ئیشکردنا بووم _ خۆرەکە تیرۆژی نازدار و، نامۆی پەخشان دەکرد، منی بەرەو ئارەزووی مردن دەبرد، مردنی وەک فریارەسێکی نازدار شۆخ و شەنگ نیشان دەدام.
لەناخمدا تۆپەڵەیەک، وەک پەنجەرە درەوشایەوە، لەوێیەوە جیهانێکی جوانم بەدی دەکرد، زێد و ئارامگە ڕاستەقینەییەکەی پاش مردنم دەبینی! دونیایەکی نوێی جوانم لێوە دیار بوو.
بە مردنم چەند شادمانم! پاش مردنیشم دەبێ هەست بە ڕەوشی چواردەورەی خۆم بکەم. ئەوە منم، منم لەبن تەختەکانی تابوتەکەوە خەڵکەکە دەبینم، لەدوا تابووتەکەم دەڕۆن و دەنوزێنەوە، بە ئاخ و ئۆف و کەسەرەوە، ئەوان نازانن گەشتەکەم چەند سەرفراز و بەختیارە، نازانم ئەو کۆچەم چەند خۆش و سازگارە(١)!
ئەو چرکەساتە بەختیارییە چەند سەعاتێک شانم دەگرێت، هەرگیز لە ژیانم، وا شادمان و کامەران نەبووم. هەتا تێربوون چەشەم وەرگرتبوو، مەست ببووم، یەکەمجارە ئاسمان وا جوان و ساماڵ ببینم، لە ژیانم، دیمەنی وا جوانم نەدیبوو، ئاسمان پارچەیەکی شین، بێگەرد، ساماڵ، پاک وەک ئەوەی بێگەردی ڕۆحێکی نەمر، بوارێکی پرشنگداری گرتبێتەبەر.
مردن زۆر شیرینە! چەند خۆشە خەڵکەکە بەرەو زێدە ڕاست و یەکەم و نەمرەکەم دەبەن، من سۆزم هەبوو، سۆزێکی گەرم و بەجۆش، سۆز و خرۆشەکەم مەزنتر دەردەکەوت، دیار بوو سۆزە ڕاستەقینەییەکەم بۆ هەوارە ڕاستەقینەییەکەم بوو، هەستم بە نامۆیی ئەو جیهانە دەکرد، خەڵکەکە لە چواردەورەم هاتوچۆیان بوو، خەریکی ژیانە شێلووەکەیان بوون، هەموو خەڵکەکەم وەک تارمایی دەهاتنە بەرچاوم، سەیرە! من هێشتا لەو خەڵکەوە ڕەفتار لەگەڵ ئەو جیهانە دەکەم؟!
ئەی تیشکە بەسۆزەکە. دڵم تژی بکە لە سۆز و جێم مەهێڵە، بوار مەدە چیتر سەرلەنوێ تاریکی دامپۆشێتەوە.
سۆزم بۆ ئەو وڵاتە مەزنتر دەبێت، دەمەوێ لە جیهانی نامۆییدا بار بکەم و بڕۆم.

رۆحە یاخییە شۆڕشگێڕەکەم بۆ کۆچکردن لزگینە، کە چەند دڵۆپێکم لە کانی دەربازبوونی کۆتایی تامکردووە، بەگەرمییەوە پەرۆشی ئەوەم و چاوەڕوانم جیهانێکی راستەقینەیی نەمریم دێتە پێش.

من بەڕاستی هەستم دەکرد مردووم، سەیرە! پاش مردنەکەم، دونیام چەند رەنگین و جوان و شیرین دەبینی!

مردنە دڵۆڤانەکە، لەبەر ئەوەی دەربازبوونە سەرمەدییەکە، لەناو تۆدا بەرجەستەیە، من بەرەو ئامێزی خۆت بەرە، با خەڵکەکە رۆندکی چاویان ببێتە شەختە و ژان و کۆڤانەکان گینگڵیان پێ بکات، تاوانی ئەوان چییە، کە تەم بەر چاو و دیدەی گرتوون؟!

---

(١) تیرۆژێکی پرشنگدار بوو، لەورۆژەوە، تا ئیمڕۆش لەبەر رووناهییەکەی رێ دەکەم، ئەو هەستە لەناکاو من گرتەوە، بەرەو راکشانی خەمی حەلاجی بردم. لە ساڵی ١٩٦٧ی زاینییەوە بەردەوامە و دەمینێت تا خەم و سۆزەکان ئەوە بخوازن.

**حەلاجیات**

ژمارە (١٥١)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی) رۆژی هەینی ٢٩ی سپتەمبەر ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.

**لەسەر رۆخی مردن**

**٢**

ئەوە یەکەمجار نییە بگەمە سەرەمەرگ، هەست بە مردن بکەم، من بەردەوام لەسەر خەرەندی مردن ژیاوم، زۆرتر لە دە جار بیرم لە مردن کردیتەوە، پەرۆشانە هاواری مەرگم کردووە، پاش هەر ئەزموونێک ژیانم شیرینتر دیوە... جوانتر دەرکەوتووە... جارێکیان بۆ ئەو گەشتە هەموو

ئامادەکارییەکانیشم کردبوو... بۆ گەشتە دوورە بەختیارەکە... مردن، بە دەستی خۆم نەبوو، ئەو منی هەڵخەڵەتاند، ترسنۆک و بێ غیرەت و ترساویش نەبووم، بە مردنم هیچم لە دەست نەدەدا. ئارەزوویەکی قووڵ منی بە ژیان گرێدابوو، ئەوەش بوو بەرگری لە مردنی من دەکرد، لەناو هەموو ئازار و ژان و خوێنپرژانە رۆحییەکە بژیم. دیارە مانەوەم سوودی بۆ خۆم نەبوو، ئەوەندەی بۆ خەڵکەکە مانم سوودبەخش بوو. من هەرگیز رۆژێک بۆ خۆم نەژیاوم. بە هەموو ئارەزوو و ویستەکانم ژیانی خۆم لەئامێز نەگرتووە و نەمویستووە، ژیانم بە ئازادی خۆمەوە هەڵنەبژاردووە... فشارم لەسەر بووە، فشاری گران و توند و قورسی دەرەکی و لەناخی خۆمەوە ئەوەم لەسەر بوو بژیم و بەردەوام بم و چنگ لە ژیان گیر بکەم، ئەگەرچی! من هیچ رۆژێک دەستەوەستان نەبووم، لەژێر باندۆری ئەو فشارانە نەکەوتووم، بەدەگمەن و پاش ململانێیەکی کوشندە و دەستەویەخەیەکی توند و کەللەرەق و سەرگەرمانە، کۆڵم داوە و بۆ ژیان شکاوم.. ئیمرۆ لەناو زیندانێکی تاریک پەستراوم... فشارەکان منیان خستووتە ناو گۆشەیەکی قێزەوەن... منم دەمەوێ و دەخوازم بۆ تەواوی جیهانەکە بژیم.

چەندین جار لە سەرەمەرگ و لەسەر لێواری گۆڕا لە مردن دەربازم بووە... ئینجا دەروازەکانی جیهانە نەمرە راستەقینەییەکەم بۆ خراوەتە سەرپشت... مردنەکە... زۆرتر لە دە جار و هەستم پێی نەکردووە _ لەگەڵ ئەوەش _ هەستم بە بەختیارییەک بۆ دیتنی ئەو جیهانە، وەک ئەو رۆژگارە نەکردووە...

بەختیارییەکە زۆرداریە، دەترسێم بەرگە نەگرم و شادییەکە لەناخەوە و بەقووڵی دەمهەژێنێت، سۆز و ئارەزووەکەم بەرەو جیهانی شێتبوون دەمفڕێنێت...

ئەی مردن... ئەی زێدە دروستە و راستەقینەییەکە، دەستم بگرە و بمبە و لەئامێزم بگرە و بمخەرە بن باڵەکانت، بە بادەکانی تام و چێژە راستەقینەییەکە لێوم تەڕ بکە، چێژ و تامی رۆح.

سۆزەکە سازم دەکاتەوە، رەگە چەسپیووەکانی ناخم لەناو چڵکاوەکە دەردەهێنێت... لەو جیهانە نامۆیەدا... سۆزەکەی ناوەوەم دەسوتێنێت و هەناوم دەتاوێنێتەوە و رۆحم دەورووژێنێت و یاخیبوونم تێدا

دەبوژێنێتەوە... سۆزێکی گەرمتر بەرەو جیهانە راستەقینەکەم دەبات... سۆزێکم لێ پەیدابووە و بەرەو نهێنییەکانم دەباتەوە.
جەستە پیسەکەم خول دەخواتەوە، چونکە کۆتەکە دەشکێت...
پەراسووە خزیوو و سواوەکانم یەک لەدوای یەک، هەڵدەوەرێن... تا ئەڤینە مەزنەکە و رۆحم لەو زیندانە پیسە ئازاد بێت.

حەلاجیات

ژمارە (١٢٥)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی) رۆژی یەکشەممە ٣ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.

سۆفییەک لە سەردەمی گەردیلە و دۆزینەوەی گەردوون هەڵدەستێتەوە

بۆ نا؟ _ منم پیاوە سۆفییەکە_ بەهێز و تواناوە هەڵدەستمەوە، بەتەوژم، لەو سەردەمە هەڵدەستمەوە، لەبەردەمتان و لەسەر لێواری خەرەندە سامناکەکە هاوار دەکەم:
_ لەسەرخۆ بن، دەکەونە ناو خەرەندەکە، بەردەبنەوە ئەگەر رۆحە بێگەردە پاکەکانتان پێتان نەگاتەوە، وەک چۆن تەندروستی و خۆشگوزەرانی بە جەستەکانتانەوەیە!
ئەو سەردەمە، کات و رۆژی سۆفییە راستەقینەکانە، ئەوەی ئارەزووی فەنابوون لەناو رۆحی حەقە باڵاکە دەکەن.
ئایا ئێوە من ناناسن _ من حەلاجم _؟ منم لەناو دوو زیندەگی دەخولێمەوە و هەردووکیان ئاوێتە دەکەم(١)! لە جەنگە چاکسازییەکانم و لە هەڵمەتە میللییەکەم، توند و بەهێزەوە بوارە سۆفیگەراییەکەم گرتووتەبەر، بۆ وا نەبێت؟! کەسی سۆفی دەیەوێ رۆحی کۆنترۆڵی جەستەی بکات، ئاوەزە

بێگەردەکەی کۆنترۆڵی ئارەزوو و ویستە سەرشێتییەکانی بکات، ئایا رووکەشی ئەو سەردەمە، لە هەموو سەردەمەکانی تر زۆرتر، ئەوە ناخوازێت؟

خەباتی چەوساوەکان، پێویستی بە پیاوانی بەجەرگ و بوێر نییە، لەو چاخە خۆشگوزەرانەدا، ئەوانە جەستەکانیان شەکەت و ئارەزوو و ویست و مەبەستەکانی تەریک کردووە، بۆیە لە شارە جەنجاڵەکان دووردەکەونەوە، سەنگەری شەڕ دژ بە زۆردارەکان هەڵدەبژێرن، لەناو بێشەڵان و چیاکان، لێرەولەوێ لەسەر رووی ئەو زەوییەدا سەرکردایەتییان دەکەن؟!

ئەوانە پایەدارتر و مەزنترین سۆفی ئەو سەردەمەن، من لەکوێ ئەوە بدۆزمەوە و سڵاو و پێزانینی گەرم و بەجۆشی لێ بکەم؟! ئەوانە، بایەخ بە ژیان نادەن، هەموو کایە و شتەکان بۆ وێڵبوون بەدوای حەق پشتگوێ دەخەن _ ئەلحەق _ی بەهاژەی ناخیان.

_ منم ئەلحەق _ منم سەرلەنوێ زیندوو دەبمەوە، کۆشش دەکەم بۆ هۆشمەندی و حەقی شکۆدار بە رۆح، هەتا دواپایەی جوانی و کەماڵە رۆحییەکان.

ئێوە ناتوانن بجوڵێنەوە _ ئەی نەتەوەکەم _ رۆحتان بە کۆتەکانی ژیانی رۆژانە مایەپووچەکانتان بەندە، کۆتە بارکراو بە ئیغرا و بۆگەنی و هەڵدێرەکان.

تەنها بە دەستی ئەو پیاوانە بەیەکجاری دەربازتان دەبێت، ئەوانەی سۆفیەتی دەکەن، ئەو پیاوانەی لە هەموو شتەکان زاهیدن و بەرگری لە حەق دەکەن، کۆشش و خەبات هەر بۆ _ ئەلحەق _ دەکەن، لێرە، گوێتان لە دەنگی حەق دەبێت و ئارەزووی دەکەن؟!

---

(١) ئاماژەیە بە حەلاجی سۆفی، کەسێکی ریفۆرمخوازی کۆمەڵایەتی بوو، بانگەشەی دادپەروەری و یەکسانی بۆ هەژار و داماوەکانی دەکرد، سەرپەرشتی و سەرکردایەتی یەکەم خۆپیشاندانی میللی هەژارەکانی ناو بەغدای بەر لە هەزار ساڵ کردووە، داوای چاکسازی رەوشی خەڵکەکەی کردووە، ئەوەش هۆکاری گرتن و ئازاردان و کوشتنەکەیەتی.

**حەلاجیات**

**ژمارەی (١٢٨)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی) رۆژی چوارشەممە ٦ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.**

**٢**

**نەورۆز، جەژنی سەربەستی، ئاگر، بەهار**

**بەر لە چەندین هەزار ساڵ، لەسەر لوتکەی چیاکان ئاگر هەڵدەگیرسێت و مەشخەڵەکان هەڵدەکرێن و گەردوون رادەگەێنێت: لەلایەن _ کاوە _ زۆرداری زووحاک دەکوژرێت، _ کاوە _ زووحاکی ستەمکار دەکوژێت...(١)**
**بوونی رۆژێکی نوێیە...**
**_ دوو رکعەت بۆ عەشق، دەستنوێژهەڵگرتنەکەی، تەنها بە خوێن دەبێت(٢)**
**_ بەو رستەیە حەلاج وەڵامی هاورێیەکانی دەداتەوە _ بەخاچەوە _ بەو خوێنەی لە گۆزینگەکانی فیچەی دەکرد، دەستنوێژەکەی دەگرێت و دڵی تژی بوو لە کامەرانی، با بەگەرمییەوە پێشوازی _ نەورۆز _(٣) بکەین، ئەوەش ئاهەنگ و سازییەکانی رژانی خوێنە پاک و بێگەردەکەیە، _ کاوە_ ش بەرژانی خوێنی زۆردارە ستەمکارەکە ئاهەنگ دەگێرێت...**
**من کەوتمە کێوان، لەناو چیا سەرکەشەکانی کوردستان، خەڵوەتگەیەکم دۆزیەوە، لەوێ ئارام گیرسامەوە، دوور لە چاوی بەدکار و ناحەزەکان، ئەوانەی هەرگیز تیشکی رووناکی نابینن.**
**لەوێ لە خەڵوەتگەکەم، رۆژانە تیرۆژی خۆر سەردانم دەکات، تامی لێ وەردەگرم و هۆگرم دەکات، بە میوەی دارستانەکان تێر دەخۆم، بەڕوو دەکەمە نان، نانێکی بەتامی سۆفیانە.**

پەرۆکەی بەرم _ پەڕۆی سۆفیەتی _ تەڕ دەبێت، سەرەپەنجەکانم بە بەردە تیژەکان رۆژانە زامدار دەبوون(٤)، ئازادانە و بەئارەزووی خۆمەوە بەرەو لوتکە بەرزەکانا هەڵدەکشێم، بەرز و بەرزتر.
لەویَ لەسەر دوندە سەرکەشەکانا، سەیری ئاسۆی خۆرهەڵاتەکە دەکەم، پەرە دەکەم و خۆری نەورۆز هەڵدێت؟
بەیانییان درزێکی خەڵوەتگەکەم دەکەمەوە، تا تیرۆژی خۆرەکە ببینم، خۆرە راستەقینەییەکە(٥)، بەخوێنی رژاوی سەر تاشەبەردەکان دەستنوێژەکەم هەڵدەگرم و دوو رکعەت نوێژیش دەکەم.

---

1. ئاماژەیە بە ئەفسانە کوردییەکەی شۆڕشی کاوە، دژ بە زۆردارییەکانی زوحاک.
2. بەشێکە لە قسەکانی حەلاج، کە چوارپەلی دەبڕنەوە.
3. لێرە نەورۆز ئاماژەیە بە جەژنی رزگاربوون و ئازادی.
4. تەسەوف و زوهید لەناو ئەشکەوت و چیاکان دەکرێت، لە خەڵک دووردەکەونەوە و لەنا تەئەمولی رۆحی دەژین، ئەوەی بە دەستی خۆیان دروستی دەکەن دەیخۆن و لەبەری دەکەن، ئەوەش سادەترین ئاستی ژیانە لە تەسەوف و زوهد.
5. گوزارشتە لە رووناکبوونەوەی ناوەوەی مرۆڤ (ئیشراق).

حلاجیات

ژمارە (١٣٦)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممە ١٤ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.

ئەلیافعی دەبێژێت: ئەلحەلاج، سێیەمی سێ کەسەکەیە، ئەوانەی میللەتێک خۆشیویستن، خۆشەویستییەکەیان بە کوفر ناساند و میللەتێک رقی لێیان بوو، رقەکەیان بە کوفر ناساند، دوو کەسەکەی تریش عیسای کوڕی مریم و عەلی کوڕی ئەبی تاڵیبە.

تا ئەودەمانەی مرۆڤ دەگاتە دەرئەنجامێکی دروست، پەشیمانی و دوودڵی نەمینێت، نابێتە رووانگەی رق و بوغزی نەیارەکانی، هەروەها لەلایەن یارەکانی بەجۆشەوە خۆشیان ناوێت... لەوەدا مرۆڤەکە دەگاتە دوندی کامڵبوونی خوڵق، وەک بەرهەڵستکارێکی سەرسەخت، لەسەر حەق دەوەستێت، هەڵویستێکە، تەنها مردن دەیجوڵێنێت، مردن و شەهیدبوون...

حەلاج دڵدارێکی توندی خۆشەویستی بوو... کەسێکی نەمریش بوو لەناخی ئەوانەی فیداکاریان بۆ حەق دەکرد... ئەو بوو هاوارەکەی بەغدای دەهەژاند:

_ منم ئەلحەق _. زۆردار و ستەمکارەکانیش لاشەکەیان سووتاند و خۆڵەمێشەکشیان بە ئاو دادا... یار و یاوەرەکانیشی لەبەر رۆشنایی فەرموودەکەی ئاوەکەیان خواردەوە:

ئەوەی دڵدارەکان دەیخۆنەوە پاشماوەکانی منە

ئەوەی لە ئەڤین بۆنی گوڵ دەکەن، گوڵی منە.

پاش ئەوەی ئاوەکە دەخۆنەوە، ئەو ئاوەی خۆڵەمێشی جەستە سووتاوی ئەوی تێدابووە، شێخەکان وتوویانە(١)...

ئەی ئاگرە بێگەردە پیرۆزەکە! ئای کە جوانی، کە ئێسکە فانییەکان دەسوتێنێت و دەیانکەیتە خۆڵەمێش... خۆڵەمێش، بای شەماڵیش بەسەر زەوی پەخشانی دەکات... خۆڵەمێشەکە، دەبێتە پەین و پیت و بەرەکەتی و بەهار و رەزەکانی لێ دەکەوێتەوە، وەرزێرەکان... مرۆڤیش... بەو بەرەکەتە هەزارەها دار بەرز دەبێتەوە.

ئەوەش جوانترین نیشانە و شکۆی قوربانیدانە، لەپێناوی حەق و فەنابوون... ئاگرە پاکەکە، بمسوتێنە ئەی تیرۆژێک لە خۆرەکەی حەق(٢)!

کەی وەزیر حامید و ئەبو عومەر و کاربەدەستە زۆردارەکان، بەغدا چۆڵ دەکەن و لەوێ نامینێن؟ کەی ئەو خاکە بۆ سەرنشینەکانی ئارام دەبێت؟

_ هەتا ئێستاش دوا مەبەست و هیوای گەورەمان ئەوەیە، ئارام و سەرفراز لەسەر ئەو خاکە بژین (من لە ساڵی ١٩٧٤ی زاینی لە وەڵامی پرسیاری

ڕۆژنامەنووسێک بۆ هیوا و داخوازییەکانم لە یادی ساڵی میلادی نوێ وتم: هیوادارم، ئارام بە ڕێگادا بڕۆم. ئێستاش هەر ئەوە هیوامە... سەیری ژمارەکانی ڕۆژنامەی ئەلتەئاخی ساڵی ١٩٧٤ی زاینی بکە).

_ ڕەنگە ئەلشیبی جەختی لەسەر بیرۆکەی (حەلاج هەتا ئیمڕۆش لەخاچدراوە کردبێت)، ئەوەش ئاماژەیەکی ناراستەوخۆیە، بۆ ڕژێمە سیاسییەکەی ئەودەمانە، ئەوانەی نەیارەکانیان دەستەدەستە لەناودەبرد، باکیان نەبوو لەوەی خەڵکەکە بەداری سێدارەکانەوە بکوژن، جەستەکانیان بەدارەوە بەسەر شەقامەکان بۆ ترساندنی خەڵکەکە رابگرن، ئەوەش بە هەموو بۆچوونە کۆمەلایەتی و شەرعی و ویژدانی و یاساییەکان ناڕەوا و بەدرەفتارە.

لەو تابلۆیەدا مەبەستم لە گوزارشتکردن لە حەلاج، ریسواکردنی تاوانەکانە بەتایبەتی ئەوانەی لە ساڵی ١٩٦٣ دەکران. لەودەمانە لە شارەکانی عیراق دیمەنی ترسناک و کوشتنی هۆڤیانە نیشاندەدران، زۆر ئەندامانی بەرهەڵستکارەکان دەستەدەستە دەکوژران، زۆریش بێ سەروشوێن دەکران و تا ئێستاش چارەنووسیان دیار نییە.

---

1. پاش دابڕانم لە ساڵی ١٩٧٤ی زاینی لە بەغدا، لە ساڵی ٢٠٠٣ی زاینی دەگەڕێمەوە و لە ساڵی ٢٠٠٥ی زاینییەوە دەست دەکەمەوە بە نووسین: لەوێ هەر حەلاجم بە هەڵواسراوەیی بینیوە، لە بەغداش، تەنها حەلاجی نەماوە! ئەوەم بە دوو تابلۆ دووبارە نووسیەوە، لە هەمان ئەو ڕۆژنامەیەی لە ساڵی ١٩٦٧ی زاینی سەفەرەکانم لەگەڵ حەلاج تێدا دەنووسی.
2. ئێستاش لە ساڵی ٢٠١٠ی زاینی بەردەوام هەست، بە ژان و ئەشکەنجەکانی سەردەمی لەسێدارەدانی حەلاج دەکەم و ئازار و ئەشکەنجەکان هەر ماوە و بەغدا وەک جارانە، تا شارەکە نەکەوتووتە بن لافاوەکە، ئەو سێدارەیە هەڵگرن و قوربانییەکە دابەزێنن؟ لەو چەند سەدەیە، هەزارەها حەلاج پەیدابوو، بۆ جەلادەکان دەیانکوژن و دەستیان لێ ناپارێزن، نازانم کەی جەلادەکان ماندوو دەبن و خۆیان تەسلیم دەکەنەوە؟

**حەلاجیات**

**ژمارە (١٤١)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی سێشەممە ١٩ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.**

**هەزار خەڵوەتگە، لەوێ هەڵدەچن و دەبریسکێنەوە، لەبناری چیا سەرکەشەکان، سۆفیە خواپەرستەکان، لە ئاوە خاوێن زەلاڵەکان دەستنوێژ هەڵدەگرن، بەرامبەر خۆری نەورۆز نوێژیان دابەستووە.**
**سێبەری لق و گەڵای داربەڕوو و هەنار و دارتوو، خەڵوەتگە بچوکەکەمی داپۆشیووە، لە گۆشەیەکی پەڕەسێلکەش هێلانەیان کردووە، بن کەڤرەکانیش بوونەتە شارە مێرووستان.**
**هەموویان، بەیانییەک، ئاسمانە شینەکە بە چاوەکانم ئاشنا دەبێتەوە، دڵم گەش و سۆزدار بە پرشنگەکانی و هەناو و ناخم بەپەرۆشییەوە، بۆ دیتنی هەتاو و رووی خۆرەکە دەکولێت و جۆش دەدات.**
**پاش دەیان ساڵ، لە سەلاوات و پاککردنەوەی نەفس لە خەسڵەتەکانی مرۆڤایەتی، دووبارە پیسییەکان رووبەڕووم دەبنەوە و دەروازەکەی هەستم دادەخەن، تاریکیش دیدە راستەقینەییەکم دادەپۆشێت(١).**
**باش دەزانم ئازارەکانم کوشندەن! بە ئازار و ژانەکانە رۆح پاک دەبێتەوە؟ بۆیەش من دەتوانم بە پەنجەکانم، کەڤری رەقیش ورد بکەم، پێخاوس بگەمە بناری شاخە سەختە بەرزەکەش، پاش ئەوەی بنی پێیەکانم شەقار شەقار دەبن و خوێنیان لێ دەچۆڕێت، بە خوێنم بەردەکان پۆشاکێکی قورمزی نازداریان دەکرێتەبەر، لە برسانا سکی خۆم دەکوشم و برسیەتی پەریشانم دەکات و دەمکوژێت، بەوەش رەنگە کرم و میکرۆبەکانی بۆ تێربوون و خواردن، لەوێ خۆیان مەلاس داوە بمرن، تینوویەتی رێخۆڵەکانم بکوشێت، رەنگە بێنێکی بداتێ و بشکێت و چیتر لیکاوم بۆ خۆشییەکانی ئەو سەردەمە دەرنەکات، چاوەکانم دەردەهێنم ئەگەر خەوم هات، هەتا ژیانم کۆتایی دێت**

و تەواو دەبێت و دادەنیشم و بێدار دەبم، یەک سات غافڵگیر نابم و گوێچکەکانم دەبڕم، دەیانبڕم ئەگەر سروودی بەیانییەکەی نەورۆزیان لێ بەسەرچوو و نەیانبیست، جەستەم با وشک و دڕ بێت، چونکە رۆحی پاک و ئازادییەکەی، لەناو جەستەی دڕ و شەکەت، هەڵدەکەوێت، ئەو جەستەیەی ئازار و شەکەتی زۆری بێ رەحمانەی چێشتبێت.

ئینجا لە بنارەکە، بەرەو دۆڵەکە دێمە خوارەوە، دەچمە ناو پێچوپەناکانی ئەو دونیایە، بەسەر خەڵکە خەوتووەکان، مەند و حەیرانی دەشتەکان هاوار دەکەم، بانگیان دەکەم و پێیان دەڵێم رابن، دەست لەو کارانە هەڵبگرن و دووربکەونەوە، وریا بن، جووڵە و چوون و هاتن و چالاکییەکانتان بریتییە، لە ترپەترپێکی جەستەی خاوی بێ گیان و رۆح، رۆحەکانتان بەندی مردوون، لە خاچدراون، رۆحتان لەناو پەراسووەکانی سینگە بۆگەنەکانتانە.

ئینجا بەرەو دەشتاییەکان دێمە خوارەوە، تا خۆم دەتوێنمەوە و پاک دەبمەوە بە شادمانییەکی گەورەوە، سەما بۆ خۆر دەکەم.

---

1. ئەوەیان دوایی روودەدات... زۆر بەزەحمەتی بوارەکەم دۆزیەوە، تا بگەمە حەزووری حەلاج، کە بە پێوەرە فیزیکییەوە دەژیم، ناچار دەست بە پەرەکردن بکەمەوە.

حەلاجیات

ژمارە (١٤٢)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی چوارشەممە ٢٠ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.

هەموو سەردەم و زەمانێک، سۆفی پاک و بێگەردی خۆی هەبووە، پیاوی توخم توند و قایم، رەسەن و بەرووانگە و سەرچاوەی حەق و جوانی هەبووە.

حەلاج، بە بەژنە زراڤە شکۆدارەکەی، لەناو جەرگەی بەغدا، لەو سەردەمەدا، لە چەقی ڕێگا، لە ناوەڕاستی شەقامەکانا هاوار دەکات و دەڵێت:

_ منم ئەلحەق _.

حەقەکەش لە خاچدراوە، لەسەر ڕێگاکان، هەموو ستوونەکانی بوونەتە سێدارەی حەق و لەداردراوەکانی حەق(١)، حەلاجیش، لە هەموو گۆشەکانی ژیانی ئێمە بوون و ئامادەیی هەیە، هاوار و بانگی _ ئەلحەق _ دەکات، ئایا لە بەغدا شانۆگەرییەکەی زەمانەکە دووبارە دەبێتەوە، دووبارە و لەسەر کەناری ڕووباری دجلە _ ئەلحەق _ لەدار بدرێتەوە؟! ئەو لە خاچدراوە، هەزار ساڵە بە خاچەکە بەستراوەتەوە، دوو هەزار ساڵە، هەزارەها ساڵە، چەقۆی دەستی زۆردارەکان خەڵک پارچە پارچەی دەکەن، قوربانییەکان دەمرن و زیندوو دەبنەوە، دەمرن و زیندوو دەبنەوە، ئەوان لەناودەچن و دەژێنەوە و دەگەڕێنەوە سەر دونیایە نوێیەکە.

ئای، حەقی قورس، چەند گران و قورسە، بەغدا سیسەکە، چۆن دەتوانێت ئەو بارە مردووە گرانەی سەرشانت هەڵبگرێت، بەزیندوویی بەرگەت گرتووە و ماویت؟!

حەق بەزیندوویی سووکە، هەر ئەویشە بەرگەی ژیان دەکات، هەر ئەویشە لە ئاسمانی بەختیاری و ئارامیدا دەفڕێت، حەقەکەش _ حەقە خنکێندراوەکە _ گران و قورسە و گەورەترین و بەهێزین گەردەن و مل دەپسێنێت! کێ هەیە دەتوانێت بڵێت: _ من بووم حەقم کووشت؟ _.

لەناو مەزارەکانی بەغدا، حەلاج هەڵدەستێتەوە و هاوار دەکاتەوە:

دووبارە لە خاچم دەدەنەوە؟

ئیمڕۆ سەردەمی ڕاستەقینەی سۆفیگەری و سۆفیزمە، ئەو گەردوونە، ئەو ژیانە ئەوەندە پیس و بێزەوەرە، چڵکاو و بۆگەنە، سۆفی ئەو کەسەیە لەناو ئەو زەلکاوە تاڵەی ژیان هەڵبستێتەوە، خەڵکەکە بەرەو کەناری ئارامی ببات، بەرەو بێگەردی و خاوێنی.

ئای کە ژیان چەند پیس و بۆگەنە، ژیان!

1. له کتێبەکەی (الحلاج موضوعا)ی چاپکراو له ساڵی ١٩٧٦ی زاینی له بەغدا، دکتۆر و رووناکبیری کۆچکردوو مستەفا ئەلشیبی مامۆستای فەلسەفە، به چەند برگەیەک باسی ئەو دەقەی کردووە، باسی منی کردووە و قسەی لەسەر حەلاجیاتەکانم وەک دەقی پەخشانی کردووە، بەوردییەوە شرۆڤەی بۆ کردن، ئەوەش سەرسامی کردم. دیارە مامۆستا ئەلشیبی بیرۆکەکەی حەلاجی لەسێدارەدراوی ناو بەغدای لا باش بووە، ئەوەش ئاماژەیە به رووداوەکانی ساڵی ١٩٦٧ی زاینی له بەغدا، ئاماژەیەکی زیرەکانەی ئەوە، دیارە که حەلاج لەناو کلتووری بەغدا دەبێتە سومبل.

حەلاجیات

ژمارە (١٤٣)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممەی ٢١ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.

دیمەنی رۆژێکی باران زۆر جوانە، پاش وەستانی بارانەکە بەپانتایی گەردوون خۆرەکە راستەوخۆ دەردەکەوێت، هەورەکان رووی ئاسمانە فێنکە شینەکە بەردەدەن!

بەو جۆرە تیشکە گەشە بەخشندەکە، هێدی هێدی له ناخم دەگەشایەوە و پرشنگی دەدا، لەناو هەموو شانەکانی جەستەم، وزە و توانای نوێ و تیرۆژێکی رۆحی مەزن و دیدێکی نوێی به ژینگەکەم دەدا.

بەڕاستی گەردوون جوانە (١)! من زۆرتر چێژ و هەستم بەو جوانییە نەکردبوو. من زووتر هەست و چێژی جوانیم بەو شێوەیە نەکردبوو. ئای تامی ئەو دیمەنە بەختیارە چەند شیرینە! کامەرانی هەستی داگیرکردووم...

بە بوون و هەڵاتنی خۆرە نوێیەکەی ناو دڵم زەماوەند دەگێڕم.

مرۆڤی نوێ لەناخمدا لەدایک دەبێت، پێستە پیسە ناشیرینەکەم، شەق شەق دەبێت و دەکەوێتە ناو زەلکاوەکە، دووبارە پێستێکی نوێی پاک، هەناوم دادەپۆشێتەوە.

ڕێگاکەم _ لەگەڵ ئەوەش _ هەر سەختە... ئاڵۆزە... مرۆڤی نوێ، پێویستی بە خۆراکی ڕۆژانە هەیە، پێویستی بە ڕاستگۆیی... ڕاستگۆیی هەیە!

دەبێ، هەتا کۆتایی لەگەڵ خۆم ڕاستگۆ بم. لەبەر ئەوەیە، لەبەر ئەو هۆکارەیە، دژ بە خەسڵەتە دونیاییەکانم، شەڕێکی دژوارم بەرپاکردووە... تێگەیشتم ڕاستگۆیی لەگەڵ خەڵک دەرئەنجامی باشی نابێت، تا لەگەڵ خودی خۆتا ڕاستگۆ نەبیت.

تا کەی خەڵکەکە تۆمەتبار بکەین و خۆشمان تاوانبارین! تا کەی بەدرۆ پەسنی خەڵکەکە بکەین؟ بڵێین:

_ بەڵێ، بۆ بڕیارێک نەدەین و نەڵێین: نەخێر، کرنۆش بۆ ئەوانە نەبەین، کە شیاوی شکان و ڕووخانن، تا کەی گوێ لە لێدوانی ئەو کەسانە بگرێن، کە شیاوی خنکاندن؟!

جیهانەکەم درۆزنە، لە هەموو وێستگەکاندا فێڵمان لێ دەکات... باری حەقخوازەکان چەند گرانە، باریان گرانە، ئەوانەی پەرۆشی حەقن. هەموو ساتێک ئەوانە دەتوانن تارمایی فێڵەکان بڕەوێننەوە، هەموو دەمێک چەقۆکەی دەستی ئامادەیە، هەموو زیندەوەرێکی پیس بکوژێت، کە لەسەر دڵی بە چڵێسی و مشەخۆری دەنیشێت و دەلەوەڕێت... ئەو دەتوانێت ڕەگی بژار و زیوان و دڕکەکانی سەر ڕێگاکەی ببڕێت.

بۆیەش، من کەسێکی نامۆم و خەڵکەکەش بە دەمامکی فێڵ و هەڵخەڵەتاندنی خەڵکی تر، چاویان دەگرن، وەک تۆز و گەردێک بە سەر ڕۆحەکانیان دەمینێتەوە و فێڵ لە خۆشیان دەکەن... هەموو خەڵکەکەش بە فێڵزان و فێڵباز دەزانن! ئەوەی فێڵ لە هاوڵاتیان بکات، بەر لە خەڵکی تر فێڵ لە خۆی دەکات.

کێ دەتوانێت لەناو جیهانێکی چەقیوو لەسەر درۆ، ڕاستییەکان ببێژێت؟

من ئەلحەق!... سەرەتا شیرەکە لە خۆم هەڵدەکێشم. هەر بونەوەرێکی تێکدەر بۆ فێڵبازییەکان بێتە ڕۆحم، دەیکوژم.

رۆحە گیراو و بەندکراوەکەم دەهەژێت... هەڵچووە و بزاڤ دەکات، لە کۆتەکانی دەربازی ببێت.
جەستە بۆگەنەکەم... وەک پەیکەرە رزیو و شڕەکان، بەرووی یاخیبوونەکەی رۆحە شێواوەکەم، لەنێوان تەمەکە تیرۆژێکی راستگۆیی دەلەرزێت و بەرەو بوارێک رێ دەکات، تا رۆحم بەرەو رێگای ئازادییە سەرمەدییەکە ببات...
منم ئەلحەق! هاوار دەکەم... تەمی فێڵبازی دەمخنکێنێت... بڵێسەی راستگۆییش دەمسوتێنێت، هاوار دەکەم فریام کەون، رزگارم بکەن!

---

چرکەساتێکیش جوانی گەردوون ئاوانابێت... جوانی هەموو شتەکان و بونەوەر و رەنگەکان، ئەوانەی خۆڕسکن جوانن، مرۆڤ هەست بەو جوانییانە دەکەن، کە بینینەکانی ئازاد دەکات، یان لە دووکەڵ و تەم و مژ و گەردی پەیوەندییەکان و بارەکان پاک دەبێتەوە، بەو جوانییە، بە هەستکردن بە جوانی، من دەژیم... ئەوەش بە ئیدراکی ڕێبوارەکانی ئەو کاروانە دەزانم.

**حەلاجیات**

ژمارە (١٣٤)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی سێشەممە ١٢ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.

بۆ ئەو خەمگین مەبە _ کیژەکەم _ خەڵکەکە چیم پێ دەڵێن، با بڵێن بەوە خەمگین مەبە:
_ با بزانن، وا شێتێکی تر پەیدا بووە، لەناو خەڵکەکە جادوو و هوڕێنەکانی پەخشان دەکات!
ئەو تۆمەتە ژەهرە و وەک ئاوێ تەزیوو، دەکەوێتە سەر دڵم.. کیژەکەم دەزانی ئەوەش یەکەم پلەی پەیژەی بەرزبونەوەیە بۆ جیهانی حەقی پرشنگدار؟... ئایا خەڵکەکە، هیچ دڵدارێکیان لە تۆمەتی شێتبوون، پەراوێز نەکردووە؟

منم عاشق... مەست؟ رۆحم بە پێکێکی مەی خۆشەویستی شادە... خۆشەویستی یەزدان... خۆشەویستی خودای جوانی.
جیهان لەناو دەریایەک لە مەی مەلەوانی دەکات... خەڵکەکەش جامی خۆیانی لێ پڕ دەکەن؟ دەخۆنەوە و تێر نابن... تێر نابن و رۆحیان هەر تینوو دەمینێتەوە، کیژەکەم، دەزانی ئەوانە ئاگایان لەخۆیان نییە و نازانن؟ کە حەق لەناخیاندا دەمرێت، بانگەشەی ئەوە دەکەن گوایە _ ویژدان _ بونێکی نوێی ئەوانە. ویژدان کێیە! ئەگەر حەق خۆی نەبێت؟ لەبەر ئەوەی دڵیان لەناو بیابانێکی وشکەڵانە، بۆیە بونەوەرە نوێیەکەیان مردار بوون، رۆحیان ئەوەندە تینووە، هاواری دڵۆپە ئاوێک دەکەن... بۆیە بەناچاری پەنا دەبنە بەر مەی و خواردنەوە و بێهۆشکەریی و دەرمانی بێهۆشی و خۆهەڵخەڵەتاندنی دەروونی.. بەوەش رۆحیان تێر نابێت و تینوویەتییان ناشکێت.
ئایا ئەوە لاوازی و شکست نییە... بەڵکو سستی و لاوازی رۆحی مرۆڤایەتییشە؟
منیش کەوتوومەتە ناو مەست و سەرخۆشەکان... بەڵام مەی ناخۆمەوە، مادەی بێهۆشکەرم بەکارنەهێناوە... کە رۆحم تینوو دەبێت، لەناو خەڵوەتگە و پەناگەکەمەوە، پەنا بۆ حەق دەبەم... ویژدان هوشیار دەکەمەوە... دیدەکانم بەرەو قووڵاییە دوورەکانم ئاراستە دەکەم... خۆشەویستەکەم بە ئەڤین و سۆزداری ئاشنا دەکەمەوە، سات بە سات، مەست و حەیران دەبم... لەناو بێهوشی سۆز و هەڵچوون و پەرۆشییەکانم حەیران دەبم، ئینجا خۆشەویستەکەم ئامادە دەبێت، بەرەو جیهانە بەرینە فراوانە کراوەکان دەمفڕێنێت، لە دەریا پیسە بۆگەنی سەرخۆشەکانم دوورم دەخاتەوە... لەوێ لەناو جیهانی فەنابوون غەرق دەبم، تەنها رۆحم دەمینێتەوە، سەما لەبەر تەلاری حەق دەکات و سرووده سەرمەدییەکە دەڵێتەوە..
خەڵکەکەی ناو دەریا، مەست و کاس بووە، درۆزنەکان مەلەوانی دەکەن جەستە و دڵیان ئاوەگر و پیس دەبێت... بەڵام کە من لەناو جیهانە بەرزە گەشاوەکە مەلەوانی دەکەم، دڵم پاک دەبێتەوە و جەستەم ئارام دەبێتەوە.
گوێیان مەدەرێ _ کیژەکەم _ ئەوان لەبەر باندۆری مەستی و کاسبوون، من تاوانبار دەکەن... بەوەش رۆحیان لەناو چڵکاوە پیسەکان دەچەقێت... بە من

دەڵێن شێت، منی عاشقیش، وەک شێت و سەرگەردانێک، بۆ حەقە خۆشەویستەکەم دەسوتێم و پەرۆشی ئەو دەبم؟
(خۆشەویستێکم هەیە ئەڤینی لەناو هەناوا
ئارەزوو بکات، دەتوانێت لەسەر دڵیشم بڕوا
رۆحی ئەو رۆحی منە، رۆحی منیش رۆحی ئەوا
ئەگەر ئەو ویستی من دەخوازم، منیش بۆ ئەو ئاوا).
منم _ ئەلحەق _!... حەق، من لەناخی خۆییدا دەتوێنێتەوە: بێجگە لەو دیدەکانم چیتر نابینێت، منیش وا لەو جیهانەی سەرەوە باڵم گرتووە...
منم پیاوە شێتەکە... عاشقەکە... لەناو مەشخەڵی شەوقدا مەلە دەکەم، ئاوێزانی مەشخەڵەکە دەبم.

حەلاجیات

ژمارە (١٤٩)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی چوارشەممە ٢٧ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.

سۆفیزم حەلاج دەکاتە مەزنترین شەهید، ئەو شەهیدی _ ئەلحەق_ە، شەهیدی خۆشەویستی و سۆز _ بە حەق _ تەنها بە جەلالەتی خودا.
ئەوانی تر تەنها بە دۆزینەوە و دەستنیشانکردنی _ ئەلحەق _ وازیانهێناوە، کە _ ئەلحەق _یش بۆ حەلاج دەردەکەوێت، کەشتییەکەی دەلەرێتەوە، بەڕووی گەندەڵییەکانی جیهان دەتەقێتەوە، ناتوانێت نهێنییەکانی حەقەکە بشارێتەوە، هاوار دەکات و پەسنی خۆشەویستییەکەی دەکات، تەنها باسی خۆشەویستییە باڵاکەی دەکات و دەڵێت:
کە خۆشەویستی ترسی ئاشکرابوونی لەسەر بوو
مەبەستی ئاسایش بەرەو وریایی و ناسکی چوو
ئەڤینیش ئەگەر بەشاراوەیی و نهێنی بوو

ئاگرێکی ناو بەردە و بڕوا بکە سوودی نەبوو.
بۆیە _ ئەلحەق _ەکە، بۆ خەڵکەکە ئاشکرا دەکات، دەسەڵاتدارە گەندەڵەکانیش ریسوا دەکات، لەسەر بناخەیەکی پتەویش، داوای دادپەروەرییەکی راستەقینەیی دەکات: خۆشەویستی مەزن بۆ حەق، دەسەڵاتدارە زۆردارەکان دەیکوژن و دەبێتە شەهیدی شۆڕشەکە، کە دەگاتە میعراجە باڵاکەی رۆح، دەبێتە شەهیدی خۆشەویستەکەی.
ئەو شەهیدی راستەقینەیە، شەهیدی کەمالی رۆحە، شەهیدی باڵا و شکۆی عەقڵ و رۆحە شۆڕشگێرییەکەیە، ئەو لە گۆشەکانی ناخی، بە هەموو وشە و پەیڤەکانی، تەنها دەرکەوتنی _ ئەلحەق _ ناوەستێت، تا _ سۆفییەکە _ بگاتە میعراجە حەقیقییەکەی رۆح، تا ژیان و گیانفیدایی بۆ قوربانیدان کۆتایی نێت... بەشەهیدبوون دەبێت.
ئای رۆحە تینووەکەم، بارگران بە خەم و نەهامەتییەکان و تەمی وەهمی رۆژگار، ئەی رۆحە بەژان و ئازاردراوەکەم بە بڵێسەی خۆشەویستییەکی گەرم بسوتێ و لەناو حەقدا بتوێیەوە، تا حەق لەناو تەمی بەیانییە تاریکەکە دەربکەوێت، لەناو ئاسمانە داپۆشراو بە هەورە چڵکنە رەشەکە.
ناتوانم چیتر سەبر لە شۆڕشە شاراوەکە بگرم و چاوەڕوان بم، ئەی رۆحە بەندکراو لە زیندانە تاریکەکە بە کۆت و زنجیر، رابە و مەترسێ، با ئاگرەکە لە دەرەوەی پەراسووە بۆگەن و رزیوەکانم بتسوتێنێت!

بەشی دووەم

حەلاجیات
ژمارە (٢٩٥)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی دووشەممە ٢٤ی یونیۆی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

خاکەکە دەکەنە سوتماک... هەتا تێربوون شیلەی مەرگ هەڵدەمژن. ئای لە جوانی مردن! وا من دووبارە لەسەر لێواری مەرگ خۆم دۆزیەوە...
لە کازیوەی ڕۆژێکی جوانی بە شەونم، هەست بە هەڵسانەوە و ژیانەوە دەکەم... مردنیشم سەرلەنوێ هەڵسانەوەیە... پێستە پیسەکەم دادەماڵم.
هەموو خەڵکەکە پێستە گڕوەکەیان دادەکەن، ڕۆحیان پاک دەکەنەوە، بەوەش دەگەنە نزیک بڵێسەکە.
خاکە سوتماکەکەم، ئەی پەرستگاکەم!
هەموو خەڵکەکە زەماوەندە خوێناوییەکەیان ساز دەکەن، خوانەکانی مردنیش ساز و ریز دەکەن و خۆریش دەخۆنەوە... ئای چەند سازگارە تامی خۆر! درکە ئالۆزکاوەکە دەسوتێت، بێشەلانەکە و زیندەوەرەکانی خاکەکە گڕ دەگرێت... ئای ئاگرکەوتنەکە چەند جوانە...
باڵندە کەنارییەکان بە باڵی ئاگرینەوە باڵەفڕە دەکەن... ڕەوە قەتییەکان لەنزیک هاژەی ئاوەکە لەنجە دەکەن، هەڵۆکانیش، لەسەر گردەکان شاناز دیارن و چاوەڕوانی نێچیرەکان دەکەن..
شێریش نێچیرەکانی ناخنکێنێت، توورگەکانیش، بە نەمان و دووری شێرەکان دەلوورێنن، وڕێنەی ئەوە دەکەن بوونەتە شێرەکەی دارستان!
قیرەقیری قەلەرەشەکان، نامۆیی و نارەحەتی بلاودەکەنەوە... ئینجا ئەوان بونەتە تاکە باڵندەی سەر ئەو زەوییە، کەلاوەیە...
هێشتا سەردەمێک نەهاتووە حەقی تێدا، وەک ئەو زەمانە ڕووناکە دیار و بەرچاو بێت... لەگەڵ ئەوەش هەرگیز وەک ئیمڕۆ حەق وا نەخنکاوە.
پرشنگی حەقە بەرزە دیارەکە، سەدان بیانووی تاریکی ئەستووریان ئەتککردووە، زەماوەندی حەقیش دیارە، لەناو هالاوی ئاگرەکە سەما دەکات... ئینجا هێشتا هەر بەندکراوە..
هاوڕێیەکی لەناو زیندانا گیراوە... تەرمی (گیڤارا)ش لەپشتی زیندانە... ئەو و سەدان کەسی عاشقیش. دایکی وتبووی:
دۆز و کێشەکەت هەموو جیهانی سەرقاڵکردووە...
ئەو وتبووی:
زیندانەکەم مەهزەلەیە... دایە گاڵتەجارییە!

مەهزەلەی ئەو سەردەمە سنووری نییە... مەحمود دەرویش(١) و (ژووژک)... و زۆری تریش... لەناو گرتووخانەکاندا زەماوەند دەگێڕن. جیهان بە خوێن و ئاگر و مەشخەڵەکان خۆی توند دەکات.

---

مەحمود دەرویش شاعیرێکی فەلەستنی بوو، ئەودەمانە لە زیندان و دوایی لە ئاوارەیی ژیانی بەسەربرد.

حەلاجیات

ژمارە (٢٩٨)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پینجشەممەی ٢٧ی یونیۆی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

من چۆن دەستبەرداری ئەو جیهانە پەمبەیە بم، ئەوەی لەپشتی پەردە تەنکە زەڵاڵەکەی، خۆشەویستی دەبینم؟
دەیانەوێ چاوەکانم دابخەم و جیهانە پەمبەکەم بکوژم!
زۆر دڕاندانەش داوام لێ دەکەن: ناوەکەم بگۆڕم! خۆم نەفرەت و جنێوباران بکەم!
منیش وەڵامی جەلادەکان دەدەمەوە: ئەوە ناکەم... منم حەلاج(١)، بەردەوام خۆم شە و کەو دەکەمەوە، تا جیهان روونتر و گەشاوەتر بێت، بەردەوام هەمووتان پەڕ و شە دەکەمەوە...
ئازار و ئەشکەنجەم لەسەر دژوار دەکەن، منیش زۆرتر بەرگە دەگرم، کۆڵ نادەم و خۆراگر دەبم... من چۆن ناوی خۆم دەگۆڕم؟ منم حەلاج. یان چۆن جنێوم بە خود و نەفسی خۆم دەدەم؟ چۆن بێبەری دەبم لە دڵی خۆم؟ پاش ئەوەی لە ناخەوە چەند کەو و شەکردنی زۆرم بۆ کردووە، چۆن لۆمەی جیهانە پەمبەکەی خۆم بکەم؟
ساڵانە مار کراسی بەری دادەنێت، کراسێکی نوێی دایدەپۆشێتەوە... ئینجا دەڵێن: مار زیندەوەرێکی نەمرە.

کەواتە ئازار و ئەشکەنجەم بدەن... با پێستم شەقار شەقار بێت، دادڕێت، من دووبارە پێستێکی نوێی بێگەردی خاوێن دەپۆشمەوە، چەند زۆرتر ئازارم بدەن، گرانتر ئەشکەنجەم بدەن، کازیوەی بەیانییەکی نوێ دەبینم.
منیان بە هەردوو قاچەکانم و سەرم بەرەو خوارەوە هەڵواسی، دونیام لەبەر چاوانم رەش بوو، دەبورامەوە و هێڵنجم دەهاتێ، ئینجا لەو رەوشەدا مرۆێکی تر بانگی دەکردم:
_ دڵشاد بە... ئەوە سەکۆی میحرابی حەقە!
من رووت و رەجاڵ بووم، دارکاریان دەکردم، بە قامچی لێیاندەدام، هەموو ئەندامانی جەستەیان وردکردم، خوێن لە لێوەکانم فیچکەی دەکرد، دڵۆپ دڵۆپ خوێنم دەکەوتە سەر کاشی ژوورەکە، چاوم رەنگی خوێنی دەگرت.
جیهانە پەمبەکە زۆرتر دەگەشایەوە، چەند نزیک دەبومەوە، ئازارەکانی ئەو جیهانە دەکەوتە سەر سینگم، من بەرەو جیهانە پرشنگدارەکە پێدەکەنیم، بە جەلادەکانم دەووت:
_ پەلە بکەن! پەلە بکەن! با زوو و هەر ئێستا بگەمە کن هاوڕێیەکانم. ئێستا نەک بەیانی، هەر ئێستا!
یەکێکیان قیژاندی:
_ لە ناوەکەی بێبەری بە... دڵت دەربهێنە و لەت لەتی بکە.
بەناسکی بزەیەکم بۆی کرد:
_ بیبە..
دوا پیسایی و پاشماوەکانی ناخی خۆم پێدەدا، جیهانیش پەمبەتر دەرکەوت.

---

(١) لەودەمانە نووسینەکانم بەناوی حەلاج دەنووسی، ژان و ئەشکەنجەی گیراوەکانم بە کارەساتەکەی حەلاج ئاوێتە دەکرد. بەو نووسینە و بە رەمزە چڕەکان نارەزایی ئازادیخوازەکانم دەگەیاند (کە بە ئازادی بڵاودەبونەوە).

حەلاجیات

**ژماره (۲۹۹)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی هەینی ۲۸ی یونیۆی ساڵی ۱۹٦۸ی زاینی.**

**منیان بە قەنارەکە دانەگرت، سەرم بەرەو زەوییە خوێناوییەکە بوو، منیش لە بەیانییەوە سرووودێکم دەگوتەوە:**
**_ منم ئەلحەق!**
**جیهانە پەمبەکە، لەبەر چاوەکانم سەمای دەکرد، جوان ئەفسوناوی... من هیچ دەستبەرداری نابم.**
**جەلادەکە ئامێرێکی تری بۆ ئەشکەنجەدانم هێنا(۱) و هاواری کرد:**
**من دەرەقەتی دێم، وای لێ دەکەم نکۆڵی لە خودی خۆشی بکاتەوە، من فێری دەکەم؟**
**پارچە گۆشتێکی لەبنی پێم لێکردەوە و نیشانی دام:**
**_ ئەوە چییە؟**
**_ پارچە گۆشتێکی پیسە!**
**_ نەفرەت ئەی زەندیق (۲)...**
**بانگی یاوەرەکانی کرد:**
**کوا ئاگردانەکە؟**
**ئاگردانەکەیان بۆ هێنا:**
**گۆشتەکە ببرژێنن، با باش ببرژێت.**
**هەرگیز ئەو بۆنەم نەکردبووو، بۆنێکی خۆش، کونە لووتەکانی دەکردمەوە و ئاوەزی بوژاندمەوە و پرسیم:**
**_ ئەو بۆنە چییە لەناو دەمارەکان دەخولێتەوە، هاوڕێیەکانم بۆنی چییە؟**
**جەلادەکە پارچە گۆشتەکەی لەسەر دەفرێکی بچوک دانا و وتی:**
**_ ئەوە گۆشتی خۆتە بیخۆ.**
**برسیم بوو، گۆشتەکەم بەتاسەوە خوارد، تامی زۆر خۆش بوو. لەودەمانە سەرسام و حەیران بووم. وامدەزانی گۆشتەکەم پیسە، بەڵام بە برژاندنەکەی هەستم کرد بۆنداره و تامی خۆشە، من لە ژیانمدا گۆشتی وام تام نەکردووە..**

لەناخەوە مرۆڤێکی تر هاواری کرد:
_ کە دڵ بێگەرد و پاک دەبێت، گۆشت و خوێنەکەشی پاک و بێگەرد دەبێت.
جیهانە پەمبەکە زۆرتر دەگەشایەوە، جوانتر و ناسکتر دەردەکەوت، بەو شەرابە هەرگیز چاوەڕوانم نەکردبوو گەشامەوە و مەست بووم، ئامێزم بۆی کردەوە و بەگەرمی لەباوەشم کرد.
یەک قاپی گۆشتی برژاویان لەبەردەمم دانا و هەستم پێی نەکرد، ئەوەیان گۆشتی کام ئەندامی جەستەمە، نەمزانی کێندەرێی جەستەیان بڕیوم؟ لەناو جیهانە پەمبە جوانەکە مەست و سەرفراز بووم.

---

(١) ئەوەش ئاماژەیە بەوەی ڕێژەی شێوازەکانی ئەشکەنجە دەرحەق بە بەرهەڵستکارەکان لەناو زیندانەکان زۆرتر و قورستر دەبوون، دەیانووت رژێم خەریکە بۆ فێربوون و راهێنان، کادیرەکانی رەوانەی وڵاتانی ئەوروپا دەکات بۆ فێربوونی شێوازە نوێیەکانی ئەشکەنجەدان. ئەوەش سەرەتای دەستپێکردنی شەوانی ئازاردان و کوشتنە بەردەوامەکانی ناو عیراق بوو، لە پاش گلاویژی ساڵی ١٩٦٨ هەتا ساڵی ٢٠٠٣ی زاینی، ئێمە هەستمان بە نزیکبونەوەی ئەو تاریکییە خەمگینە جەرگبڕە دەکرد، زۆریش لە هاوڕێیەکانم گوێم لەسەر نزیکبوونەوەی ئەو کارەساتە و نزیکبوونەوەی تاریکییەکە رادەگرت.
(٢) حەلاجیان بە کوفر و زەندەقە تاوانبار کردبوو.

حەلاجیات

ژمارە (٣٠٢)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی) رۆژی دووشەممەی ١ی مانگی یولیۆی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

لەناو خوێنی خۆمیان گەوزاندم و رایاندەکێشام و برینەکانیان دەکولاندمەوە، برینێکی قووڵ لە سینگم دەیتریواند...
جەلادەکان هاتنە سەرم و یەکێکیان وتی:
هیچی نەبووە، تەنها دڵی ترپەترپ دەکات. لەودەمانەش جیهانە پەمبەکە بەسۆزەوە پرشنگی دەدا.
گەورەی جەلادەکان وتی:
بە گوێیەکانی هەڵیواسن.
دوو کەس منیان بەسەر دیوارە خوێناوییە پیسەکە قیتکردەوە، بزمارێکی رێژیان لە گوێچکەی چەپم دا، یەکێکی تریان لە گوێچکەی راستم دا... موچڕکێک ژان بە جەستەم داهات... (١).
وتیان: ها! ئێستا چ دەڵێیت؟ قسە بکە؟
زمانم بەسەبری جولایەوە و بزەیەکم کرد:
_ منم حەلاج... بەردەوام خۆم شە و پەڕ دەکردەوە، ئازارم بدەن... پەڕ پەڕم بکەن با رۆحم پاک ببێتەوە و شکۆدار دەربکەوێت.
منم حەلاج و هەتا ئەبەد شکۆدار دەبم.
جەلادەکان تووڕە بوون و گەورەکەیان وتی:
_ بیکوژن!
هزر و رامان زۆر ئاڵۆز، وەک شەریتێکی سینەمایی لەناو سەرم خولایەوە... هاوڕێیەکانم... خۆشەویستەکانم... خەونەکانم... ژیانم، رۆژێکی بەهار، رۆژێکی هەتاوی جوانی ژیانم... من هێشتا لە سەرەتای رێگاکەم، هەموو نیوەڕۆیەک منداڵە بچوکانم چاوەڕوانم دەکەن... دایکە بەسۆزە نازدارەکەیان... رۆژەکانی ئەڤین، بیرەوەرەییەکانم وەک بورکان دەتەقینەوە، دەرئەنجام تابلۆیەک دەرکەوت: کوشتن... مردن.
کە جیهانە پەمبەکە دەرکەوت و گەیشتە ناو دەمارەکانی جەستەم و ئارام و گەرمییەکی پێ بەخشی، هەستم بە جۆشێکی سەرفرازی کرد، هەموو دیمەنە هەڵبزڕکاوەکانی ناو هۆشمی سڕییەوە.
ئەی خودا، رووناکی و پرشنگی زۆرم پێ ببەخشە! زۆرتر سۆزدارم بکە بەرەو حەق... لەناو بڵێسە و ئاگری ئەو جیهانە بەشەوقە رووناکە بمسوتێنە...

سەبر سەبر هەموو شتەکان ون دەبن، هیچ نامینێتەوە، تەنها تروسکاییەک بۆ ڕێگا دووره تاریکەکەی دەرئەنجام، دەگاتە جیهانە پەمبە ڕووناک و پەخشانەکە... دەڕۆیشتم و هەستم دەکرد پێیەکانم پێوە نەماون، جەستەم نەماوە... تەنها ڕۆحم بوو دەفڕی، کۆچم دەکرد.. بەئارامی و لەسەرخۆ ڕۆیشتم، بێ غەڵبەغەڵب... بەبێ ژان و ئازار...
لەناکاو راپەڕیم. بەڵام هێشتا بە قەنارەکە بەسترابومەوە، بە پێیەکانم هەڵواسرابووم.

---

(١) ئێستاش لە چەکەرەی ئەو هەستانە تێنەدەگەیشتم، لە کوێ پەیدا دەبن، دوایی لە ساڵانی داهاتوو بوونە حەقیقەت.

حەلاجیات

ژمارە (٣٠٣)ت ڕۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی ڕۆژی سێشەممە ٢ی یولیۆی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

منیان مردار کرد، بە گوریسێک گۆزینگیان بەپشتەوەی گالیسکەیەکی کۆن بەستایەوە، بە کۆڵانە خۆڵاوییە ناخۆشەکان رایانکێشام.
ئەگەرچی تۆز و غوباریش بوو، لەگەڵ راکێشانەکەش سەرم بە داروبەردیش دەکەوت، ئینجا جیهانێکی جوانی ڕەنگینم لێوە دیار بوو، ئەو دیمەنەی ماوەیەکی زۆر بوو لێی بێبەش بووم، کیژێکی پارچەلەم بینی، لەناو کێڵگەیەکی کەسک چەند بەرخۆڵەیەکی دەلەوەڕاند، پاسارییەکیش لە ئاسمانەوە بە باڵەفڕەی باڵەکانی لەنگەری گرتبوو و وەستابوو... قەلەڕەشێکیش دەیقیڕاند، ئەسپێک دەیحیلاند و ڕووبارێک هاژەی دەهات... ڕەز و باخچەکانیش سەوز و جوان دیار بوون... کاروانی کۆچبەرەکان بە دەوارەکانیان دەڕۆیشتن... کیژۆڵەکانیش دار و کۆتەرەیان کۆدەکردەوە،

ژیانە کورتەکەی خۆم هاتەوە بەرچاوان... گەنجی خۆم... منداڵەکانم، هاورێیە شیرینەکانم...

دەستێکم لەسەرمدا، تێگەیشتم هەردوو گوێچکەکانم نەمابوون... دەبێ بە چ پەلەبەردێکەوە گیرسابنەوە؟ سەرم بەتەواوی پێستی پێوە نەمابوو، لەسەر پێچکردنەوە رک و ناخۆشەکە، سەرم لە جەستەم جیادەبێتەوە و بەناو کێڵگە سەوزەکە غلۆربووە، کەوتە ناو جۆگەلە ئاوە بچوکەکە... هەر چوارپەلم پارچەپارچە بوون، دەستی چەپم و دوایی دەستی راستیشم پەڕی، پەراسووەکانم یەک بەیەک هەڵوەرین و کەوتنە خوارەوە.

دڵ و گەدەم کەوتنە خوارەوە، هەناوم تێکەڵبوون، دڵم بە چقڵ و دڕکەکان گیرسایەوە، سەگی کێژە بەرخەوانەکەش لەبەر دژواری و تیژی دڕکەکان نەگەیشتە لام.

هەردوو پێیەکانم هەر بە گالیسکەکەی بەخێرایی دەرۆیشت مابووە، گالیسکەکە لەسەر جۆگەلە ئاوە بچوکە پەکی کەوت، کە جەلادەکان هاتنە خوارەوە و سەیرێکیان کردم، هەردوو قاچە بەستراوەکەمیان بە گوریسەکەوە بینی...

ویستیان پارچەکانی جەستەم کۆبکەنەوە، دڵە زامدارەکەم، کە گۆرانی بۆ خۆر دەووت، بۆیان نەدەدۆزرایەوە، پاساری و دڵەکەی من دیار بوون، دڵیشم لە جەلادەکان یاخی ببوو و کۆڵی نەدەدا. پارچەکانی منیان لەناو کیسەیەک کۆکردەوە، بەرەو شاریان برد.

گەورەکەیان وتی:

حەلاج چی بەسەرهات؟

پارچە پارچە جەستەکەمان کۆکردیتەوە. دڵی لە ناوەندی ڕێگاکە لەناو پەراسووەکانی دەرپەڕی و هەڵات.

جەلادەکە توورە بوو و وتی:

روونی پێدابکەن و بیسوتێنن.

**حەلاجیات**

**ژمارە (٣٠٥)ی ڕۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی ڕۆژی پێنجشەممە ٤ی مانگی یولیۆی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.**

**چاوەکانم هەڵپشی، بەپەلە سەیرێکی چواردەورەی خۆم کرد، تازە گۆڕهەڵکەنەرەکان لە گۆڕستانەکە دووربکەوتبونەوە. خۆم وەرگێڕا و خۆڵەکەم لەسەر لاشە بۆگەنییەکەم هەڵدایەوە، پارچەکانی جەستە شەقار شەقارەکەم لەناو کفنەکەم دەرهێنا و کۆمکردنەوە و هەڵسامەوە و بەرەو شارەکە بەڕێکەوتم.**
**دووبارە جەلادەکەم دەستی گرتم و رادەستی گەورەکەیانی کردمەوە:**
**_ حەلاج سەرلەونوێ هەڵسایەوە... چی لێ بکەین؟**
**_ بیدەنە من.**
**بە دەستەکانم لە پانکەی بنمیچەکەیان بەستامەوە، لەگەڵ سووڕانی پانکەکە دەخولامەوە، سەرەتا دونیام لەبەر چاوان تاریک بوو، هێڵنجم دەهاتێ و ڕشامەوە... هەستم دەکرد ڕیخۆڵەکانم هاتونەتە ناو گەرووم، بەرچاوەکانم ڕەش هەڵگەڕان، پانکەکەش بێرەحمانە دەسووڕا.**
**بەدرێژایی شەوەکە منیان خولاندەوە، نیوەشەو کەمێک بۆرژام، لە تاریکدا، جیهانە پەمبەکەم لێ دەرکەوت، هەموو نارەحەتی و ئازارەکانی ڕۆژە درێژەکەی لە گیانم دەرهێنا. دیوارە پیسەکە درزێکی تێکەوت و تێدا ڕووناکییە خۆشە ئارامەکە لێیدام، گلاسێکی لە هەوا بۆ ڕاگرتبووم... گلاسەکە گەیشتە سەر دەمم و بە لێوم وەنووسا و قومی یەکەمم هەڵمژی، بەیەکجاری مەستی کردم و هەموو ئازارەکانم چارەسەر بوون، کەوتمە ناو بەیانی بەهارێکی نازدار و دەستم بە سەماکرد. خوناوەکە... خۆرە پەخشانەکە... فریشتەی دارستانەکان... بولبولەکانی بەهەشت.. جیهانە پەمبە ئەفسوناوییەکە.**
**ئەی خودایە! بوارم بدە بەو چەشنە بژیم، هەتا هەتایێ وا بژیم، ئەگەر ئازاردان و ئەشکەنجە، وا شیرینە و خۆشە، بوارم بدە ئازار بچێژم...**

بەیانی رابووم، هێشتا پانکەکە منی دەسوڕاند... جەلادەکەم لێم نزیک دەبێتەوە _ وەحشە دڕندەکە _ هاواری کرد:
_ ئەی لەعنەتکراو ناوت چییە؟
_ ....
_ هەتا هەتایێ دەتسوڕێنم.
_ بوارم بدە با بسوڕێم، دەزانم _ هاوڕێیەکەم _ دەزانم تۆ کامەرانی و شادی من دەخوازیت. من سەرەتا هەستم بە ژان و ئازار کرد، بەلاّم دەزانم ئەوانە هەمووی کاتییە و دەڕوات و نامینێن. لەگەڵ سوڕانەکانا شانەکانی جەستەم هەڵوەشانەوە و نەمان، لەسەر بواری راکێشانەکەی زەوی دەخولێمەوە بۆیە نامرم.
پیاوە دڕندەکە بەتوندی شەقێکی لێدام، بەبووراوەیی منی جێهێشت. بەشپرزەیی منی جێهێشت. یەک بە قوورگم هاوارم کرد:
منم حەلاج.

حەلاجیات

ژمارە (٣١٠)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی ٩ی مانگی یولیۆی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

بەیانی دووبارە دەستیان کردەوە بە ئەشکەنجەدانم... ئەو جارە کە سەرکەوتم، داوام کرد دارەکە بە مەرهەمێک چەور بکەن، خۆم داوام کردبوو، گوریسەکەم چەور کرد، تا بەئاسانی بێتە خوارەوە، کیسەکەم پڕ بەردی گەورە گەورە کرد، چواردەورەی سەری بیرەکەم بە ریحان چاند...
بۆنێکی پیس لەناو بیرەکە دەهات، بۆگەنی و پیسی لێوە هەڵدەقولاّ... لە درزی دەرگا دارەکەوە دەمبینی جەلادەکان ئازارەکانی رۆحم دەخۆنەوە،

لەسەر تەرمی هەزارەها کوژراوی لەسێدارەدراو رونیشتوون... چاوەکانم داخست، لەناخەوە کەوتمە مەلەوانی لە جیهانە پەمبەکە و دەستم کرد بە وتنەوەی نزاکانم...

_ ئەی خودایە ئارامیم زۆرتر بکە! بەرگرییم بۆ رووناکی خۆشەویستی بەزەبر زۆرتر بکە! رۆحەکەی من بۆ دلۆپێک لە مەی و گەیشتن بە حەقە مەزنەکە، بەشەوق و سۆزەوە دەکولێت.

جەلادەکە شەقێکی تێهەڵدام و هاواری کرد:

_ لێرەش... دووبارە لێرەش... پەڕ و شەی دەکەیت؟!

_ ...

_ هەڵسە، ئیمڕۆ کۆتایی تۆیە... بخوێنەوە.

ئەو دەیویست دوا وشەکانی کۆتایی مرۆڤی بۆ بڵێمەوە، ئەوانەی بەرەو جیهانی فانی دەڕۆن، بەڵام من نەدەمردم... من نامەوێ بمرم. بۆ بخوێنم.

_ بخوێنە، زەندیقەکە ئێستا دەمریت!

_ دەمەوێ و حەز دەکەم ببمە زەندیق... دەمەوێ ببمە زەندیقی خۆشەویستی حەق.

_ کەواتە گەردەنت بێنە پێش.

جەلادەکە چۆن ملی بزنێک بادەدات ملی بادەدام، ملمی خستە ناو قەفی گوریسەکە... تەختەدارەکەی خستە بن پێیەکانم و دارەکەی راکێشا و بەهەڕەشەوە وتی:

_ ئێستا چ دەبێژیت؟

_ منم حەلاج...

لەناکاو و بەخێرایی تەختەدارەکە لەبن پێیەکانم رادەکێشا و کەوتمە خوارەوە، جەستەم دەلەریەوە و هەناسەم گیرا و نەفسم نەما، گوریسەکە رۆحە یاخییەکەمی تەنگاو کردبوو... پێیەکانم دەکوتا... خوێنم لەسەرم کۆبووە و چیتر دڵم توانای نەما خوێن بەرەو سەرم رەوانە بکات، رامانێکی دۆزەخی بە مێشکم گوزەری کرد. لەناخەوە هیوایە پەمبەکان ختووکەیان دەکردم، بەبێ ئەوەی بخوازم چاوەکانم داخران.

**حەلاجیات**

**ژمارە (٣١٢)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممە ١١ی یولیۆی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.**

**چاوەکانم کردووە تا ببینم چۆن بە قەنارەکەوە هەڵواسراوم، پەتی سێدارەکەم لە گەردەنە. هێشتا نەمردووم... مردن لێرە چ مانایەکی هەیە؟ جیاوازییەک هەست پێ ناکەم، بمرم یان نەمرم. یەک راستییم لەبەردەم دایە، دەبێ من سەرکەوم و کۆڵ نەدەم... دەبێ جیهانە پەمبەکە، ئەوەی لەناوەوەم رووەوە و پەیدابووە، لەبەر چاوانم سەما بکات... بەردەوامیش پەخشان دەکات و دەبریسکێتەوە..**

**گەورەکەیان وتی:**

**_ قسە بکە... واز لە ناوەکەت دەهێنیت و بەرائەت دەدەیت؟**

**_ منم حەلاج. لەوەش بەرائەت نادەم، من بە حەلاجی لەدایکبووم، بەرائەت و سازش لەوە واتە مردنی جیهانە پەمبەکە، واتە تیرۆرکردنی شادییە راستەقینەییەکەی لەناخم پەیدابووە.. منم حەلاج.**

**جەلادەکان سەیری یەکتریان کرد و بەتووڕەییەوە یەکێکیان وتی:**

**_ بۆ منی جێبهێڵێە...**

**منی بردە زیندانێکی تاریکی بنەوە، بە دە سەکۆ گەیشتمە بنەوەی زیندانەکە، ئەوەندە تاریک بوو هیچم لێ دیار نەبوو، هەستم بە شتێکی لووس کرد، لە پێیەکانم دەئاڵا... لە ترسانا راپەڕیم، قاچەکانم راتەکاند، جەستە لووسەکە بە دیوارەکە کەوت و فیشکەیەکی تیژم بیست: مارێکی نابەد بوو، بەو تاریکییە، ویستم بزانم چ روودەدات، دەستەکانم دەکوتا، دەستم بەرەو دواوە برد، گەیشتمە دیوارێک و شتێک بە پەنجەکانم کەوت، جاڵجاڵۆکەیەک کەوتە سەرشانم، دەستەکەی ترم بۆ لابردنی بەرزکردەوە، دووپشکێک پێیوەدام _ دووپشکەکە _ بەر لەوەی فڕێی بدەمە سەر ئەرزەکە، سێ جاری تر بەتوندی و بەژانەوە پێیوەدام.**

پەنجە ژەهراوەکانم ئەستوور بوون و خزاندمە ناو گیرفانم، لە شوێنەکەی خۆمەوە کەوتمە سەرزەوییە قووڕاوییەکە، هەستم بە بۆنێکی بۆگەن و شتێکی پیس و سەرما و بێدەنگی و تاریکی کرد...
مارەکە تێمئالا _ مارێکی نوێ _ ڕەنگە ئەو جارە لە گەردەنم ئالابێت... ڕەنگە گەیشتبێتە سەرشانم؟ پێش ئەوەی لە خۆمی بکەمەوە، دووپشکێک بە پێیە رووتەکەی وەدام.. سیسرکە پیسەکە، بۆقێک قرەقرِی بوو، هەستم کرد مارەکە قووتیدا و خواردی، مشکێک بەخێرایی دەرپەڕی.
چەند ساتێکی ژیان تێپەڕی و چەند بیرەوەری کۆنیش بەژاوەژاو هەڵچوون... وەک پەڵی سەرابێکی سپی، نەمدەزانی چەند لەوێ مامەوە و کەوتوومەتە کێندەرێ ئەو زەوییە... کات و شوێنەکەم لێ ون بوو. هەستم بە چواردەورەی خۆم کرد. دەبێ ئێرە گۆڕەکەم نەبێت؟ هیچ پەیوەستێکم بەو گەردوونە نەمابوو.

حەلاجیات
ژمارە (٣١٦)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی سێشەممەی ١٦ی یولیۆی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

لە مەندی و کپی شەوەکە بەئاگا هاتم، پاسەوانەکەم خەوی لێکەوت، سەری بەسەر باسکە درێژەکەی کردبوو، چەقۆیە خوێناوییەکەشی لەناو دەستی بوو... لەناو ژوورەکە مێزێکی دار دانرابوو، برێک خوێی نەرم، بێ بایەخ لە گۆشەیەکی رووکرابوو، من هەر بەقژمەوە بە بنمیچی ژوورەکەوە هەڵواسرابووم.
خۆم جووڵاندەوە هەستم دەکرد، بە ئامێرێکی تیژ قەف قەف قژم دەبڕن. لەو رەوشەدا، خەمی گەورەم ئەوە بوو، نەمدەتوانی و توانام نەبوو بۆ ئەو رووناکییەی دوور لە ویست و ئاگایی پاسەوانەکان، دزی کردبووە ژوورە خوێناوییەکە، سوجدەیەکی بۆ بەرم. دەستم بە وتنەوەی سرووودەکانم کرد:

_ ئەی خودا، ئەی خولقێنەرە مەزنەکە.
پاسەوانەکە بەترسەوە راپەڕی و چاوەکانی هەڵپشوێت.
_ لەعنەت! دیارە هێشتا هەر خەریکی پەڕ و شەکردنی؟
چەقۆ ژەنگاوییەکەی خوێنی لەسەر مەییوو بوو، بەڕووم بەرزکردەوە و لە سکی چەقاندم! چەقۆکەی دەرنەهێنا... گەڕایەوە بخەوێت سەری لەسەر هەردوو باسکی دانا و خەوی لێکەوت و پرخەیەکی بێزارکەری دەهات.
ئارەزووم دەکرد، چەقۆکە زۆرتر لە قوولایی سکم رابکەم، بەڵام دەستەکانم لەپشتەوە بەسترابوون. ئازار و تیژی چەقۆکەم پێ خۆشتر بوو، دەمویست کۆتایی بەو ژینە نەگریسەم بهێنێت باشترە لەوەی، لەوێ، لەکن ئەو پاسەوانە پیسە بەدکارانە بگیرێم، ئازارەکانم دەچێژی تا بگەمە فەنابوون.
دڕندەکان ئازاد و باڵکراوەن، کەس ناتوانێت رێگایان پێ بگرێت و بەربەستیان لەبەر نییە، هەر بۆ ئازاردان، ئازاری خەڵک دەدەن و دۆزەخیش قسەیان بۆ دەکات.
جیهانە خوێناوییەکە، تیشکی لەناخمدا پرشنگی دەدا... لەودەمانە هەموو شتەکانم لەبیرچوو.
کە چاوەکانم کردەوە، بینیم، منیان بە کۆنە عارەبانەیەک بەستاوەتەوە و رامدەکێشن، منیان لەناو پووش و گیای سەر عارەبانەکە شاردەوە، چاویان بەستام و گالیسکەکە دەلەنگی و دەڕۆیشت. کەمێک چاوم گەرم کرد، لەگەڵ زەبری شەقی پۆستاڵێکی رەش بەئاگاهاتم... بانگیانکردم:
_ هەڵسە و گۆڕێک هەڵکەنە...
برسی و لات و سیس و شەکەت بووم... ئینجا چاڵێکی بچوکم لەو دەشتە بۆ خۆم هەڵکۆڵی، ناوچەکە چۆڵ بوو، ژیانی تێدا نەبوو، تەنها جەلادەکان زیندوو بوون... یەکێکیان هاواری کردە سەرم:
لە ناوەکەت بێبەری نابیت؟
وەڵامم نەدایەوە، پاڵێکی بەرەو چاڵەکە پێوەنام، کەوتمە ناو چاڵەکە و هەستم بە ئارامییەک کرد و خۆڵیان بەسەرم داکرد.

**حەلاجیات**

**ژمارە (٣٢٠)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممە ٢٥ی یولیۆی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.**

**لەناو زیندانەکە چەند تەرمم بینی، لەوێ کەوتبوون، چەندین دۆشەکی ڤالام بینی، بێ بایەخ لە گۆشەکان هەڵدرابوونەوە سەریەک. پێکەنینم هات و لەدڵەوە وتم:**
**_ کەواتە من تەنها نیم...**
**لە پیاوێکی خەوتوو چوومە پێشەوە، بینم هێشتا خوێنی لێ دەچۆڕێتەوە، برینێکی گەورە بە پشتی سەرییەوە بوو، نازانم نیوچەوانی بە چ رەشهەڵگەڕابوو؟ ئای کە سەیرە، پیاوەکە سەروسمێڵ و برۆکانیان تاشتیبوو... دەموچاوی بە حوبری رەشی چینی بۆیەکرابوو.**
**بۆچی بۆیەکرابوو؟ پیاوەکەم نەناسی. ئەوەش بەس بوو کە نەمناسی. دەیانەوێ بیگۆڕن. یان دەیانەوێ بە هەر شێوە و نرخێک بێت، بە دەستی خۆیان بیگۆڕن. رەنگی خۆم لەبیرکرد... چۆنیان بۆیەکردم و بە چ رەنگێک بۆیەیان کردم؟**
**هاوڕێیەکەم راهەژاند و ویستم بەئاگا بێت، سەیری دەموچاوم بکات و بزانێت بە چ رەنگێک بۆیەیان کردووم. سوودی نەبوو... هیچ جووڵەیەکم هەست پێ نەکرد، بینیم سینگە ماندووەکەی هەڵبەزودابەز دەکات. بەئارامی بەتانییە خوێناوییەکەم بەسەر دادایەوە و وازم لێی هێنا.**
**چوومە نزیک یەکێکی تر... لەسەر ئەرزەکە خۆی گرمۆڵە کردبوو، بێ پێخەفیش بوو... قاچێکی شکاو بوو، نینۆکەکانی پێیان دەرهێنابوو. ماکی شین شین، بە دەموچاوی و سینگ و نیوچەوانییەوە بوو... بەزەحمەتی بەرزم کردەوە و خستەمە سەر یەکێک لە رایەخ ڤالاکان.**
**خۆم گرمۆڵە کرد، بەو بەیانییە هەستم بە ماندووبوون دەکرد. لەناکاو بۆرژام، هەتا سەتڵێک ئاوی ساردیان پێدا نەکردم، بەئاگا نەهاتم، لە ترسا راچڵەکیم...**

گەورەکەیان وتی:

_ تۆ کێی؟

_ حەلاجم...

_ بیبەن. دیارە هێشتا سوورە لەسەر شێتییەکەی؟

منیان راپێچی ژێرزەمینێکی درێژ کرد، کە چەند ژووری بچوک بچوکی بەسەرەوە بوو، ژوورەکان بە فڕنەکانی جەهەنەم دەچوون. ژوورەکان هەموو کەرەستەکانی ئەشکەنجەدانیان تێدا بوو. ئاگام لە خۆم نەبوو، موچڕکێک بەلەشم داهات، دەترسام. چاوەکانم داخست و خۆم گرتەوە، لەناخەوە چاوم لە جیهانە پەمبە ناسک و جوانەکەم کردووە...

منیان فڕێدایە یەکێک لە ژوورەکان، بە قامچی کەوتنە سەرم.

حەلاجیات

ژمارە (٣٢١)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی هەینی ٢٦ی یولیۆی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

هەتا جەستەم هەڵئاوسا لێیاندام، خوێن و ئارەقەیان تێکەڵکردم، وەک ئەوەی بارێکی گرانم لەسەر پشت بێت ناڵەم دەهات.

_ زوو بەرزی بکەنەوە با دابنیشێت... قاچەکانی بەرزبکەنەوە!

فەلاقەیان کردم و بەدار، لەبنی پێیان دەدام، لێیاندام، تا پێیەکانم هەڵئاوسان، تامم لە رەنگی چاوی پیاوە دڕندەکان وەردەگرت و سەیرم دەکردن... هەر چەند بنی پێیەکانم ئەستوور و بەژانتر دەبوون، ترووسکایی چاوانم سست دەبوو، کە داری زۆرتریان بە لێدانم دەشکاند و داری نوێیان دەهێنا، هەستم بە لێدان و ئازارەکان نەدەکرد، قاچەکانم سڕ دەبوون، بە ئەشکەنجە و لێدان هەستم بە تامێکی نامۆی سەیر دەکرد.

_ بیکەنەوە... با هەڵبستێتەوە و غار بدات!

به هەردووشانم بەرزیان کردمەوە، دەبوایە راوەستم و رابکەم، خۆم پێ رانەدەگیرا و کەوتمە سەر کاشییەکە، دووبارە بەرزیان کردمەوە و پاڵیان دەدام:

_ رابکە و غار بدە!

چەند هەنگاوێکم بەناچاری هاویشت، سەروسەر بەربومەوە سەر دەموچاوم. منیان دایە بەر شەق... نازانم چەند شەقم بەرکەوت؟ نازانم... هەتا ئەو سەری ژوورەکە تێیانهەڵدام و دووبارە هەر بە شەق منیان هێناوە... بوومە تۆپەڵەیەکی خڕ و ژانم زۆر بوو، لەودەمانە پێکەنینێکی لەعنەتیم گرتبوو... ئەوانە چییان لە من دەوێت؟ ئەوانە بە خۆیان پێناکەنن؟ دەموچاوم ببووە یەکپارچە خوێن، لەبەر خوێنپرژانەکە چاوەکانم نەدەکرانەوە، لووتم مشت خوێن ببوو، خەریک بوو بخنکێم.

سەبر سەبر شتەکان ون دەبوون... تا وام لێهات هەستم بە شەقەکان نەدەکرد و گوێم لە هاتوهاوارەکان نەدەبوو، هەستم بە پێیە گەورە و قورسەکانیان نەدەکرد، لەسەر سینگی جیهانە پەمبەکەم بورامەوە، نەمدەویست هەتا هەتایێ هوشیار ببمەوە.

کەی بوو منت بینی... کەی؟ نازانم... منت بینی بە دەستەکانم بە بنمیچەکەیان هەڵواسیبووم.

کە چاوم کردەوە، جەلادە گەورەکەیان جگەرەیەکی لوولدراوی ئەفیونی هەڵدەمژی، بە دەستەکەی تریشی، پێکێک وێسکی لەدەستدابوو. پێکەکەی لێم نزیک کردەوە: دەخۆیتەوە؟ بە سەیرکردن وەڵامم دایەوە و دووبارە چاوەکانم داخستنەوە. وەک ئەوەی لە شوێنێکی دوورەوە، قسە دەکات گوێم لێبوو دەیووت:

کە بەئاگا هاتەوە بیهێنەوە.

حەلاجیات

**ژماره (٣٢٣)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی یەکشەممە ٢٨ی یولیۆی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.**

**چاوەکانم کردەوە، تا باش دیمەنەکە ببینم، چاوەکانم هەڵپشێوت... ئەوە خەونە یان واقیعە؟**
**ژنێکی رووتیان سەربەرەو خوار هەڵواسیبوو، توند بە گوریسێک هەردوو قاچیان شەتەک دابوو... ژنێکی تری رووتیان، بە قژەوە هەڵواسیبوو... ژنێکی تریان بە مەمکەکانی هەڵواسیبوو...**
**ئای... بەربوومەوە و بورامەوە. ئەو ژانە لە هەموو ئەشکەنجەکانی تر قورستر و زەحمەتتر بوو.**
**ئاوی ساردیان بەسەرم داکرد و بە قیژاندنەوە بەئاگاهاتمەوە...**
**_ بەس ئازاری بدەن! لەجیاتی ئەو ئازاری من بدەن. یان لێرە دوورم بخەنەوە...**
**_ تا نەفرەت لە ناوەکەت دەکەیت، ئازارت دەدەین، وازدەهێنیت؟**
**_ ....**
**_ بە دیوارەوە بیبەستنەوە.**
**منیان بە دیوارەکە بەستایەوە، دەستیشم لەپشتەوە بەسترابووەوە. منیان بە شێوەیەک بەستایەوە، تا ژنە هەڵواسراوە رووتەکانم لێوە دیار بێت. ژنی یەکەم ناڵەی دەهات. سینگە ناسکەکە شین هەڵگەڕابوو، یەکێکیان مەمکەکانی و سکی و رانێکی زام و ئازاری بەرکەوتبوو... ئەنگوستی پێم نەدەبینی... نینۆکەکانم نەدەبینی... چاوم لەسەر ئەرزەکەی ژێرەوەیان گیرا، نینۆکی دەست و پێیەکانیان لەسەر زەوییەکە کەوتبوون. دووبارە بورامەوە. تارمایی ژنە رووتەکان دەهاتنەوە بەرچاوانم و لەناخم سەمایان دەکرد. بەئاگا هاتمەوە و جەلادەکە لێم نزیک دەکەوتەوە و پرسی:**
**_ ناوت چییە؟**
**_ حەلاج...**
**_ دیارە هێشتا شێتی!**
**دەستی بۆ مەمکی رووتی یەکێک لە ژنەکان برد و بڕی. ژنەکە لەبەر ژانەکە هاواری لێ هەڵسا... هەموو گیانم بۆی هەپڕوون بە هەپڕوون دەبوو.**

چاوەکانم داخست تا بەو رەوشە ژنەکە نەبینم. جەلادەکە بەتوندی شەقێکی لێدام:

_ سەیر کە...

وەک چۆن پارچە گۆشتی بەرخی لەسەر دەست بێت، مەمکی ژنەکەی لەناو دەستی بوو. پارچە گۆشتەکەی لەناو دەمم دانا. بەتوندی پارچە گۆشتەکەم ماچ کرد، بە فرمێسکیش تەڕم کرد، بە فرمێسکە گەرم.... گەرم... گەرمەکەم...

خوێنە پاکە نازدارەکە، جەستە و عەورەتی ژنەکەی داپۆشیبوو، ژنەکە کفنێکی قورمزی داپۆشیبوو. جەلادەکە لە ژنەکە نزیک دەبێتەوە، مەمکی دووەمیشی دەبڕێت و فڕێی دەداتەوە سەر سینگی... ژنە نێچیرەکەش بورابۆوە و ئاگای لە خۆی نەمابوو.

حەلاجیات

ژمارە (٣٢٥)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی سێشەممە ٣٠ی یولیۆی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

جیهانە پەمبەکە دەستبەردارم مەبە... وازم لێ مەهێنە!

ژنە رووتە مەمک بڕاوەکە، هەموو دیمەنەکانی لێم شێواند و ئاڵۆزی کردم. ناتوانم چاوەکانم بکەمەوە یان دایانبخەم و سەیری بکەمەوە. ژنەکە منگەی دەهات و گنەگنی بوو کە بەخۆدەهاتەوە، ناوی خەڵکەکەی دەوتەوە، ناوی منداڵەکانی؟ نەمدەزانی ناوی کێ دەڵێتەوە، براکەی... باوکی... یان خۆشەویستەکەی؟ نازانم... ناوی خەڵکی دەگوتەوە... ئینجا دووبارە دەبورایەوە. ژنەکە هیچی لەبەرنەبوو، رووت رووت بوو، هەردوو مەمکی بڕابوو، تەنها کفنە قورمزییەکەی داپۆشیبوو.

وەحشێکی تریان بەرەو ژنەکەی بە قژییەوە هەڵواسرابوو رۆیشت. ژنە ورد و جەستە بچوکەکە، گەنجەکە جار بە جار چاوەکانی دەکردەوە، سەیری بنمیچی ژوورەکەی دەکرد... چەند وشەیەکی بەهاوارکردنەوە دەردەبڕی و دووبارە دەبورایەوە.

ئەی مردنە دڵۆڤانەکە! من ببەرەوە! من ببەرەوە لای خۆت ئەی مردن!

_ پیاوە دڕندەکە!

بە دووچاوی حەیوانییەوە سەیرێکی کردم و وتی:

هێشتا نەمردویت، هەر زیندوویت، ئەی پیاوە پیسەکە؟

پاش ساتێک لێم نزیک کەوتەوە... لێم نزیک کەوتەوە و هۆڤیانە منی دایە بەر شەق. دەستی دایە چەقۆیەک و گوێچکەیەکی بڕیم.

ئوتویەکی کارەبایی سوورکراوەی هێنا...

ئوتوەکەی بە سینگی ژنەکەی بە قژەوە هەڵواسرابوو وەنا، لەگەڵ ئەو ژانە زۆری نەمابوو بسکی بپچڕێت. لەگەڵ هاواری ژنەکە، زۆری نەمابوو ژوورەکە بروخێت. ژنە مەمکبڕاوەکەش، بەزەحمەتی چاوەکانی کردەوە. بۆنی سووتانی ژنەکە ژوورەکەی داگیرکرد، بەوەیان ورە و توانام داوەشا و بەیەکجاری رووخام.

پیاوە جەلادە وەحشەکە هەستی بەوە کرد و وتی:

ئێستا لە ناوەکەی بێبەری نابیت و نەفرەتی ناکەیت؟

....

بەردەوام مرۆڤێکی تر لە ناوەوەمدا هاواری دەکرد: با بەیەکجاری بتکوژن، با لەو ئازارە کوشندەیە دەربازت بکەن. چ بەو دونیایە پیسەت دەبەستێتەوە، ئەو دونیایە فانییە؟

جیهانە پەمبەکە، لەبەر چاوەکانم سەمای دەکرد، وێنەی ژنە رووتەکانیش ئاڵۆز بوون... ئوتویە سوورکراوەکەی بە روومەتی چەپم وەنا... هەتا دووکەڵی لێ هەڵنەستا ئوتوکەی لەسەر روومەتم هەڵنەگرت.

حەلاجیات

**ژماره (٣٢٧)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممە ١ی ئۆگستی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.**

**ژنە رووتەکان، ژنە هەڵواسراوەکان بە بنمیچەکە... ژنە مەمکبڕاوەکە وشک هەڵگەڕابوو، رەنگی زەرد. هەستم نەدەکرد ژنەکە هەناسەی مابێت. نیوەی شەو بوو پیاوە جەلادەکە رایدەهەژاند. بانگی هاوڕێیەکەشی دەکرد:**
**_ بیبەن، بیگوازنەوە مردووە...**
**گوریسەکە بەیەکجاری لە ژنەکە ناکەنەوە، بەش بەشیان لە جەستەی دەبڕی... یەک یەک قاچەکانیان کردەوە و دوایی رانەکەشی. دوایی باسکەکانی و سینگیان کردەوە... سەریان بەرامبەر ژنەکەی بە مەمکەکانی هەڵواسرابوو راگرت، کە بە هەردوو چاوە خەملیووی مایەپووچ، سەیری عەدەمیان دەکرد.**
**یەکێکیان بەرەو ئەو ژنەی بەقژییەوە بەسترابۆوە رۆیشت، ئاگری جگەرەکەی بە مەمکی چەپی ژنەکە کوژاندەوە. بزمارێکی لەناو لەپی چەقاند، بە دیوارەکەی وەنووساند و قژی پاک تاشی، هەردوو برۆکانیشی تاشی، ژنەکەش هەر منگە منگی بوو، بە زاراوەی بەدحاڵ جنێوویشی دەدا.**
**جیهانە پەمبەکەم تەم داگیری کردبوو... مەبەستیان بوو بەرچاوم بگرن؟ مەبەستیان بوو لەناخەوە بیکوژن؟ چاوەکانم داخست و سەیری ناوەوەی خۆم دەکرد، وەک جاران نەدەبریسکایەوە و بروسکەی نەدەکرد، وەک جاران نەبوو... وێنەی ژنە رووتەکان... سەرەکە وشک و بەستراوە هەڵواسراوەکەی بەرامبەرم... نکۆڵی دەکرد و سازشی نەدەکرد، دیار بوو نەمردبوو...**
**چاوەکانم کردەوە... ژنە هەڵواسراو بە هەردوو مەمکی، بانگی حەقی دەکرد، بە شێوەیەک دەگریا لەوەتی ئەشکەنجە دەدرێم گوێم لەو گریانە نەببوو... بەبزەیەکەوە وتی:**
**_ تۆ من دەبینیت؟**
**_ بەڵێ تۆ دەبینم... بریا کوێر بووام!**
**_ کەسی خۆشەویستت هەیە سترانی بۆ بچڕیت؟**
**_ بەڵێ!**
**_ خۆشەویستەکەم حەقە...**

_ تۆی حەق... ئەی...
_ ئەی فریشتەی جیهانە پەمبەکە...
ئارەزووم کرایەوە... هەموو شتەکانم لەبەر چاو ون بوون، تەنها وێنەی ئەو فریشتە ئەفسوناویە نەبێت... لە خەونە ناخۆشەکەم بەئاگاهاتمەوە. هێشتا جەلادەکان بە دار و بە قامچی لێیان دەدام(١).

(١) ئەوەش ئاماژەیە بە ئازارەکانی ناو زیندانەکان و وشکاندنی کەرامەتی ژنان لەبەر خێزانەکانیان، بەسەرهاتی وا لەپاش ساڵی ١٩٦٣ی زاینی زۆر بوون.

بەشی سێیەم

حەلاجیات
ژمارە (٢١٦)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی شەممە ١٧ی فبرایەری ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

زۆردار و ستەمکارە سەرشێتەکان بوون، منیان لە پەڕ و شەکردنی دونیا بەردەوام و پەرۆش بم... ئەوان و زەمانە توند و بەدکارەکەی تێدا دەژین. زۆردارەکان زاڵمن، ترسنۆکترین بونەوەری یەزادانن!
عاشق کەسێکی بەهێزە، مەزنە، کە شەیدا و پەرۆشی حەق و جوانی دەبێت، هەموو ژیانی لەگەڵ ئەو عیشقە گردارە بەسۆزە بەڕێ دەکات... ئەو کە

خۆشەویستی دەکات، ئارەزووی خنکاندنی خەڵکی تر ناکات، ناخوازێت دڵیان هەڵبکۆڵێت و فڕێی بداتە سەر دڕک و داڵەکان.
ئەو دڵەی دەتوانێت، یەک مرۆڤی خۆشبوێت، دەتوانێت، هەموو جیهانی خۆشبوێت...
عاشقەکان... عاشقەکانی حەق و جوانی، ناتوانن زۆردار و ستەمکار بن، چونکە دڵدارن، ئەڤین دادپەروەری و حەق و ئاشتییە..
کە مرۆڤێک، زوڵمیک لە خەڵک دەکات، بێگومان دڵی ئەو کەسە ڤالایە، لە هەموو جۆرەکانی سۆز و وەفایەک... بووە بە بەردێکی ڕەق و هەستی تێدا نییە، ئەو کەسە مردووە و ناچێتە ناو خانەی جیهانی زیندەوەرەکان.
زۆردارەکان، بە ترسنۆکییە دەست دەوەشێنن و خراپە دەکەن، چونکە! ئەوەی زوڵم لە هەر کەسێک بکات لێیان دەترسێت، ناخوازێت خەڵکەکە بگەنە مافەکانی خۆیان و بژین... ئەگەر عاشق بێت، هەرگیز دڵدارەکان ناخنکێنێت.
ئەو کەسێکی ترسنۆک و بێغیرەتە، بۆیەش، دڵە هەستیارە دڵدارەکان دەکوژێت... بەدزی و دوور لە ڕووناکی دەیانکوژێت(١).
ئەو کەسێکی بودەڵەیە، دەیەوێ بژیت و خەڵکی تریش ئازار بچێژن...
ئەو کەسێکی پیسە، چونکە لەناو پانایی دەریایەکی پیس مەلەوانی دەکات، کوێرە، هیچ و پووچ و نابووتە...
بەردەوام بە خەڵکەکە دەڵێت:
_ (بژی دادپەروەری) (بژی حەق!).
بەردەوام زۆردارە زاڵمەکان، دادپەروەری و حەق دەخنکێنن، بەئاشکرا و لەبەرچاوان زوڵمەکانیان کردووە، دڵی زۆردارەکان، بە هەست و چالاکییەکانی مرۆڤەکان سەخڵەت و دڵزار دەبن.
ئەوانە، بە درۆ سروودی دادپەروەری دەڵێنەوە... ئەوانە سەری حەق دەبڕن... هەڤاڵبەندی دەکەن، بەدزی کار دەکەن ژیان و جوانییەکان بدزن، بەهارەکان بدزن.
ئای چەند ترسنۆک و حەقیرن... تێناگەن و نازانن شادمان نابن کە خەڵکەکە ڕووت دەکەنەوە.

زۆردارەکان _ هاوڕێیەکانم _ ترسنۆکترین بونەوەری خودان... شێت دەبم و سەرسامم... ترسنۆکەکان، لەبەر ڕووناکی خۆرەکە، دەست لە کوشتن ناپارێزن، خۆیان بە گەورەی ئەو زەوییە دەزانن!

---

(١) گوزارشتە، لە نارەزاییەکان لەسەر زوڵم و ستەمەکانی لە ساڵی ١٩٦٨تا ٢٠٠٣ی زاینی کراون.

حەلاجیات

ژمارە (١٣٥)ی ڕۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی ڕۆژی ١٣ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.

کیژە گچکەکەم! تاوانت چییە لەو زەلکاوە لەدایک دەبیت؟ من هەتا گەردەنم کەوتۆمەتە ناوی... ملم... تێدا خنکاوم... هەردوو باڵی جووڵە و فڕینەکانم؟ هەردوو قاچەکانم توانای ڕۆیشتنیان نەماوە... ڕۆحم غەرقی ناو قووڕە، هەر ڕۆحەکەم و بەس، کۆشش دەکات تا لە جەستە بۆگەنەکەم دەربازی بێت، ڕزگاری من دەربازبوونی ڕۆحەکەمە...
ئەزیزەکەم... کیژە بچوکەکەم! چەقۆی جەلادەکان سینگی شەقار شەقار کردووم، هەناوە بۆگەنەکەم، بەڕووی ئاوێنەی جیهان کراوە و رووتە... کیژەکەم، بۆنی هەناوە بۆگەنەکەم ناکەیت؟! بۆنەکە وا خەریکە جیهان دەخنکێنێت...
برینەکانم بەقەد برینی گەردوون قووڵە... چەقۆیە ژەهراوییەکە بەردەوام برینی زۆرترم لە هەناودا دەکات...
خەمی جیهانە بەژانەکە، لەناو فەزای برینە قووڵەکەم لورەلوریەتی...

به دوو لێوە ناسک و جوان و بەستەزمانەکەت، بزەم بۆ دەکەیت؟! بوار مەدە برین و سۆییەکانم سارێژ ببنەوە... با برینەکانم گەورە و بەژان و گەورەتر بن... تا هەموو جیهان دەیبیستێت... بوار بدە، ناخم شەق شەق بێت، خەون و مەبەستەکانم بە چەقۆیە ژەهراوییەکان لەت لەت بێت... هیچ جۆرە هیوایەکم نەماوە، تەنها دەربازبوونی رۆحم ماوە!
ئازار؟ مایەپووچە... ئازار؟ وایە... ژیانیش بایەخی نەماوە! هیوا نەزۆکە قوولەکانم سوودیان چییە؟! حەلاجیش ناتوانێت چیتر داماوانە بژیت، حەقە سەوزەکەش لەناخی بە چەقۆی ترسنۆکەکان بکوژرێت... بۆ دەربازکردنی رۆحە فیداکارە نەمرەکە کۆشش بکات...
سوودی چییە و بە نائومێدی بگیرسێمەوە؟ برینەکانیشم نائومێدی و بێ سوود بێت... مایەپووچە چەند لێی نزیک دەبمەوە، گرێیەکی زنجیرەی کۆتەکانی رۆحیشم دەپچرێت، بۆشایی ئاسمانە بێگەردەکە بەرامبەر دیدەم فراوانتر دەبێت... کام نیگا و چاو؟ کیژە بچوکەکەم ئەوە دیدی رۆحمە...
سینگە رووتەکەم بە دوو پارچەیی ماوەتەوە... دووکەڵی سووتانی ناخم دەردەکات. بڵێسەکەش لەسەر هەڵچوون و هالاوکردنە، رۆحم ئازاد و سەربەست نابێت، هەتا جەستەم نەبێتە پارچەیەک لە خۆڵەمێش. بەبزەیەکی تۆ، کیژە بچوکەکەم ناکوژێتەوە، بۆ شادییە مەزنەکەم دڵشاد و کامەران بە: ئەگەر ئاگرێک بۆ سووتانی خەم و بێزارییەکانم هەڵگیرسا؟! بۆ فشار دەکەن ئەوە بزانن؟! هەست بە تاوانێکی گەورە دەکەم، چونکە تۆم بۆ ناو ئەو چڵکاوە پیسە خولقاند... کیژەکەم لێبوردنەکەم قبوڵ دەکەن؟
تاوانم چییە ئەگەر دیدم تاریک بووبێت؟ تەمی زەلکاوەکە تاریکی کردبێت. خەڵکی چواردەورەم کوێرن و هیچ نابینن؟ پاش خۆم، تۆم بەو شێوەیە خستە ناو گۆمە پیسەکە... خەباتەکەم سەختە... جگەربڕە... نازانم: لەو خەباتە سەردەکەوم؟ رۆحم کۆتکراو لەناو زەلکاوەکە، دەمینێتەوە؟
لە تاوانەکەم ببوورە ئەی کیژە بەستەزمانەکەم!

**حەلاجیات**
**ژمارە (١٣٠)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی هەینی ٨ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.**

**کیژەکەم من تاوانبارم**
**کەسایەتی فەیلەسوف لەناخمدا گەورە بووە و ژیانی داگیرکردم. دژایەتی زۆرم کرد و فەیلەسوفیم نەدەویست، حەزم بە کەسایەتی مرۆڤی ئاسایی بوو، بەسادەیی و بێ هیوا بژیم(١)، سەرنەکەوتم و فەیلەسوفی بەسەرمدا زاڵ بوو!**
**ئایا فەیلەسوف دەکرێ ببیتە باوک... ها کیژە بچوکەکەم؟**
**هزرە شێتەکەم، بە هەزارە بیرۆکە سەرقاڵە... هەست و هۆشم دەگاتە هەموو گۆشەیەکی ئەو جیهانە، سینگم هەموو تیشک و رامانێک دەگرێتەوە... هەموو پەڵە هەورێکی رەشیش.... باوکێک ئاراستەکانی بەرەو هەموو جیهان بێت سۆزی باوکیەتی تێدا دەبێت...؟ کەسێک سینگی خەمی هەموو دونیای تێدا بێت سۆزی باوکایەتی تێدایە؟ لەبەر تۆ دەترسام ببمە فەیلەسوف... بەڵام وا بوومەتە فەیلەسوف... ژیانم بۆ هزر تەرخان کرا... بۆ گەردوون... بۆ خەڵکەکە بۆیە ژیانم کورت دەبێتەوە کیژە بچوکەکەم...**
**دایکوباوکم تاوانبارن منیان هێناوەتەوە ناو ئازاری ئەو جیهانە... ئەوان بوون منیان دروستکرد... منیان گەیاندە ئەو ژیانە مایەپووچە. ئەگەر سەرپشکم بکەنەوە بۆ ژیان و گەیشتن بەو هەوارە، یەک سات لە نەهاتن، دوودڵ نەدەبووم و ژیانم رەفز دەکردەوە... بۆیەش من ئیمرۆ کەوتۆمەتە ململانێیەکی توند و سەخت... من ژیان و جیهانێک رەتدەکەمەوە، بەناچاری و دوور لە ویستی خۆم تێدا دەژیم...**
**چەند تاوانبارم بەرامبەر _ من _ بە تۆ کیژە بچوکەکەم، من تۆم گەیاندە دۆزەخی ئەو دونیایە... دۆزەخی ئەو سەردەمە! ئای ئەگەر دەزانیت، رۆژانە ئازارەکانم چەند گران و زەحمەت دەبێت، رۆژانە گەورە دەبیت و لە ئازارەکان نزیک دەبیتەوە و زۆرتر لە توندکارییەکان و هەست بە بارە گرانەکانی ژیان دەکەیت...**

من تاوانبارم... کیژەکەم، ئەو ژیانە تژیە لە تاوانباری گەورە(٢)! لەو ساتەی بوومەتە فەیلەسوف، رۆژانە هەستکردنم بە تاوانەکان زۆرتر دەبێت... بەناچاری دەبێ هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەو جیهانە بکەم و لەناخەوە رەفزی دەکەمەوە!

ژان و ئازارەکان، وەک بورکان لەناخمدا دەلەرێتەوە... کانییەکانی ئەشکەنجە و خەم دەتەقنەوە، جەلادەکان دەست بە چەقۆ رووبەڕووم دەبنەوە... من دەبینم چۆن چەقۆ تیژە خوێناوییەکەیان، دەگاتە گەردنە تەڕە ناسکەکەی تۆش و پارچە پارچەت دەکەن.

نەخێر... نا کیژە جوانەکەم، چیتر ئازارم مەدە، بەسە ئازار و سزاکانی هەستکردنم بە تاوانەکانم بەسە!

من تاوانبارم! من گوناهبارم کیژەکەم!

---

(١) گوزارشتە لە زەحمەتی دەربازبوون لە دووڕوویی، لەنێوان داواکاری رۆژانە و ژیانە فەلسەفییە سۆفیگەراییەکە.

(٢) گەنج بووم و بڕیارم دابوو ژن نەهێنم، یەکێک لە پوورەکانم ئاگاداری ئەوەیە، بۆیەش بەناز و ناسکییەوە هەڵسوکەوتی لەگەڵ کردم، ئەو پێی دەووتم: وریابە! ژیانت دەبێتە دۆزەخ... چونکە ئەگەر تۆ ژنت هێنا، رووبەڕووی فەرمانێکی نادیار دەبیتەوە، دەکەویتە نێوان دوو داواکاری، ئەو چۆن لە مانای دووجەمسەر و دووڕوویی تێگەیشتبوو، وای باسی دەکرد، ئەگەرچی ئەو پوورەم نەخوێندەواریش بوو، بەڵام ژنێکی هوشیار بوو، لە هەموو کەس، باشتر لە من تێدەگەیشت. بەڵام بە دوور لە خواستی خۆم ژنم هێنا، رێساکانی سروشت و کۆمەڵگە سەرووی ویستی خۆم، منی بەرەو پرۆسەی هاوسەرگیری برد. ئەوەش هزرەکانی فەیلەسوفی شاعیر ئەبی عەلای ئەلمعەری بەبیرهێنامەوە، کە یاساکانی سروشت، مرۆڤ لەسەرووی ویستی خۆیەوە بەرەو هاوسەرگیری دەبات. رەنگە رەهبانیەت بۆ هەموو مرۆڤێک زەحمەت و پڕ کێشە بێت.

من هەموو بەرپرسیەتییەکە ناخەمە ئەستۆی دایکوباوکم، داوای لێبووردن لە رۆحە کۆچکردووەکەیان دەکەم، من خۆشمدەویستن و شەیدایان بووم، ئەوان

دایکوباوکێکی ناوازەش بوون. ئەوەشم وەک بیرۆکە بە نمونە هێنایەوە. لە سروشتی ئادەمیزادی بێدەسەڵاتی وەک من، بەرپرسیاریەتییەکە دەخاتە گەردەنی خەڵکی ترەوە!

حەلاجیات

ژمارە (١٣٢)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی یەکشەممەی ١٠ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.

کەی ئەو جیهانە تەواو دەبێت _ کیژەکەم _ تا رۆحمان لە ئازار و مەینەتەکانی ئەو دۆزەخە دەربازی بێت؟

ناتوانم لەو جیهانە مایەپووچە بژیم و بەرگەی مانەوەم ناگرم، جیهانێکە کوێرە، پڕە لە گورگی هار و چەقۆی جەلادەکان. ئەگەر بژیم، دەبێ لەناخەوە بژیم، تەواوی ژینەکە بژیم، گورگەکان لە جەستەی ئەو جیهانە دووربخەمەوە، هەموو خەڵکەکە لە ئامێز بگرم و بیانپارێزم. ئەو جیهانە بوارم دەدەن و دەیانەوێ وا بژیم؟

هەزارەها منداڵی وەک تۆش _ کیژەکەم _ لەناو خوێن دەگەوزن، سەریان بڕاوە. پەنجە ناسکەکانیان، بە لقی دارەکان و لەبن هێلانەکان کەوتوون. چاوە کەسکە بەستەزمانەکانیان، کەوتونەتە بەر رەشەبای دەریاکان، شەپۆلەکان هەڵیاندەپەڕێنێت، بەرەو قووڵاییان دەبات و گورگەکان لە بێشەڵانەکانی ئەو جیهانە لورەلوریانە. چەقۆیە تیژە بەخوێنەکان، لەناو گۆڕستانی زیندووەکان و لەسەر گۆڕەکان دەبریسکێنەوە.

ئەگەر من بژیم، مانای ئەوەیە دەبێ هەموو منداڵەکان _ وەک تۆ _ بپارێزم، ئەزیزەکەم، ئایا ئەو جیهانە بوارم دەدات ئەوە بکەم!؟

من تاوانبارم، كه بیر له ژیانێک دەكەمەوە، تێدا نەتوانم و بوار نەبێت، بەرگری له حەقیقەت بكەم، هۆشمەندییش، لەوەدایە بەرگریكردنیشم سوودی نییە، مایەپووچی وەک ژیانەكەیە.

من تاوانبارم، ئەگەر یەک سات، بیر لەوە بكەمەوە لێرە بژیم، لەسەر قەراخی دۆزەخەكە. بەجۆشەوە هەموو شتەكان، من بەرەو هەڵدێر دەبات.

من تاوانبارم. ئەگەر تۆم دروستكرد _ كیژەكەم _ بۆ ئەوەی شاهیدی لەسەر كوشتنی باوكت، لەسەر بەرگریكردن له جیهانێک بەرگری تێدا نەبێت بدەیت! كیژە بەستەزمانەكەم، پاش ئەوەی درک بەو راستییە دەكەیت، ئازاری زۆر دەچێژیت؟! ئاوەزە فەیلەسوفەكەم، هەتا هیلاكبوون هاوڕێیەتیم دەكات. ئەویش هانم دەدات بیانوویێک بۆ ژیان و ئاوێتەبوونم بەو خەڵكە بدۆزمەوە، ئەو خەڵكە بۆچی دەژین؟ هەندێ جاریش، پێداگری دەكات و دەپرسێت: بۆچی ئێمە دەژین؟ یان: بۆچی ئەو گەردوون و ژیانە سەریهەڵداوە و پەیدا بووە؟ بەوەش ئازارەكانم زۆرتر دەبن؟ سەرسام و ئەبڵەق دەبم و دەترسێم كه خۆم بەو رەوشە دەبینم، لەناكاو، دەكەومەوە ناو بۆشاییەكی گەورە و فراوان. هەڵدێرێک هیچ بڕیار و بانێژە و بوارێكی تێدا نییە.

ئای! كیژە شیرینەكەم، بەستەزمانەكەم، تۆم گەیاندە ئەو خەرەندە. تۆم له عەدەمەوە هێنایە ئەو عەدەمە، تۆم له بەختیارییە ئەبەدییەكەوە هێنا؟ من زۆرتر هەست بە قورسایی تاوانەكەم دەكەم، بیر لەوە دەكەمەوە، زەحمەتە تۆ له لوتكەی شكۆداری بژیت، جیهانە رەنگینە جوانەكەی تۆم وردوخاش كرد، تۆم لەو تەمەنە جوانە لەناو دۆزەخێک زیندانی كرد؟

نازانم. رۆژێک تۆ له تاوانەكانم دەبووریت؟ هەست بەو هەموو ئازارانە دەكەیت و لێم دەبووریت؟ ئەوەندەم بەسە، له باوكم نابوورم، ئەویش منی لەو جیهانە بە زیندان حوكمدا، وەک شێتی ناو زیندانێک، بە گاڵەگاڵ و ژاوەژاو حوكمی خۆم داوە، بەردەوام دەبم و قسە دەكەم، ئایا له تاوان و گوناهەكانم خۆش دەبیت؟

**حەلاجیات**

**ژمارە (١٣٣)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی دووشەممەی ١١ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.**

**کیژەکەم... من بەندکراوم... رۆحم لەناو چڵپاوی گوناح و تاوانەکانە!**
**بەیانی... روو لە چۆڵەوانی دەکەم، روو لە خەڵوەتگە بچوکەکەم دەکەم، لەوێ لە بنار شاخە سەرکەش مەندەکە(١)، گۆشەگیر و تەنها و دوور لە خەڵکەکە، ژیان دەکەم، رۆژانە سوجدە بۆ خۆرەکە دەبەم، بە ئارەقەی نیوچەوانم، دەستنوێژەکانم هەڵدەگرم و چاوەڕوانی هەڵاتنی تیشکە راستەقینەکەی خۆر دەکەم، خۆری رۆحە ئازادەکەم لە هەموو کۆت و بەندەکان...**
**هەر ئەبێ و هەر ئەوەیە... رێگاکەم هەڵبژاردووە، خۆم ئەو ئازارەم بۆ دڵەکەم دەستنیشانکردووە و ئازارم دەدات، کیژەکەم، کە من بیر لە تۆ دەکەمەوە، دەزانم برسیت دەبێت، تینووی خۆشەویستی و سۆز و ئارامی باوکە شێتەکەت دەبیت... تاوانی من نییە... تاوانی ئەو کەسەیە، منی هاویشتە ناو ئەو جیهانە.**
**حەلاجیش منداڵی هەبوو... تەنها مستە خۆڵەمێشێکی تەرمەکەی بۆ منداڵەکانی جێهێشتبوو.... خۆڵەمێشەکەش ئاو رایماڵی، منیش، لەو دونیایە بێجگە لە ژان و خەم و بێزارییەکان، چیترم نییە بۆت بەجێبهێڵم؟!**
**کیژەکەم... وا من دەستم بە پەڕ و شەکردن کردووە، دەمەوێ گەردە پیسەکە لە خۆم دەربکەم، کە خاوێنیش بوومەوە، بەختیارییە سەرمەدییەکە لەناخم دەکەوێتە سەما، چۆن بتوانم بەختیاریت بۆ دابین بکەم، ئەگەر رۆحت بە گەردی دونیا گیرابێت، منیش... منم تۆم خستووتە ناو گوفەک و زبڵدانەکە؟ من تۆم خستووتە ناو چڵکاوەکە، ئایا من دەتوانم دەربازت بکەمەوە؟ تۆش ناتەوێت دەربچیت و کوونە لووتەکانت بەو بۆنە پیسە گیراوە، تەمیش بەرچاوەکانتی گرتووە و بینینت وێڵە. خەڵک چ لە باوکت رەچاو دەکات، تۆش هەر ئەوەی لێ دەبینیت... چ لە کەسێکی شێت و گەڕ رەچاو دەکەیت... نازانن من شەیدا و پەرۆشی خۆرە راستییەکەم.**

خۆشەویستی حەق _ کیژەکەم _ گران و قورسە، هەموو گەردەن و ملێک بەرگەی ناگرێت، پێی هەڵناگیرێت... تیرۆژێکی خۆرەکە، دەتوانێت هەموو گیان خاپوور بکات. لەو جیهانە نوێیەدا، بوارەکانی مرۆڤ روو لە شێتی و ونبوون و سەرگەردانییەکی فراوانە. دووریش لە هیوا و سۆز. ئایا تاقەتی ئەوەت هەیە ستوونەکانی خیوەتە خۆلاوییەکەت هەڵبگریت، شوێن پێی باوکە شێتەکەت بکەویت؟ ترسم من لەوەیە... دەترسێم لەناو زەلکاوەکە بمینێتەوە، دەروازەی هۆشت کلیل بدرێن... منیش... بەتەنها بسوتێم، زۆر بسوتێم و سۆزم بۆ حەق گەرم بێت و سووتانم لەپێناوی تۆدا بێت، تا ئەودەمانە لە بوون دەسڕێمەوە... لە ژاوەژاوەکانم ببووریت.

---

(١) پاش تێپەڕبوونی چەند ساڵێک بەسەر ئەو رۆژە، بەڕاستی خۆم لەسەر چیا و ناو بەردەلانەکان دۆزیەوە، ئەوەش چەند دەیە ساڵی خایاند، بوارم بۆ نەڕەخسا هەلاتنی تیشکە حەقیقەتەکەی خۆرە چاوەڕوانکراوەکە ببینم، ئیتر کەوتمە ناو پەیوەندی و کۆتەکانی کۆمەڵگەکە و بواری ئازادی و تەئەمولم نەبوو... خەڵوەتگەیەکم دەست نەکەوت.

حەلاجیات

ژمارە (١٤٤)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی هەینی ٢٢ی سیپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.

بواریان بدە و دەستیان مەگرە _کیژەکەم _ با کەولم بکەن و پێستەکەم پڕ کا بکەن و بۆ فرۆشتنم لە بازاڕا هەراجم بکەن، بازاڕی چەرچییەکان، منیش

پەرۆشی ئەو رۆژەم و پەلە دەکەم، حەز دەکەم و پەرۆشم کەوڵم بکەن، تا پێستێکی نوێیم لێ دەڕوێتەوە.
بواریان بدە _ کیژە گچکەکەم _ با سینگم شەقار بکەن و گەمە بە دڵم بکەن، من سووتاوی ئەوەم و ئەوەم گەرەکە، چاوەڕوانی ئەو رۆژە دەکەم، بۆگەنییەکانم ناخم پاک ببێتەوە، چڵکاوەکانی لێ دەربچێت، دڵم خاوێن ببێتەوە.
لێیگەڕێ، با ئازارم بدەن، من خۆشی ئەو ئازارانە دەبینم، کیژەکەم دەزانیت شەوانە قاچم فەلاقە دەکەم، بە بنمیچی ژوورەکە هەڵیدەواسم، سەرم بەرەو خوارە و قورسترین ئازار و ئەشکەنجە دەچێژم!؟
بوار و رێگای راستی سەختە، خاک و بەرزایی زۆری بۆ دەبڕن؟ کاروانی ئەو بوارە ئازاری زۆری ویستووە، منیش دەمەوێ ببمە رێبوارێکی ئەو کاروانە.
پێستە هەڵزراوەکەم، شانازی بە هەڵواسین و نمایشکردنەکەی دەکات، کە دەڵێن:
_ سەیر بکەن! خەڵکەکە! سەیر بکەن، چۆن پێستی ئەو لەعنەتییە بەدکارەمان کەوڵکردووە!
پێستەکە پیس و قووڕاوییە، چۆنتان دەوێ فڕێی بدەن، پێستە نوێیەکەم زۆر جوانە، رەق و توندە و لە پتەویی وێنەی نییە، چونکە بەشێکە لە چنینی حەق، هەزارەها چەکیش، ناتوانێت بیبڕێت، هەموویان لەکاردەخات و گوللەش نایبڕێت، چونکە حەق پارێزگاری لێ دەکات، ئایا لەو جیهانە، هێز هەیە لە هێزی حەق بەهێزتر؟
بەزەیی و گاڵتە بەو کەسانە بکە، کە پێستە پیسە کۆنەکانیان، نیشانی خەڵک دەدەن، ئەوانە نازانن، بەوە مەبەستیان تەنها دەرخستنی پێویستیەکانە، بەوانەی پەراسووە بۆگەنەکانم بەرزدەکەنەوە، نیشانی خەڵکەکەی دەدەن و دەڵێن:
سەیر بکەن، چۆن دڵمان بڕیوە و پەراسوومان هەڵتەکاندووە!
ئەوانە _ کیژە بچوکەکەم _ ، ئەوانە، بەقەد داهۆڵی ناو باخچەکان نازانن، داهۆڵەکانی قەلەرەشی پێ دەترسێنن، پێبکەنە و پێیان نیشان بدە، زۆر بەختیاری و خەمگین مەبە.

**حەلاجیات**

**ژمارە (١٩٣)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی هەینی ١٠ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.**

**زۆر ئەو پرسیارە دەکەیت: بۆچی خەمەکان لەناو هەناودا بۆگەن دەبن و نابنە گوللەی شۆڕشێک؟ زۆر لە گوللەکان دەبنە رەشاشی ئاگرپڕژێن و پەیکەرەکانی ستەم دەسوتێنن، زۆر لە خەمەکان دەتوێنەوە، یان لە نێوان پەراسووەکان بۆگەنی دەبن و دەخنکێن.**
**خەم و کارەساتە مەزنەکان، پیاوی مەزن بەرهەم دەهێنن، ئەگەر بەسروشتی بتەقنەوە، گیراوەکانی ناو زیندانەکە، لە پیاوە بەریشە شێتەکە کۆدەبنەوە و گاڵتەیان پێ دەکرد، ئەو بە تاوانی کوشتنی یەکێک لە دوو ژنەکەی گیرابوو، ژنەکەی زۆر وەحشیانە کوشتبوو، ژنەکە ژنی دووەمی بوو، زۆریش ناسک و بەرێز و ناسکیش بوو، ژنەکەی کوشتبوو، تا شەڕ و ململانێیەکانیان تەواو بێت و مێشکی ئیسراحەت بکات. کوشتنەکە وەحشیانە بوو... _ وەک چۆن خەڵکەکە ناوی لێ دەنێن _ پاش ئەوەی ژنەکە دەخنکێنێت، دەیسوتێنێت و تەرمەکەی پارچە پارچە دەکات و دەیهاوێتە ناو کەند و چاڵەکانی نزیک گوندەکەیان.**
**دیارە پیاوە بکوژەکە شێت بووە، ریشێکی درێژی بەردابووەوە، خەریکی زیکر و خواپەرستی و نزیکبوونەوە بووە لە خالیق، خەڵکەکەی لێ کۆدەبێتەوە و بە زاراوە و قسەی ناشیرین ناوی دەبەن و باسی دەکەن.**
**خەڵکەکەش، هەموویان ئەوانیش تاوانبارن، لە جڤاتەکە و یاساکانی دەرچوون، زۆربەیان تاوانباری گەورە و خوێنرێژ بوون، منیش تاوانبارم، لە سەرەتاوە ژیانە پیسەکەم رەفز نەکردبوو، ئەوانیش تاوانبارن، چونکە بواریان بەخۆیاندابوو لەناو چڵکاوە پیسەکە مەلەوانی بکەن، هەندێکیان**

تاوانیان دەرحەق بە خۆیان کردبوو، کە وازیان لە خۆشی و ویستەکانی جەستەیان هێنابوو، رۆحیان کەلەپچە کردبوو و دەیانخنکاند.
لێرە پیسییەکان دەژیت، زۆر پیس و بۆگەنەکان، خەڵکەکەش بوونەتە بەشێکی پیسی ئەو ژیانە، ئەگەرچی زۆربەیان لە خودی ژیانیش یاخی ببوون، بەڵام زۆربەیان بەپیسی و بەناشیرینی یاخی ببوون، کەوتوونەتە ناو هەڵدێری زبڵدانەکە.
بەشێکی کەم لە خەڵکەکە لێرەیە، ئەوانە گەیشتونەتە ناو زیندانەکان، چونکە لەسەر پیسییەکانی جڤاتەکە یاخی ببوون، ئینجا کۆمەڵگەکەش فڕێی داونەتە ناو بیرە بۆگەنەکە، ئایا کۆمەڵگەکەش پیس نییە؟ ئەوەندە پیسە دەکرێ، ئەوەندە پیسە، بۆیە پیسەکان و دوژمنەکان، وەک توندیی و بەدکارییەکانی خۆیان، بەزەبر و توندکارییەوە قەڵاچۆیان بکەن(١).

---

(١) گوزارشتە لە رەوشە کۆمەڵایەتییە سیاسییەکەی ئەودەمانەیە، گرتن و زیندان چارەنووسی خەڵکە خەباتگێر و ئۆپۆزسیونەکە بوو، زۆریان دەگیران و لەگەڵ تاوانبارە ئاساییەکان، ئەوانەی لەسەر تاوان و لاسارییەکان دەگیران تێکەڵ دەکران و لەناو یەک زیندانیان دەکردن.

حەلاجیات

ژمارە (١٩٥)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی یەکشەممە١٢ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.

لەیەکێک لە سەردەمە تاریک و پاشکەوتووەکان، قوربانی دەستی چەوساوەکان بووم، پیادە بووم و زۆر شەکەت و ماندوو بووم، لەسەر گومبەتێک خۆڵ و لەسەر جۆگەلەیەکی بەپێچوپەنا دانیشتبووم، جۆگەلەکە بەناو چەندین گوند دەڕۆیشت و مەزرا و باخچەکانی ئاو دەدا، لە قەراخ

جۆگەلەکە، دارودەوەن و گیای کێوی زۆری ڕووابوون، خشۆک و بۆق و زیندەوەری ئاوی زۆری تێدا دەژیا.
بیرم لە ڕۆیشتنی ئاوی جۆگەلەکە دەکردەوە، چۆن پێچی دەکردەوە، نەرم و ئارام دەڕۆیشت، پووش و گەڵا و پەلک و وردە داری وشکی هەڵگرتبوو، لێرە و لەوێش دانە دانە گیردەبوون و دەوەستان، ئاوەکەش نەدەوەستا و دەڕۆیشت و لەبەر هیچیش نەدەچەمایەوە.
لەوبەری جۆگەلەکە پەپوولەیەکی زۆر جوان باڵەفڕەی بوو، لەسەر لقی حوشترالوکێک نیشتەوە، دووبارە هەڵفڕییەوە، بە بایەکی سووک کەوتە خوارەوە و کەوتە ناو ئاوەکە، هەردوو باڵەکەی لەسەر ئاوەکە کرانەوە، وامزانی پەپوولەکە لەناوچوو و فەوتا و ون بوو، هەردوو باڵی فڕەفڕیان بوو، ئاوەکە لەگەڵ خۆی بەرەو خوارەوەی دەیبرد، پەپوولەکەش تەنگاو ببوو، لەدڵەوە ئارەزوویەکی گەرمم هەبوو پەپوولەکە خۆراگرەکە دەرباز بکەم، دیار بوو لەوە شکۆدار و مەزنتر بووم چاوی لەوە بێت من یارمەتی بدەم، گەیشتە چڵێکی وشک، بەسەر چڵەکە کەوت و بەرەو چڵکەدارەکە خشی، ئاوی تەڕبوونەکەی لە جەستەی دوورخستەوە، منیش ساتێک چاوەڕوانم کرد، لە چاوەڕوانی ڕەوشەکە مامەوە، سەیرم دەکرد تا هەڵسایەوە و بەرەو گیا و لقەکان هەڵفڕیەوە، هەناسەیەکی جوانی خۆشحاڵیم هەڵمژی و هەڵسامەوە بڕۆم، ڕێگاکەم گرتەوە بەر، زانیم هیوا و ئامانجەکان ئەستەم و زەحمەت نییە، دیارە کە _ مرۆڤ _ دەگاتە پایەداری و توانای پەپوولەیەکی لاوازیش؟
مانگی ئەپریل بوو، گوڵەسوورەکانی ئەو مانگە، لەنێوان مێرگە کەسکەکە سەرجۆگەکەیان بە ڕەنگی سوور نەخشاندبوو، وەک لێوی ناسکی تەڕ و ناسکی کیژۆڵەیەکی چاوەڕوان بێت، لێوی بمژن و شلە شیرینەکە بخۆنەوە.
گوڵاڵەسوورەکان، لەناو کێڵگە و مەزرا و گوڵەزەرد و وەنەوشەییە کێوییەکان، ڕەنگە سوورەکەی گەرمتر دەردەکەوت و ئاوێزانی یەکتر ببوون، لە تابلۆی هونەری هونەرمەندێکی مەزن دەچوو. دەبێ ئەوانە هەموو بۆ پێشوازی من ئامادە و ساز بن؟ دیارە من کەسێکی زۆر مەغدورم، کە شێتانە و زۆر بەگەرمی ژیانم خۆشدەوێت، کۆششی بۆ دەکەم و ماندووم.

لێرە، لەناو ئەو زیندانە پیسەدا، دەمەوێ بیرەوەرییە درێژەکان، هەزارەها چرکەساتی ژیانم بەبیربێتەوە، دووبارە بیردەکەمەوە: ئایا ژیان شیاوی ئەوەیە بۆی بژیت؟ دیارە ناتوانم وەڵامی دروست بدەمەوە، تا بیرێک نەکەمەوە: بۆ من پیسییەکانی ژیانم بینی، ئەگەر ژیان جوانییەکی نەمری مەزنی تێدایە؟ بۆچی من لەناو تەمەکانی پیسی بژیم، ئەگەر دەمتوانی جوانییە پاکە ناسکەکەی لەئامێز بگرم؟

حەلاجیات

ژمارە (١٩٧)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی سێشەممە ١٤ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.

هاوینی ساڵێکیان و لە سەردەمە تاریکەکاندا، من راونراو بووم، بە داسەکەم درووێنەم دەکرد، درووێنەکە، یەک مانگی خایاند، بە خۆرەکەی سەر سەرمان دڵم زۆر خۆش بوو، کە جەستەم دەبووە یەک پارچە ئارەقە، لەودەمانە، ئەو چەند دێرە شیعرەم بەبیرهاتەوە کە نووسیبوم:

لەگەڵ جووتیارەکان و داسم لەدەستە، لەناو تەبارەکان بڵاوبومەتەوە
پێیەکانم، بە دڕکە تیژەکان زامدار دەبوون
بە درووێنەکردن ئارەقەم دەکرد، ملم
هەردوو چاوەکانیشم تەڕ دەبوون و
تارمایی و خەمەکانم ون دەبوون.
لەناخەوە، خۆری مانگی ئەیارم لێ هەڵدەهات
ئەوەش خەم و ژان و فرمێسکی چاوانی لێ دەڕواندمەوە...

لەگەڵ شەکەتبوون و ماندووبوون بەختیار دەبووم، کە کارم دەکرد شادمان بووم. لەو رۆژانەی لەناو سروشت کۆشش و خەباتم دەکرد، رۆژە خۆش و کامەرانەکانم بوو، کە خۆری نیوەڕۆکانی مانگی گەلاوێژم لەسەر پشت بوو.

لەناخەوە هەستێکی گەرمم بۆ بوژانەوە و سەرلەنوێی هەڵسانەوە تێدایە، زۆریش سۆزم هەیە، بۆ رۆژانی ژیانە رۆحییە پاکەکان، چاوەکانم پڕ فرمێسکی گەرم دەبن، ئایا دووبارە سەرینەکەم بە ئەسرینی چاوەکانم، شەوانە تەڕ دەبنەوە؟

نازانم... بۆ؟ من لە منداڵییەوە بالیفەکەم تەڕ بوون، بۆ دابڕان و نەمانی دڵسۆز و خۆشەویستەکانم گریاوم، بۆ دابڕانی برادەرەکانم، لەبیرمە پاش کۆتایی سەردەمە تاریک و ناخۆشەکان گەڕاومەتەوە شارەکەمان، کەس لە هاوڕێیەکانم لە شارەکە(١) نەدۆزیوەتەوە، دووبارە بۆیان گریاوم:

چەندجار لەو شارە، بۆ ئارامی و کامەرانییەکان بەشەیدایی گەڕاوم

چەندجار دڵم سووتاوە و ئازاری خواردووە و بۆ سۆزەکانم نەماوم

چەندجار پرسیوومە: کوا خۆشەویستەکانم، ئەی شارەکەی داماوم

من شەهیدێکی زیندووم، ئەڤینەکەم توند و سووتاوە، دیار نییە نێوچەوانم داغکراوە؟ ئاگری سۆز و خۆشەویستی سووتاندویەتی، خۆشەویستی ژیان و هاوڕێیەکانم، برادەرەکانم، ئاوارە داماوەکان، ئەوانەی لەناخەوە دوور لە خۆیان لە وڵاتەکەیان دەژین، بۆیەش خۆشەویستیم دەوێت و خەڵکەکەشم خۆشدەوێت، چ بکەم؟ بوومەتە شەهیدی ئەڤینە سەرمەدییەکە، نابینن چۆن ئاگرەکە من دەسوتێنێت؟ یان ناچارم منیش وەک _ پیرەمێرد _ بڵێم ئاگرەکە بکوژێنەوە، ئەو ئاگرەی کفنەکەمی گرتووتەوە! بەڵێ! با ئاگرەکە بکاتە خۆڵەمێش، شنەباش لەسەر کێڵگە و باخچەی جووتیارە خۆشەویستەکانم بڵاویبکاتەوە، بەوەش گوڵاڵە سوورە و گوڵزارەکانی بەهار دەڕوێن.

دووبارە و سەرلەنوێ، رامانە ترسناکەکە یەخەم دەگرێتەوە، ئایا من کە شەیدا و ئاوارەی ئەڤینم شایستەی ژیانم؟ ئەگەر من رازی بم، جەستەم زیندانی بکەن، چۆن رازی دەبم ئەڤینە مەزنەکەم کۆت و زنجیر بکەن؟

---

(١) مەبەستم شاری کەرکووکە، تێدا خەڵکێکی زۆر کوژرا و دەربەدەر بوون، ژمارەیەکیشیان خرانە زیندانەکانەوە، زۆر لە خەڵکەکەش نائومێد و رووخاو بوون.

حەلاجيات
ژمارە (١٩٨)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی چوارشەممەی ١٥ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.

هەفتەیەکە ددانەکانم ژان دەکەن، بیرم لەوە کردیتەوە دەریانبهێنم... بەڵام وازم لە بیرۆکەی دەرهێنانی ددانەکانم هێنا، وەک بەشێک بۆ ئازاردانی خۆم بەرگەی ژانەکانم گرت...
دیوارە پیسەکان ناڵەیان دێ، تەنگەنەفسی و ماندووبوونی ناو زیندانەکەم زۆرتر دەبێت و پێچم پێ دەکات، بۆنەکە پیس و کوشندە و ترسناک بوو... لێرە ژیان سەری بڕاوە و تەمەنە لەعنەتکراوەکەم سەبر سەبر ئازارم دەدات، دیلی خۆشم لەبیرکردبوو و ئاگام لە دەرگا ئاسنە داخراوەکەی دەرەوەم نەمابوو...
ئارەزوومە بەژان بم... ئازار ، هەتا رۆحم سەربەست دەبێت و ئازادییە راستەقینەکەم دەگەڕێتەوە، دەربازبوونە کۆتاییەکەی ئازادی بە رۆحم دەبەخشێت... ئازادی ویژدان؟ ئەو ئازادییەش مانای حەقە... سەرکەوتنی حەق لە ناخەوە و نەفرەتکردنی هەموو گرێیەکانی ترس و ترسنۆکی و دوودڵی و بەدەستهێنانی ئازایەتییە راستییەکە.
رۆژێکیان، بابەتێکم خوێندەوە تێدا نووسرابوو، زاناکان گەیشتوونەتە ئەو راستییەی پێستی مرۆڤ دەتوانێت ببیستێت و ببینێت... جاران وا زانرابوو، کە پێست تەنها هەستکردنی هەیە، بۆیەش ئەو زانیارییە لە پێست نوێ بوو، یان مرۆڤ زۆر درەنگ ئەوەی زانیبوو؟
من وادەزانم مرۆڤ، وزەی زۆر گەورەی تێدایە... زۆرتر لەوەی مرۆڤ هەستی پێ دەکات، مرۆڤ مەزن و بەتوانایە، لەوە زۆرتر خەیاڵیش مەزندەی دەکات، بەهێزە و بەپیتە و گەشە دەکات و زۆر دەبێت، بۆیەش بۆ رامان و سەرسام بین، ئەگەر پێست ببینێت و ببستێت؟
ئەوەی جێگای بایەخە مرۆڤ، بەهرە و وزەکانی بخاتەگەڕ و توانا مەزنەکانی کار پێ بکات، من وادەزانم، مرۆڤ ئەگەر لە رۆحەوە ئازاد

نەبێت، ویژدانی بەیەکجاری لە هەموو فشارەکان و گرێیە پیس و بینینە ناوەوەی دەربازی نەبێت، ئازاد نییە... ئینجا مرۆڤ توانا و ئازادییەکان خودان دەکات، وەک مرۆڤێکی راستەقینە دەژیت... ئەوەش یەکەم بوارە، مرۆڤ وزە و بەهرەکانی بخاتە کار و مەزنییەکەی بزاندرێت.
من پەرۆش و بەلەز کۆشش دەکەم، بەرەو جیهانێکی بێگەرد و خاوێن رێ بکەم، لە رۆحەوە و بە سووتانی ناوەوەم و دەرکێشانی رەگەکانی گەندەڵییەکانی لەناخم هێلانەی کردووە ئازاد و سەربەست بم... ئازاریش هێزێکی مەزنە بۆ پرۆسەی پاکبوونەوە، ئازاریش تامێکی نەمرە ئازایەتی سازی دەکات... ئازایەتیش ویست و خواستی بۆ هەڵبژاردنی ژیان دەوێت.
کە ژیانمان خودان کردەوە، مرۆڤایەتییە سەربڕاو و لەخاچدراوی سەر کەنار و گۆمەکانی گەندەڵی و دامێنپیسی و هەڵوەشانەوەی گێڕایەوە...
بۆیەش بوار دەدەم ددانەکانم ژان بکەن... با ئازارم بدەن تا لزگین دەگەمەوە حەق.

حەلاجیات

ژمارە (١٩٩)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممەی ٦ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.

ئیمڕۆ رێکەوتی رووداوێکی مەزنی ترە لەوێ، لەناو بێشەڵان و دارستانەکانی ئەمریکای لاتینی، سۆفییە عاشقەکەی سەدەی بیستەم _ ئەرنستو گیڤارا _ دەکوژرێت، تەرمەکەی دەسوتێندرێت.
ئەوە حەلاجە و دووبارە هەڵدەستێتەوە، رۆحە حەلاجەکەی زیندوو دەبێتەوە، وەک باهۆزێک با لە چارۆگەکەی گیڤارای ناو شەپۆلە شێتەکە دەکات و بەرەو کەنارە ئارامەکەی دەبات، کە تێدا سەرکەوتنە راستەقینەکە لەسەر ژیانی تێدایە.

بەسادەیی، گیڤارا نەمردووە، تەنها بۆ بەدواداچوونی بۆ هەڵسانەوە و فەنابوون، کوشتیان و سوتاندیان و خۆڵەمێشەکەشیان شاردەوە، چونکە خۆڵەمێشی حەق بوو.
ئەویش دەبێتە شەهیدێکی نوێی حەقە مەزنەکە، ئەڤینە مەزنەکە، دەکەوێتە ناو مێژوو و لە شکۆکەیەوە دەگاتەوە حەلاج.
زەردەشت، دەگاتە کوردستان و مەند و هێمن، دەستەکانی بەرەو ئاسمان بەرزدەکاتەوە و بەشکۆ و نەوازشەوە داوای حەق دەکات: رۆحی گیڤارا پیرۆز بکەن! رۆحی گیڤارا شکۆدار بکەن(١)!
گیڤارا، بەیەکجاری سەربەست دەبێت، کە بەرەو بانگەوازی حەق دەڕوات، ژیانە راستییەکە بەخودان دەکات، بە بڕوا و ئازایانە بەرەو قوربانییە نەمرەکە دەڕوات.
گیڤارا، دەچێتە زێدە راستەقینەییەکەی خۆی، لە جیهانی حەق، منیش لەناو زیندانە بۆگەنەکەم دەتلێمەوە، لێرە چەندین دیلی تێدایە!
کۆتەکان، لە هەموو لایەکەوە قۆڵبەستمان دەکەن، ئایا ئەو قسەیە راست نییە، کە دەڵێن ئێمەی ناو زیندانەکان زۆرتر ئازادییمان هەیە و سەربەستییەکەمان لەو گێژانەی دەرەوە زۆرترە؟
ئێمە، هەر هیچ نەبێت خەیاڵێکی بەپیتمان هەیە، بە هەموو بارستاییەکانی هزر لە قووڵی و هێزەوە، بەرەو تەئەمول دەچین، بەڵام لەو نیگایەوە ئەوانەی دەرەوە لە ئازادییەکان بێبەشن.
رۆژانە و پێداویستییەکان لە هێزی خەیاڵ و گەشەی هزریان دادەماڵێت، لەگەڵ ئەوەش، کەوتونەتە ناو ململانێیەکانی چواردەورەیان، لەناو کەشە تاریکە نائومێدییەکە دەیانخنکێنێت.
لەبەر ئەوەی مردنەکەی گیڤارا شکۆدار و مەزن بوو، بۆیە خەڵک چاوی لێ دەکەن و شوێنەواری دەگرنەبەر، ئایا لە مردنی شەریف، جوانتر و نازدارتر هەیە؟ مردن دەربازبوونی راستی مرۆڤە، لە مردنە قێزەوەنەکەی ناو چڵپاوە پیسەکە.
چەند شادمانم، کە دەتوانم بەرەو کەنارەکە بڕۆم، باوەش بە مەشخەڵەکە بکەم و ئاگرەکە بگاتە ناوەوەم و دەرەوەم وەک خەڵکەکە بکاتە خۆڵەمێش!

ئەوەش لوتکەی شادییەکانمە، من بڕوام وایە ئەگەر ئازادی رۆحی لەگەڵ نەبێت، ئازادییەکان مایەپووچە، ئازادی ویژدان(٢) لە حوکم بە جورئەت و ئازایانە.

---

(١) ئەرنستو گیڤارا لە ساڵی ١٩٦٦ی زاینی، دەگاتە ناو خاکی پۆلیڤیا و گیانبازییەکی بێ وێنە لە فیداکاری سۆفیانە دەکات، بۆ بەرگریکردن لە هەژارەکانی خاکی ئەو وڵاتە، بلێسەی بەرگری دادەگیرسێنێت دژ بە زۆردار و کاربەدەستەکانی ئەمریکای لاتینی و هەموو جیهان. پاش شەهیدبوونی ئەو دەبێتە سومبلی گەنجەکان، ئێستاش وێنەکەی لەسەر سینگی زۆر لە گەنجەکان ماوە، لە بارەگای حزب و سەنتەرەکانی بزاڤەکانی جیهان، لەناو شەمەندەفەرەکانی ئەوروپا و ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاش هەڵواسراوە. من وامدەزانی خەباتەکەی گیڤارا و عیشقەکەی سۆفییانەیە بەرەو حەق، لەپێناوی حەق، وەک ڕێبازەکەی سۆفیزم.

(٢) پاش چل ساڵ لە رامان و تەئەمول، کتێبێکم بە زمانی کوردی بەناوی (ئازادی و ویژدان) بڵاوکردەوە، وەک بەردەوامییەک، بە هەمان ڕێباز و بیردۆز، بەڵام ئەو جارە فەلسەفەکەی زەردەشتم کردبووە ڕێباز.

حەلاجیات

ژمارە (٢٠٠)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی هەینی ١٧ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.

شاعیری سۆفی و عاشق _ مەولەوی(١) _ هاوشانمە و وشە ویژدانییە قووڵەکانی دەخوێنمەوە، لێرە تەمی ژوورەکەم دەڕوێنێتەوە.

چامە نەمرەکەم بەدیار دەفرە بلوورییەکە دەخوێندەوە، دەفرە بلوورییەکە پێی وتبوو: من پارچە کەڤرێکی رەقی بێ بایەخ بووم، خۆم رادەستی ئەوان کرد و منیان ورد ورد هاڕی، بوومە بە هەویر، ئەو دەفرەیان لێ دروستکردم، کە لەبەردەمت دانراوە، بوومە دەفر گەیشتە ناو دەستی پاشا و وەزیرەکان، گەیشتە کن کەسە زۆر دانا و زیرەکەکان، دەفرەکە گەیشتە سەر جۆرەها خوان و جڤات و دانیشتنەکان، دەست بە دەستی دەرۆیشت و گەیشتە ئێرە و کەوتە ناو دەستم...

مەولەوی چامە نازدارەکەی بەو شاکارە کۆتایی پێ هێناوە و وتوویەتی:

(کەس بەختیار و کامەران نابێت تا دوو جار لەدایک نەبێت(٢)... هەتا دەمرێت و دەگاتە ناو گۆڕەکەی بەقووڵی لەناو شوورەیی و ترسنۆکییدا دەمینێتەوە).

مەبەستی لە دوو جار لە دایکبوونە، جارێکیان کە لە دایکی دەبێت، دووەمیش کە حەق دەدۆزێتەوە. ئەوەی ئاگادار و دووری حەق بێت، هەرگیز دووبارە لەدایک نابێتەوە، ئەو کەسێکی بەختیاریش نییە!

ئەو سۆفییە مەزنە، بیردۆز و راستییەکی بەبیرهێناومەتەوە، مرۆڤ ئەوەی لەگەڵ بوون و لە رۆژی بوونە راستەقینەییەکەیەوە، لە ناخەوە بەرەو دۆزینەوەی حەق کۆشش دەکات.

گیڤاراش دوو جار لەدایکبووە، لە پێناوی حەقیش شەهید دەبێت، سێیەم جار لەدایک دەبێت، بۆیەش روو لە بێشەڵان و دەشت و چیاکانی ئەمریکای لاتینی دەکات(٣) و دەستماڵە سوورەکەی ئاسۆی بەو رەنگە سوورە نەخشاند.

لە قووڵایی کوردستانیش زەردەشت(٤) و _ حەلاج _ لە بەغدا، هەزارەها شەهیدیش بە کفنە قورمزییەکانیان بوار و رێگایە سەخت و ئاڵۆزەکانیان بڕی، تا کۆچکردووە نوێیەکە بەرەو ولاتە راستەقینەکەی ببەن.

وەک ئەوەی سۆفییە مەزنەکەمان _ مەولەوی _ مەبەستی _ گیڤارا _ بووبێت کە بە هاوڕێیەکەی وتبوو:

دەتەوێ چەند و چۆن بمریت، تا بگەیتە دەربازبوونە راستییەکە، لە کێشمەکێشمەکانی ژیان رزگارت بێت؟ هەرگیز ئامانجەکانت جێبەجێ نابن، بەردەوام بۆن سووی سووتانی عاشق و دڵدارەکانی بۆ ئەڤینی تۆ دەسوتێن، دەکەیت!

دڵدارانی گیڤاراش، بەردەوام لەناو تا و خۆشەویستی تۆوە دەسوتێن، خۆشەویستی کەلەمێردێکی راستەقینە، ئەوەی بەدوای بانگەوازی حەق، تا کۆتاییە مەزنەکە و ئازایانە هەنگاوی دەنا(٥).

---

(١) شاعیرێکی سۆفی رۆمانسی و بیرگەش و حەکیمێکی گەورەی کورد بووە، (١٨٠٦_١٨٨٢)ی زاینی.
(٢) بیردۆزی بەیەککەوتنی هۆشمەندی خۆرهەڵاتی لە فەلسەفەی بودا و هەموو حەکیم و سۆفییەکان، لەوانە حەلاجیش رەنگی داوەتەوە.
(٣) لەناو دارستانەکانی پۆلیڤیا، لەکاتی بەرگری و ژیانی لەگەڵ جوتیارە هەژارەکان کوژرا.
(٤) ئاماژەیە بە یەکبوونی رۆحی و بەشداری مەعنەوی لەگەڵ قوربانییەکانی زوڵم و چەوساوەکان.
(٥) هێشتا گیڤارا رەمز و سومبلی نەوە نوێیەکانە.

حەلاجیات

ژمارە (٢٠٥)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممەی ٢٣ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.

برادەرێک لە نامەیەکی کورتدا سۆزێکی کاریگەری بۆ نووسیبووم، تێدا رەوشی گرتووخانەیەکی بۆ باسکرد بووم، ئەوەش وەک نمونەیەک لە گرتووخانە زۆر بەربڵاوەکانی وڵاتەکە:
کاتەکە عەسر بوو، ئاسمان بە هەور داپۆشرابوو، خۆر زۆر بەدەگمەن دەردەکەوت، سەرماکە مۆڵەتێکی پێ دابووین، هێشتا هێرشە توندەکەی نەکردبووە سەرمان، دوێنێ ئەستێرەکان لە ئاسمانا دەبریسکانەوە، مانگ بە ئاسمانەوە بوو کە وتم: بەیانی کە لە خەو هەڵدەستین و تیشکی خۆر _ پاش

ئەوەی تیرۆژە زێڕینەکەی لەسەر چیا و دۆڵەکان دەدات _ بەرەکەتی لێمان دەدا، ئێمەش کەوتوینەتە نێوان چوار دیوار، شەوەکەم بەڕێکرد و بەیانی هاتەوە، تیشکی خۆرەکەش زیندەخەوێک بوو، منی سەرقاڵ و هەراسان کردبوو، بەڵام دەڵێم و دەنگی زۆریش سەدای هەیە: خەون هەر دەبێتە راستی، خۆرە راستییەکە هەڵدێت، ئەوکات ئارام و بەختیار دەبین.

هاوڕێیە گەشبینەکە، گەرمایی و جوانییەکانی ئەو گەشبینیەی لە باوەڕێکی قووڵ بە میللەت و رەوای دۆزەکەی سەرچاوەی گرتووە، ئەویش _ وەک من _ خۆری خۆشدەوێت، خۆری خۆشدەوێت کە هەڵدێت، چونکە ئێمە نەوەی خۆرین، تا هاوڕێیەکەم باش بناسن، فەرموو پێشەکی نامەکەی بخوێنەوە:

نامەکەتم بە دەست گەیشت... نامەکەت پەیوەندی و دۆستایەتییەکەمان پتەو دەکات، بە تیشک رۆحە فیداکارەکەت رەوان دەبێت، هاوڕێیەکم دەزانیت برایەتییەکەمان بناخە پتەوەکەی لەسەر خەبات و هاوڕێیەتی هاوبەشە، بۆ مان و بەردەوامی بنچینەکانی خەباتە گیڤاراییە هاوبەشەکەمانە.

تیرۆژێکی نەمر، لە دۆستایەتی رۆحی دەرچوو، لە یەکبوونی هزر و رۆح دۆستایەتییەکەمان گرد دەکاتەوە، رۆحە مەزنەکەی، چارۆگەکەی گیڤارای ساز دەکرد بەیەکەوەمان گرێ دەداتەوە، ئای کە زۆر لە رۆحە شۆڕشگێڕەکە مەزن و بەهێزترە!

کەس نابێتە شۆڕشگێڕێکی راستەقینە تا نەبێتە هاوڕێیەکی دڵسۆز.

دۆستایەتیش دوا پلە و باڵاترین پایەی خۆشەویستییە لەنێوان خەڵک، کەس هەیە گوێی لە سروودی (ئاشتی و دۆستایەتی)(١) نەبووبێت، کە گەنجەکانی جیهان لەو رۆژانە دەیڵێنەوە؟ ئەوەی تامی دۆستایەتی راستەقینەیی نەکردبێت، یەک رۆژ خۆشەویستی نەناسیوە، ئەوەی خۆشەویستی نەناسێت، ژیانی ڤالایە وەک چۆڵی بیرە تەپیوەکان.

هاوڕێیەتی لە راستگۆیی و وەفا و دەستپاکییەوە، سەرچاوە دەگرێت و کۆتاییەکەشی بە قوربانیدانەوە دەبێت، ئەگەر ئەو تیرۆژە گەشەی خۆشەویستی مرۆڤە مەزنەکە نەدەبوو، هەموو تام و سۆز و جوانییەکانی سەر رووی زەمین نەدەما، بەڵام زەحمەترین پێشهاتیش، بەردەم مرۆڤ، راستگۆیی مرۆڤە، لەگەڵ خۆدی خۆی. ئەوانەی ئەو جۆرە دۆستایەتییە لەگەڵ خۆیاندا بنیاتدەنێن، ژمارەیان کەمە، چونکە دۆستایەتی لەگەڵ

نەفسی خۆت کۆتاییەکەیە: دۆستایەتی راستەقینە لەگەڵ خەڵک، ئەوەی راستگۆ بێت _ برادەر _ ی(٢) خۆی دەبێت، ژیانی دوور دەبێت لە هەموو خەوش و رق و بوغزەکان، دەتوانێت وەک مرۆڤ رێزی هەموو مرۆڤێکیش بگرێت.
برادەرێکم بینی بۆ برادەرەکەی دەگریا، کە حوکمێکی قورس و زۆریان دابوو، بۆ هاوڕێیەکەی فرمێسکی زۆری دەڕشت، من لێرەوە شاهیدی ئەوە دەدەم، هەرگیز من هیچ رۆژێک چامە شیعرێکی نازدار و مەزنم، لەسەر دۆستایەتی و خۆشەویستی نەدیوە و نە خوێندومەتەوە وەک ئەو فرمێسکە.

---

(١) یەکێکە لە خەسڵەتەکانی ئەو سەردەمە رۆمانسییەی گەنجەکان پەرۆشی بوون.
(٢) گوزارشتێکی ترە لە فەلسەفەی سوکرات: خۆت بناسە!

حەلاجیات

ژمارە (٢٠٦)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی هەینی ٢٤ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.

(سامان... بتە نوێیەکە)

شاعیرە میللییە گوندییەکە بەو رستەیەی سەرەوە، رامانی لەسەر رەوشە نوێیەکەی کۆمەڵگە خێڵییەکەی تێدا دەژیا دەردەبڕی، بەڕوونی مەبەستی لەوە بوو، کە _ پارە _ واتە _ پارەی گیرفانی _ بوویتە بت، خەڵکی ئەو زەمانە دەیپەرستن، ئەویش بە برسیەتی و داماویی لەناو جڤاتە بت پەرستەکە دەژیا، بەو جۆرەش مرد و لە گۆڕستانی گوندێکی کوردستانی باشووریش نێژرا.

شاعیره میللییەکەمان، رامانەکەی هەڵە نەبوو، بۆچوونەکەی سەرچیغ نەبوو، پاش مردنەکەی _ بیست ساڵێک دەبێت _ دەرچوو _ پارە _ ژیانی بازرگانی گوندەکانی گۆڕی و لەجیاتی _ گۆڕینەوە (سەربەسەر) _ هەموو دابونەریتەکانی گۆڕی و ژیانە ئاساییە سادەکەش نەما، کەسانی چڵێس و گەندەڵ و نەخۆش پەیدابوون و هەموو رەوشتە جوانەکان نەمان، کە شاعیرەکەمان زۆر و بە سەدان چامە شیعر باسی دەکرد و بڵاویش نەکرانەوە، رۆژێکیان زۆر خەمبار و بەگلەیی دەبێت و دەڵێت:

(زانا و حەکیمەکانمان لەو زمانە داماو و برسی و کۆڵەوار دەژین)، (دەوڵەمەندە مشەخۆرەکانیش... گەنجینەکانیان پڕ زێڕە و گوزەرانیان خۆشە)، ئای کە راستی فەرمووا!

ئەو فاکتەری سەرەکی ئەو راستییەی نەدەزانی... ئەویش سامان و پارەیە، پارە کە بوویتە بەهای سەرەکی هەموو بەهادارەکان! هەستە میللییەکەی دەگەیشتە ناو قووڵایی نهێنی کارەساتەکە، بۆیە بەردەوام هاواری دەکردە سەریان و پێیدەوتن (بتە نوێیەکان دەپەرستن) هوشیار ببنەوە، لەجیاتی ئەو بتە یەزدانی مەزن بپەرستن، ئەوەی خالیقی هەموو شتەکانە.

ئای ئەو شاعیرە میللییە کوردییە چەند مەزن بوو، مرۆڤ لەو جڤاتە بوویتە دیلی ناوەوەی خۆی، دیلی بەرهەمەکانە، کە بە دەستی خۆی سازیان دەکات، ژیان چەند ناخۆش دەبێت، لە مرۆڤ خۆی زیندان دەکات، ئێمە لێرە بەو شێوەیە دەژین!

ئەو پارەی من بەرهەمی دەهێنم، دەبێتە کۆت و زنجیر و زیندان و خەم و پەلامارم دەدەن، من عەبدی خۆمم و منم پەرستیاری بتەکان، من لەناخەوە و بەقووڵییەوە بیر لەوە دەکەمەوە، تاوانی من نییە، لەو کۆمەڵگەیە لەدایکبووم، گوناحەکەم ئەوەیە من ئەو رەوشە قبوڵ دەکەم، من دەمەوێ مرۆڤ گەورەی خۆی بێت و بەرهەم و دەسکەوتەکانی موڵکی خۆی بێت، گەورەی چارەنووس و ژیانی خۆی بێت، نەبێتە کۆیلەیەکی کوێری بەرهەم و داهاتەکان.

لێرە، لەو زیندانەدا، چەند کەسێکی تێدایە، لێرە گیراون، تاوانبارکراون بەوەی دەستیان بۆ سامان درێژکردووە، سامانی خەڵکیان دزیوە، هەموو لێرە کۆیلەی سامان و پارەیە، ئەو پارەیەی بۆ خۆشی و کامەرانییەکان

پەیدابووە، بوویتە کۆت و زنجیر و زیندانی کردووین، ئەوانە بتی نوێن، هەژموونیان لەسەرمان هەیە و چارەنووسمان دیار دەکات.

مرۆڤ پێویستی بە پارەیە پێی بژیت، ئەوەش کۆمەڵگە و رەوشەکانی سەپاندوویانە، مرۆڤ دوو بواری لەبەردەمە: ئایا زوهد و کەم مەسرەفی دەکات و دەبێتە کەسێکی _ سۆفی _، بە ژیانی لادێی سادە رازی دەبێت، یان بەرنامەیەکی ناشەرعی بۆ پەیداکردنی پارە دەگرێتەبەر، من بۆ بوار و رێگای یەکەم ئامۆژگاریتان دەکەم، ئەوە بکەن، تا بتە نوێیەکە دەشکێت و پارە دەبێتە کۆیلەی مرۆڤ و دەبێتە سەگێک لە خزمەتی مرۆڤ(١).

---

(١) دەزانم ئەوەیان ئاسان نییە.

**حەلاجیات**

ژمارە (٢١٠)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی چوارشەممەی ٢٨ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٦٧ی زاینی.

شەوێکیان لەگەڵ شاعیری عاشقی کورد وەلی دیوانە، بە چامەیەکی دڵی خۆم بوژاندەوە.. خۆشەویستەکانم عاشقێکی شێت چەند جوانە!

من وادەزانم عیشق بە شێتی، یان بە نیوەشێتبوونێک تەواو دەبێت.

وەلی دێوانە، لە چیاکانی کوردستان ژیاوە، چاوی لە هەنگاوی دڵدارەکەی (شەم) بووە، کە لەگەڵ خێڵەکان گەرمیان و کوێستانی کردووە، گۆرانی بۆ عیشقە سووتاوکەی وتووە، سترانی بۆ بولبول و گوڵزار و چیا و بەرد و کانییەکان و شنەبا و سروەکانی بەیانی چریوە... داوای لە هەموو رێبوارەکان، کاروانچییەکان کردووە سڵاوی ئەو ببەن بۆ شەم.

بەو جۆرە گۆرانی بۆ شەم وتووە:

(شەم شێوەی تیری داوە لە جەرگم
کەوتمە گیانەڵڵا دواکاتی مەرگم
مەمشۆن و کفن مەکەن بە بەرگم
تکایە مەیشۆن جێی برینی لەش
با لە زام بتکێ تکەی خوێنی گەش
شەهید بێ کفن و بێ شتن چاکە
هەرکەس شەهید بێ بێگەرد و پاکە
بەڵام وەسیەتم ئەمەیە یاران
دوور لە وڵاتم وام لە دیاران
تو خوا با گۆڕم لە ڕێی خێڵان بێ
لەسەر ڕێگای شەم شاخی گێلان بێ
کێلێکی بەرز بەقەد باڵای شەم
لەسەر گڵکۆم بێ، بەبێ زیاد و کەم
تا هەرکەسێ دێ کێڵ و مەزارم
بزانێ کوشتەی دەستی دڵدارم!).

شەهیدە و کفنی ناوێت، دەیەوێ بە خوێن و برین و جلوبەرگەوە بنێژێت... ئەو شەهیدی عیشق بووە، ئای خودایە چەند مەزنە عیشق!

ئەی خودایە... بوار بدە با تیری مەزنی ئەڤین، دڵم بپێکێت و وردوخاشم بکاتەوە... با بەو شێوەیەش بمنێژن...

ئەی خالیقی مەزن، ئەی خودا، خۆشەویستیم زۆرتر تێدا بڕوێنە..

وەلی دێوانە، داوای کردووە لەسەر ڕێ عاشقان و لەناو گوڵزاری دڵداران بنێژێت... لە بناری شاخێک... چونکە شەم شەیدای چیا و و کوێستانەکانە.

ئەی خودایە چەند مەزنە ئەو عاشقە سووتاوە، دەیەوێ شەم لەڕێگای گەڕانەوەی و سەیرانەکانی گۆڕی ئەو ببینێت، بەسەر خۆڵەکەی بکەوێت، ئەوەش بە گەورەترین هیوا و داخواز دەزانێت... تۆش چۆن گەورەیی ئەڤین زامدار دەکەیت، هەمووی زامدار دەکەیت؟ خودایە لە شێتییەکانی ئەو و منیش ببوورە، ئەی خودایە!

**حەلاجیات**

**ژمارە (٢١٧)ی رۆژنامەی (ئەلیەئاخی)ی رۆژی یەکشەممە ١٨ی فبرایەری ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.**

**برادەرێک هەڤپەیڤینی خۆی و دادوەرێکی _ قەڵەمڕەوی پێشوو _ بۆ گێڕامەوە، حاکمەکە، پێداگری لە پرسیارکردن کردووە، وەڵامی بۆ پرسیارە زۆرەکانی ویستووە... سەبارەت بە رامان و هزرە سیاسی هاوڕێیەکەم، دادگاییەکەش، یەکێک بووە لە دادگاییە هزرییە ناودارەکانی مێژووە ئاڵۆزە ناکۆکەکەمان... گاڵتەجاری، سەیر و سەمەر...**
**هاوڕێیەکەم وتی:**
**من نەمدەویست باسی هیچ شتێک بکەم، بەکورتیش وەڵامم دەدایەوە، ئەویش شێلگیرانە دەیپرسی و هەڕەشە و گەڤی دەکرد، پێچوپەنا و فشاری دەکرد، تا من قسەیەک بکەم، منیش وتم:**
**_ گەورەم... راستیت دەوێت، یان قسەی هەڵبەستراو و فشەت دەوێ؟**
**_ بێگومان راستییەکانم دەوێ.**
**_ کەواتە گوێ بگرە... رۆژێکیان مەلا مەشهوور قازێکی سوورکراوەی بۆ سوڵتان هێنابوو، لە رێگا رانێکی قازەکەی خواردبوو، سوڵتانیش کە قازەکە دەبینێت تووڕە دەبێت و بە هەرەشە و تووڕەییەوە دەڵێت:**
**مەلا کوا قاچی دووەمی قازەکە؟!**
**_ قازەکە وا بوو.**
**_ چۆن!؟**
**_ قازەکانی دەڤەرەکەمان، هەموو یەک قاچیان پێوەیە... ئەگەر بڕوا ناکەیت دەتوانی خۆت بیانبینی.**
**سوڵتان و یاوەرەکانی دەچنە دەرەوە، لەنزیک مێرگێک ژمارە قازێک دەبینن، لەسەر جۆگەیەک بوون، هەموویان لەسەر یەک قاچ وەستابوون، مەلا مەشهووریش ئاماژەیان پێ دەکات و بە سوڵتان دەڵێت:**

_ بزانە گەورەم سەیریان بکە، چۆن قازەکانی ئێمە یەک قاچیان هەیە، من چیم وت؟

سوڵتان فەرمان بە پاسەوانەکانی دەکات قازەکان هەڵفڕێنن، ئەوانیش بە گوپاڵ و قامچییەکانی دەستیان، راست و چەپ قازەکان دەردەپەڕێنن، هەمووش بە دوو قاچەوە رادەکەن و دووردەکەونەوە..

سوڵتان ئاوڕێک لە مەلا مەشهوور دەداتەوە و بەتووڕەییەوە پێی دەڵێت:

_ ئەی لەعنەتی! سەیریان بکە چۆن بە دوو قاچەوە دەڕۆن؟!

_ راست دەفەرمووی گەورەم! مەولانا ئەگەر پاسەوانەکانت بە دار و قامچییەکانیان تۆش راوبنێن، بە چوارپەل غار دەدەیت و خۆتان لە زەبریان دەرباز دەکەیت!

هاوڕێیەکەم وتی:

دادوەرەکەم تووڕە کرد و وتی:

_ بێدەنگ بە لەعنەتی! تۆ سەگێکی گڕوویت..

_ ببوورە گەورەم... من سەگ نیم! بۆ ئەوەش بەڵگەم هەیە... ئەگەر سەگ بوام قاچی خەڵکم دەگرت!

_ هەی حەقیرا! من بە سەگ دەشوبهێنیت؟

_ تۆ راستییت لە من نەدەویست؟

**حەلاجیات**

ژمارە (٢١٩)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی سێشەممە ١٩ی فبرایەری ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

**لە جیهانی شێتی**

١

ڕۆژانە ژمارەی شێتەکان زۆرتر دەبن... ئەوە منیش دوو مانگە ئامادەم بەرەو شێتخانەم ببەن، یان زۆریان بۆ ماڵەوە بەڕێیان دەکەنەوە... شێتەکان زۆرن و سەدان شێتم هەیە...

لێرە... وێستگەیە، وەک وێستگەی کاروانی جاران، بەو وێستگانە دەڵێن سەرای... سەرای وشەیەکی کوردییە... دوو وشەیە، بەیەکەوە لکاوە سەر و رایییەکەش واتە ڕێگا.

لە کۆنەوە کورد بەو وێستگانە دەڵێن کاروان سەرای، هەروەها دەبێژن دونیاش کاروانسەرایە، هەندێک دێن و ژمارەیەکیش لەو وێستگانە بەڕێدەکەون و دەڕۆن، دەستە بەدەستە دێن و دەڕۆن...

لە خانە کۆنەکان و سەرای جاران، ڕۆژانە پێشوازی لە سەدان کەس دەکرا، لەوانە هەندێکیان شێت بوون، من ئەوانەم لە هەموو خەڵکی سەر رووی ئەو زەمینە خۆشتردەوێت، لەبەر هیچ نەبێت ئەوانە کەسانی ئازاد و سەربەستن، خەم لەو دونیایە بێئابرووە ناخۆن... بەڕاستی هەندێک لە شێتەکان ناسک و باش و نازدارن...

شێت هەیە کردەوەی خراپی نییە، بەخۆڕایی پێناکەنن، جنێو بەکەس نادەن و ئازاری کەسیش نادەن... شێت هەیە بەردەوام لە شەقامەکان دەخولێتەوە و پاشماوەی جگەرەی فڕێدراوی سەر شەقامەکان، کۆدەکاتەوە و دەیخاتە ناو تەنەکەی خۆڵەکە، لەبەر سەرما و لە تەنهاییش لەسەر حەسیرەکەی خۆی گرمۆڵە دەکات، بەو شێوەیە شەوە درێژەکانی بەڕێدەکات.

لێتان ناشارمەوە، زۆریش خەمگین بووم کە هاوڕێیەکەم ڕەوانەی شێتخانە کرا، زۆریش دڵنیابووم ئەو شێت نەبوو.

لەگەڵ دوو پیاوی شێت دانیشتبووم، یەکێکیان گەنجێکی جوان بوو، بەنەرمی و لەسەرخۆ و بە فۆنەتیکی ڕەوان قسەی بۆ برادەرەکەی دەکرد و داوای لێ دەکرد:

_ ئیشی چاکە و خێر بکە... خەڵک خۆشیان دەوێت! ئیش بکەن و کار بکەن... ڕەحمەتت بەردەکەوێت!

سەرم بادا و بەسەرسامییەوە هەڵسام... ئەوە چ جۆرە شێتێکە؟ دەینێرنە شێتخانە؟ بڕوا ناکەم، ئەو بە تەزووی کارەبا چارەسەر ناکرێت، چونکە شێتبوونەکەی بریتییە لە ... حەیران بوونە لە ناخەوە...

لەبیرمە جارێکیان شێتێکم بینی، زۆر لە لێدانی تەزووی کارەبا دەترسا، نازانم دەمارە بەستەزمانەکانی ئەو گوناحیان چی بوو، تا کارەبایان لێ بدەن، شێتبوون و هۆکارەکەی لەناوەوەیە و لە ناو کۆمەڵگەیە؟

حەلاجیات

ژمارە (٢٢١)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممە ٢٢ی فبرایەری ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

من عاشقم... کەواتە من شۆڕشگێرم
من شۆڕشگێرم... کەواتە من دڵدارم
هەتا عیشق لەناخی نەگاتە لوتکە مەزنەکەی مرۆڤ، ناگاتە کەمالی رۆحی شۆڕشگێری...
شۆڕشگێر ئەگەر رۆحێکی پاک شکۆداری نەبێت، چۆن دەتوانێت لەناو زیندانە بۆگەنەکان بەرگە بگرێت؟!
ئەگەر ناخیان بەهەشتی نەمر نەبێت، چۆن ژیان لە حەشارگە و تاریکی و مەینەتەکان بەرێدەکات؟
ئەگەر عاشق نەبێت، چۆن ژیانی سەختی ئاوارەیی بەڕێدەکات؟
عاشق، کەسێکی مەزنە، چونکە هەموو خەمەکانی لەسەرشانە، هەموو ئازارەکان بۆ گەیشتن بە دڵدارەکەی هەڵدەگرێت.
لەبەر ئەوەیە، من دەبینن _ براکانم _ بەخێرایی پەڕ و شە دەکەم... چونکە دەترسم نەگەمە هەواری عاشقەکان، دوا بکەوم و ئازایانە وەک ئەوان نەگەمە لوتکە... خۆشەویستەکانم دەتانەوێ بگەمە هەواری عاشقەکان...
بێ دوودڵی خۆیان شە و پەڕ بکەن، ژیان نەگریس و پیسە، دەبێ بە گڕی شۆڕش پاک ببنەوە...

کەی پێلوو خەواڵووەکان بەئاگادێنەوە، چاوەکان گەورە دەبن، تا تژی بن لە تیشکی بەهار؟ تا چاوەکانت بە تیرۆژە ناسکەکەی بەهار رەش بکەن... بەپەلە پەڕە بکەن... خۆتان ئازار بدەن و ژان بچێژن، بە ئاوی بارانە پاکەکە خۆتان بشۆن...

من بە ڕێگا دوورەکە دەڕۆم... خەمە قورسە مەزنەکانی هەموو جیهانم لەسەرشانە:

_ ئەوانە بۆچی؟

شێتییەکانی عیشق هزری شێواندوم... هەستەکانم، پێکهاتەکەم... هاواریش دەکات:

_ بوار بدە، با شان و بارت گران و قورس بێت!

خۆشەویستەکانم عیشق هێزێکی مەزنە، گەردوونی دامەزراندووە و بۆ کەون دامەزراوە، خالیقی مەزن عاشقی گەردوون و ژیان بووە، بۆیە دروستی کردووە(١)؟

زۆر بەختیارم، کە شێتی ئەو عیشقە دەبم، ئەگەرنا بڵێسەی دڵەکەم دەکوژێتەوە... تا چاوەکانم هەموو رۆژێک، هەموو ساتێک بە تیشکی خۆرە گەشەکە رەش بێت.

براکانم من کەسێکی شۆڕشگێرم... چونکە عاشقێکی شێتم.

حەلاجیات

ژمارە (٢٢٢)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی هەینی ٢٣ی فبرایەری ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

تامی خۆشەویستی چییە _ برادەران _ ئەگەر شێتت نەکات؟!

من عاشقێکی شێتم... لەسەر ڕێگام دوورکەونەوە، نەوەک ئاگر بەربێتە پەیکەرە ڤالاکانتان.
لەناو چیاکانی کوردستان سەرگەردانم وەک شاعیرە مەزنەکە _ وەلی دێوانە _ هاوار دەکەم:
کوا _ شەم _ ەکەم... کوا _ لەیلا _ ؟
هاوارەکەم لەناو چیاکان دەنگی دەداتەوە، گۆڕی شەهیدەکانیش یەک بەپانی ئاسمانیش گەشانەوە:
هەزار _ شەم _ ... هەزار _ لەیلا_ ... هەزار _ زین _ ... لەگەڵ _ مەم _ و _ هەزار کیژۆڵەکەی دەرسیم _ و _ ئەختەر _ ... لەناو چیاکان دەژین و لەناو دڵی چیاکان، چەپکە گوڵی بەهاری خوێناوی دەبەستن و دەسک دەسک سینگی پاڵەوانەکانی ناو سەنگەرەکانیان پێ دەڕازێننەوە!
بەو هاوارە ئاسمانییە مەزنە گەشامەوە، بەنەواییەوە بۆ خاکە پیرۆزەکە نوشتامەوە، نوێژم بۆ چیا مەزنەکان دابەستا و داوام دەکرد:
_ دایکی (کاوە و زەردەشت و مامە یارە و دوازدە سوارەکەی دەشتی مەریوان)... تۆ ژنێکی مەزنی، بەهێزی، لەئامێزم بگرە... لە ترسناکی و دڕندەیی شەوە تاریکە درێژەکان بمپارێزە، تیر بە پێلووی چاوەکانم لە ئامێزە گەرمەکەت بمنوێنە، کە هێشتا _ شەم _ لەناو دڵت خەوی لێکەوتووە... دایە بیپارێزە، تا منیش هەتا دونیا ماوە تۆ بپارێزم.
لەناو چیاکان هاوارێک دەنگی دەدایەوە، هاوارێکی مەزن، بەوەش دەرگایەکی بەرین دەکرێتەوە، بەو دەرگایەش چوومە ناو بەهەشتە نازدارەکە.
تامی چییە خۆشەویستی، ئەگەر چیاکان هەڵنەوەرێنێت و دەروازەی بۆ بەهەشتە نەمرەکان نەکاتەوە؟
لە تاریکییەکی ئەستوور، دوو چاوی گەشی گڕدار دەبینم... دوو چاوی بێگەردی بەستەزمانی پاک لە رق و بەدکاری...
ترسم لەو دوو چاوە نییە... بەڵام ترسم لە بڵێسە ئاگرەکەی دڵم هەیە. دەزانن ئەو دوو چاوە چییە؟
چاوی خۆشەویستەکەمە... بەمەندی دەبریسکێنەوە، ئەو هێمنییە مەندە قووڵە، مەزنترین نامە و پەیامی سووتاوی دڵە برژاوەکەیە.

من بەرگەی ئەو هزرە ترسناکە بکوژە ناگرم، چونکە من هەرگیز بەرگەی ئەڤینی مەزن ناگرم، هاوڕێیەکانم دەزانن بۆ؟
خۆشەویستی راستەقینە من بەرەو شێتبوون دەبات، من لە شێتبوون خۆم دەپارێزم، ئەگەرچی تامی قووڵیش لەو رامانە وەردەگرم... دەترسم نەگەمە شێتبوونە راستییەکە.

حەلاجیات
ژمارە (٢٢٤)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی دووشەممە ٢٦ی مانگی فبرایەری ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

لەجیهانی شێتبوون

٢

رۆژێکیان گەنجێکی تەڕ و ناسک هاتەلام، خۆشەویستی شێتی کردبوو، بەتەواوی شێت ببوو.
کیژێکی خۆشدەویست و نەیدەتوانی هاوسەرگیری لەگەڵدا بکات، ژیانی ئاڵۆز ببوو، شپرزە ببوو، بڕوای بە خۆی نەمابوو، هەڵسوکەوت و کردەوەکانی تێکەڵ دەکرد.
_ قوربانییەکانی خۆشەویستی زۆرن! وامدەزانی من قوربانی یەکەمم... دەرچوو من رێبواری کاروانێکی زۆر درێژم و لەو (وێستگە)یە گوزەرمان کردووە.
رۆژێکیان گەنجێکم بینی، خەم و چاوەڕوانی و نائومێدییەکانی لە ئەڤین دووچاری نەخۆشی سیلی کردبوو... خەمی گەورەی ئەو کوڕە، ئەوە بوو، نەیدەتوانی لەگەڵ دەستگیرانە بەستەزمانەکەی هاوسەرگیری بکەن. بواریش

نییە سەربردەی چیرۆکی دڵداری شێتانەی دڵدارەکان بگێڕمەوە... بەڵام هەندێ جار، سەربردەیەکی لەعنەتیم لەودەمانە بەبیردێتەوە:

_ دابونەریتە باوەکان... سیستەمە کۆمەڵایەتییە دواکەوتووەکان، بوار نادەن دڵەکان بگەنە یەک... ئەگەر قوربانییەکانی خۆشەویستی ئەوەندە زۆر بوو و ژمارەیان ترسناک بێت... ئای قوربانییەکانی ئازادی تۆ، ژمارەت چەند زۆر و مەزنە؟ ئەدی قوربانییەکانی نان و ژیان؟

سەیرێکی دیواری زیندانەکەم کرد... دیوارە پیسەکە، لێم پرسی چەند کەس دەستیان بە تۆ داهێناوە و پشتیان بە تۆ داوە و دەستیان پێت سڕیتەوە... دیوارە داماوەکە، دایە پرمەی گریان و فیغان، هەزارەها چیرۆکی جەرگبڕی تەقاندەوە، بەرگەی بیستنی چیرۆکەکانم نەکرد، چاوەکانم داخست و ویستم تەنها گوێچکەکانم قسەکان ببیستن، ناڵە و هاوارەکان کاسیان کردم، هەراسانیان کردم... چیرۆکەکان ئاوێتەی یەک دەبوون و دەچوونە ناویەک و دەتوانەوە... دەنگەکە دەگەیشتە ناو شارەکە و پەخشان دەبوو، بەرگم نەگرت و توند بە پەنجەکانم گوێچکەکانم داخست، تەنها هەستم بە گەرمایی بڵێسەی هەناوی عاشقەکانیش دەکرد.

بڵێسەی سووتانەکە، بەرزدەبۆوە و مەشخەڵەکەیان هەڵدەستا و کڵپەکەیان دەگەیشتە هەناوم... لەناو گڕە گەورەکە هەڵسامەوە، کەوتمە سەما، لەناو ئاگرە شێتەکە سەمام گەرم کرد.

هەردوو پێیەکانم جووڵەیان تێدا نەمابوو... هەستم دەکرد دەتوێنەوە... لەناو کڵپە و ئاگرەکە دەخولامەوە، بە باسکەمەلە، دەمویست بگەمە دیوارەکە و ئاگرەکە دابخەم، دەمی هەزارەها کەسی ناو چیرۆکەکان دابخەم.

سەیرم کرد، دیوارەکانیش کەوتبونە سەماکردن، وەک تەختەدارێکی سەرئاو دەلەرینەوە... لەناو سینگە سووتاوەکانی سەر دیوارەکە، هەستم دەکرد ئاگرەکە زۆر گەورە و مەزنە و زیندانەکەی داگرتووە... ئاگرەکە گەورەتر دەبێت، دەگاتە ناو شارەکە و شەوەکەیان داگیر دەکات... لەترسی هاوڕێ و خۆشەویستەکانم، ویستم هاوار بکەم، بەڵام کڵپەی ئاگرەکە، لە من خێراتر و بەتواناتر بوو، هەموو وڵاتەکەی داگرت، ئای کە ئاسمان ببووە پارچەیەکی قورمزی، وەک دەستماڵێکی سووری سەر کەژاوی بووکی شەوی (خەنەبەندان) دیار بوو!

به کپبوون و دامرکانی ئاگرەکە، بینیم تەنها پەیکەرە بۆگەنەکان تەنها ئەوان سووتاون...

حەلاجیات

ژمارە (٢٢٦)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی چوارشەممە ٢٨ی فبرایەری ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

دەمەوێ حەق، وەک مەزنی گەردوونی لێ بێت...
سزادانەکە... سزادانەکە... بەردەوام سزادان بەشی مرۆڤە، بۆچی رۆژێک پاداشتمان نەبینی. مرۆڤ تۆڵەی بوون و پەیدابوونی بەو سزایانە لێ دەکرێت، لەناو زیندانەکەی ئەو جیهانە ئازار دەچێژێت، دەسەڵاتی نییە و ئارەزووش ناکات.
سزای بەردەوامی ژیانیش دەچێژێت، ئازارەکانی قورستر دەبێت، کە لە کۆتایی کاروانەکە، زۆرتر هەست بە نیگەرانی لە چارەنووسە جەرگبڕەکەی دەکاتەوە...
لە بچوکترین هەڵە و هەڵخلیسکانا سزای کۆمەڵگەش دەبینێت...
کوشندەترین سزاش، بەر کەسی شۆڕشگێری گەنج دەکەوێت، ویژدانە ئازاردراوەکەی سزای دەدات، دەخەوێت و بەئازار و سزاوە هەڵدەستێتەوە، خەمە زۆرەکانی دەخواتەوە، ماندوو و شەکەتە کە سەیری چواردەورەی خۆی دەکات و دەبینێت چۆن دۆزەخەکە، خەڵکەکەی بە ملکەچی و زەلیلییەوە بۆی دەچن هەڵدەلوشێت.
وەک ئەوەی سزا درێژە قورسەکانی کۆتاییان نییە، بەس نەبێت... خالیقە مەزنەکەش لە دونیاکەی تر، ئەویش هەڕەشە لە بونەوەرەکانی دەکات بە سزایەکی توندی گران.
مرۆڤ، لەناو سزا و بارە گرانەکان، لەناو دۆزەخێکی بەردەوام دەژیت.

سزاکانیش تامێکی خۆشیان هەیە، کە هەست دەکەیت، سزاکە دەرئەنجامی حەقە، سزاکەی حەق، بەختیارییەکی مەزنە و تەنها عاشقەکانی حەق هەستی پێ دەکەن.
جیاوازییەکی گەورە، لەنێوان سزا راستەقینەییەکان و سزای زوڵم هەیە... سزای راستەقینەیی هەستکردنی خودە بە تاوان و کەمتەرخەمییەکان و دەرئەنجامەکانی، ئەوەش دەرکەوتی سزادانێکی قورسی ویژدانی بەدواوەیە، زۆربەی سزاکانی لەو کۆمەڵگەیە نەگریسەدا، دەخرێتە سەر خەڵکەکە، زوڵمێکی گەورەیە دەسەڵاتدارە زۆردارەکان بەبیانووی هەڵگرتنی زوڵم لەسەر خەڵکەکە و دوورخستنەوە نارەحەتییەکان، دەیچەسپێنن.
ئەگەر مرۆڤ لەسەر کردە و چالاکییە بەسوودەکانیان خەڵات بکرێن، وەک چۆن لەسەر گوناح و چەواشەکانیان سزا دەدرێن، بەوەش نەک تاوان کەم دەبێتەوە، بیریش لە دەستی خراپ و نیازی تاوانیش ناکرێتەوە...
چۆن لەو کۆمەڵگەیە نەگریسە، وەک هێلکەی مێش، تاوان زیاد ناکات، مرۆڤ لەسەر بچوکترین هەڵە سزای توند دەدرێت، هەزارەها کردەوەی چاکەش پاداشت ناکرێت و دەستخۆشی لێ ناکرێت؟ لەو جڤاتە داهێنان و بەهرەی گەنجەکان سەردەبڕێن و چالاکییە نازدارەکانیان لەناو چڵکاو وەردەدەن...
من هیچ وەسیەتێک دەرناکەم و ئامۆژگاری و رێنماییش ناگەیەنم بۆ گەڕانەوە و هاوسەنگی تەرازووەکە... ئەگەر پێگە و ئاستی تەرازووەکە، شلۆق و شپرزە و هەڵە دانرابێت، پێویستی بەراستکردنەوە و دانانەوە هەبێت.
من حەقم بە مەزنییەوە دەوێت، بەشکۆ و باڵادەستی، لەناوەوە خەڵکەکە سزا بدرێت، حەقیش لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانی ناو خەڵکەکە بەوە دەچەسپێت... ئەو جۆرە مرۆڤەش هێشتا لەدایک نەبووە... بەیانی لەدایک دەبێت... لەورۆژانە ئێمە، لە قۆناخێکی گواستنەوەی بە هاژە دەژین، لە قۆناخی حەیوانی و کۆیلایەتی بەرەو چاخی باڵای نازداری گەشە راستەقینەکەی مرۆڤایەتی هەنگاو دەنێین.

**حەلاجيات**

**ژمارە (٢٢٧)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممە ٢٩ی فبرایەری ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.**

**لەناکاو دەکەوین و هەموو شتەکان دەوەستن...**
**لەناکاویش هەست بە ڤالابوون و مایەپووچی و نائومێدییەکانی ژیان دەکەین...**
**ئەوەی باشە و دروستە، ماوەکە تەنها چەند دەقەیەک، یان چەند چرکەیەکی دەخایاند، ئەگەر ماوەکە درێژتر بوایە، ژیانی خاپوور دەکرد و هەستکردنی بە ژیانیشی دەخنکاند، یان تام و لەزەتێکت لە ژیان نەدەبینی.**
**ئەو چرکەساتانە ترسناکن... خشەخشێکە و شەریتی گۆرانییەکی درێژ دەشێوێنێت، لەناکاو دەپچڕێت... ئینجا دووبارە دەگەڕێتەوە... ئایا ژیان یەک دەقە، بێ گۆرانی خۆشە؟**
**هاوڕێیەکەم ماوەیەکی زۆرە لەناو _ زیندان _ ئازار دەچێژێت... لە خەمی ژیانە پیس و چەرمەسەرییەکانی ئێرە، ئەو لەوێ دەبورێتەوە و ماندوو دەبێت و بێدارە و بەردەوام بیریش دەکاتەوە.**
**روو گرژ و پەشێوە، رۆژێکیان بە کەساسی بینیم... بەدرێژایی رۆژەکە مات و خەمگین بوو... وتم:**
**_ ئەزیزەکەم بۆ وا خەمگینی؟**
**_ تکایە، وازم لێ بێنە، لەو ژیانە بێزارم!**
**_ دەڵێن چ؟**
**_ من چیتر بڕوام بە کەس نەماوە... بڕواشم بە هیچ شتێک نەماوە... باوەڕ بە کەس ناکەم، بە هاوڕێیەکانم، بە خزموکەسوکارم، بە ژیان، بە بوونم لەو ژیانە، مانەوەم لێرە هەمووی بێ مانایە، ڤالاییە، مایەپووچییە، پیسیشە.**

_ ها! ئەدی من نالێم ئێمە لەناو چڵکاو دەژین؟ بەڵام پیسیش مایەپووچی نییە، ئەویش شتێکە دەکرێ رایبماڵین، بەڵام ناکرێ مایەپووچی قەڵاچۆ بکرێت.
_ هاوڕێیەکەم وازم لێ بهێنە... من ئەو جۆرە ژیانەم ناوێ، بەتوندی رەفزی دەکەمەوە، دەمەوێ بمرم، ئەو جارە مردن دەخوازم، کە کەسوکارم هاتنە سەردانم پێیان دەڵێم: من دەمرم، چیتر بایەخ و گرینگی بە هیچ نادەم، مانەوەم لێرە هیچ سوودێکی نییە، _ کەواتە _ بۆ لە مردن بترسم!؟
زۆر بە برادەرەکەم پێکەنیم... دەستم لەشانیدا و بەبەزمەوە وتم:
_ دەتوانیت وا بەئارامی رەفزی ژیان بکەیت... خواردن و خواردنەوە مەخۆ سەبر سەبر دەمریت و تەواو...
هەستم کرد ماسولکەکانی دەموچاوی هاوڕێیەکەم گرژ بوونەوە، تێگەیشتم بێزاربوون لە ژیانە پیسەکەش، جۆرێکە لە بێزاربوون و نارەحەتی، وتم:
_ هاوڕێیەکەم بەو شێوەیە شەڕی پیسییەکان ناکرێت، ئەگەر لەو چڵکاوە خنکاین، تەنها ژمارە خنکاوەکان زیاد دەکەین و هیچمان نەکرد.
_ من رۆژانە رووبەڕووی سەدان چرکەساتی مایەپووچی و ڤالایی دەبمەوە... لە ئاکاری هاوڕێیەکانم ئەو دەبینم...
ئەوانە شەیدای ژیانن... ئەگەرچی ئەوەش دەڵێن! هاوڕێیەکم لە خۆشەویستی بۆ ژیانە جوانە پاکەکە، ئازادەکە لە کەشێکی کراوە دەیەوێ بمرێت.
هەموومان چرکەساتەکانی ژیانمان خۆشدەوێت، بۆیە بەتوندی پیسی و نەگریسییەکان رەفز دەکەینەوە!

حەلاجیات

ژمارە (٢٢٨)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی هەینی ١ی مارسی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

هونەرەکانی شێتی

پیاوێکی ئارام و سەنگین ڕۆژێکیان وەک (شێت) دەچێتە زیندان... وتیان ژنەکەی شکایەتی لێ کردبوو و بەگرتنی دابوو.
پیاوەکە خەوی لێ نەدەکەوت... هەر بەپێوە دەوەستا و پەنجەکانی پێی دەژمارد، خەم و ئازارەکانی دەژمارد... وەک ئەوەی قسە بۆ گردبونەوەیەک بکات چەپ و ڕاستی بە سەری دەکرد، جوولەکانی بی خشپە و بەنەرمییەوە دەکرد، کەسی سەخڵەت نەدەکرد و کەسیش ئەویان سەخڵەت نەدەکرد.
تا گوێم لە لێدوانەکانی بێت لێی نزیک بوومەوە... یەک سەعاتی تەواو گوێم لە قسەکانی ڕاگرت، ئاشوبە یان هەڵەیەکم هەست پێ نەکرد، زمانی نەدەگیرا، قسەکانی ڕەوان و جوان بوون، بە هیچ شێوەیەک (شێت)ییم لێ بەدی نەکرد. لە خۆشی ئەو دیمەنە کەوتمە سەما و قەناعەتم پەیداکرد، ئەوەیان شێتێکی ڕاستەقینەیە.
ئەو کەسێکی ئیماندار و پاک و سەرراست و چاودێر بوو، بەدرێژایی ژیانی ئارام و کارا بوو... ئەوەندە بیری لە ژیان و ڕۆژەڤی ڕووداوەکان کردیتەوە، بۆیە شێت بووە، بەردەوام بیری لە ژیان و گەردوون (کینونە و دینونە) کردیتەوە، لەسەر ویست و بەڕەڵایی و شێتەکانی خەڵکەکە قسە و ڕامانی هەبووە:
_ خودا سامانێکی زۆری پێ بەخشیوون، تا خۆیانی پێ زیندانی بکەن، من کەسێکی دەوڵەمەندم (بەڕاستی دەوڵەمەند بوو)... بەڵام تەنها زانستەکانم دەوێ... من گەیشتۆمەتە مەرامەکانم، بایەخ بەوە نادەم خەڵکەکە چۆن و بە چ باسم دەکەن... با خەڵکەکە بە سامانەکەیان پێیان هەڵبخلیسکێت و پەرۆشیان بکات...
شەوانە ئەو هەوای هەڵدەمژی... یەکێک لێی دەپرسێت:
_ چی هەڵدەمژیت؟
زۆر سەیری کابرا دەکات و بە هێمنییەکەی خۆییەوە دەڵێت:
_ ئەوە چ پەیوەندی بە تۆ هەیە؟ ئێوە لە شتەکانی ئێمە تێناگەن... جیهان چەند پلە و پایەی تێدایە، هەموو کەسێک وەزیفەیەکی تایبەتی خۆی لەو ژیانەدا هەیە... هەموو کەسێک ئاستێکی هەیە، بۆ تێگەیشتن لە پلەکانی زانیاری... مەرج نییە هەموو کەس لە بۆچوون و ڕامانەکان تێبگات...

رەنگە ئەوەی من دەیزانم جێبەجێ نەکرێن، ئەوەی تۆش فێری بوویت من نەیزانم و تێینەگەم... گرینگ ئەوەیە مرۆڤ شەیدای زانستە راستییەکە بێت... ئەوەی لەو گەردوونە بەرچاوە تێکەڵ بووە، ئاڵۆزە، بۆگەنە، دارزاوە و لەم نزیکانە پاک دەبنەوە... ئینجا هەموو کەسەکان دەگەڕێنەوە زێدی خۆیان، ئێمە کەوتوینەتە تاراوگە و غەریبی، هەموومان بە وڵاتە راستەقینەکەی خۆمان شاد دەبینەوە.

هاوڕێیە شێتەکەم، شێتە بە زانستەکەی ناوەوەی (باطن) وەک باسی دەکەن، سۆفییە بە حەق ئەوەی دۆزیوەتەوە... کۆمەڵگەکەمان وایە، بەوانەی بە چاوێکی تایبەتی ناوازە ژیانە ئاساییە رۆتینییەکەیان بەڕێبکەن، خەسڵەتی شێتی پێوەدەنێن... شێتەکان عاشقە راستەقینەکانن، زۆربەیان وایە... شێتەکان زۆربەی گەورە و مەزنەکانی جیهانن، سەری شێتی خۆیان هەڵدەگرن و بەتەنها رووبەڕووی هێزە تاریکە ترسناکەکان دەبنەوە.

وابزانم من تێدەگەم بۆ ژمارەی شێتەکانم زۆرتر دەبێت...

حەلاجیات

ژمارە (٢٢٩)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی یەکشەممە ٣ی مارسی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

حەلاج کەسێکی مەزنی رەوانەی کوردستان کردووە..

بەدرێژایی شەوەکە، لەپشت سەنگەرەکە بێدار و پاسەوان بوو...

چاوەکانی دەبریسکایەوە، لە ئاسۆ خۆرهەڵاتییەکە، بە شەوقێکی سوور ئاسمانی داپۆشیووە، مەشخەڵێکی قورمزی نازدارە دەینووسی:

_ منم ئەلحەق!

حەلاج، دەستماڵە تەڕەکەی بە لقی داربەڕوویکی دادەدات، چاوەڕوان سەیری ئاسۆکە دەکات، لەگەڵ بروسک و باران و تاریکیش پاسەوانی خۆی دەکات.

له پشت ئەویش هەزار پاڵەوان... له هەزارەها سەنگەر، به سۆز و خۆشەویستییەوە نیگا له چیا سەرکەشەکان دەبڕن، دەبنه قەڵغانێک و بوار نادەن هیچ هێزێک درزێکی تێدا بکات.

که بەیانی تیرۆژی خۆره جوانەکه دەردەکەوێت، ئەو دادەنیشێت و سوجده بۆ کازیوه مەزنەکه دەبات، سۆز بۆ رووناکییه سۆزدارەکه دەبات... هەتاوی حەق.

_ ئەی رووناکییه پیرۆزەکه، ئەی مەشخەڵەکەی نەورۆز، بەگەرمی دامانپۆشه، شەوقه ناسک و نازدارەکان، بەسەر چیا و دۆڵ و دەشت و گوندەکانمان پەخشان بکه...

_ ئەی رووناکییه نەمرەکه، گەشەمان زۆرتر و گەرمتر بکه، تا بەپەرۆشییەوە ئارەزووی مەشخەڵ بکەین، ئارەزووی کازیوه، ژیان بکەین.

رووناکیمان زۆرتر بکه، تا زۆرتر و باشتر بوارەکان رووناک بێت...

هێزمان زۆرتر بکه، تا ئازاتر بین بۆ نۆژەنبونەوەمان به جوانەکانت...

پاش ئەوەی دەستنوێژ به خوێن و ئەسرینی چاوەکانی هەڵدەگرێت، دوو رکعەت نوێژ دەکات، له پشت ئەویش پاڵەوانەکان سوجده دەبەن و به نەوازشەوه دەڵێن:

_ ئەی خۆری حەق، پەله بکه له دەرچوون! ژیانمان رووناک بکەوه، تا بەهاره بگاته چیا و دەشت و نهالەکانمان.

دووباره حەلاج دەگەڕێتەوه ناو سەنگەرەکەی و پاسەوانی دەکات و چاوەڕوانی هەتاو دەکات، بگاته ناوەندی ئاسمانی کوردستان.

حەلاجیات

ژماره (٢٣٠)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی دووشەممه ٤ی مارسی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

لەناخەوە لە زستانە ساردەکە، خۆم بە تیشکی خۆرە گەشەکە گەرم دەکەمەوە... هەست دەکەم، پارچە پەڕۆیەک نیوچەوانم تەڕ دەکات و دووکەڵێک لەسەرم هەڵدەچێت.
بەپێخواسی بەسەر بەفر و شەختە دەکەوم... تەمە چڕە گەورەکەش، لەناو تاریکی دەبڕم... لەناو گۆمە بەستووەکە مەلەوانیش دەکەم... گڕ و گەرمایی دڵەکەم، بەفر و بەستەڵەکە دەتوێنێتەوە، خۆرەکەش تەمەکەی بەر ڕێگاکەم پەخشان دەکات...
میوەکانی باخچەی ماڵەکەم، بەو سەرمایە و لە چلەی زستانیش بەر دەگرێت، ئەوەش بەری خۆری حەقە، کە لە ناخم دەردەوکەوێت.
ئەی خودایە، بوار بدە هەموو (نەمامەکان) گەورە بن و بەربدەن و باڵا بکەن.
لە وەرزی پایز، تۆمان کردووە و زەوییەکەمان باش کێڵاوە.
هەزارەها نەمامـمان ڕواندووە و ڕەز و مێرگەکانمان داچەقاندووە.
ئەی یەزدانە مەزنەکە، بوار مەدە کێڵگەکانمان وشک بن و بەستەڵەکیش نەمامەکانمان نەبەستێت...
ئەی خودایە، گرمان دەوێت و شەوقیش لە مەشخەڵەکانمان هەڵبکە، تا فێنکی ئاڕاستەی ئاسمانیش بکەین و ساردییەکە بڕەوێتەوە.
بخەوە بخەوە بخەوە
مەیگێڕ، بادەکەم تژی بکە لە شەرابی خۆشەویستی...
دڵە شەیدا و شێتەکەم، گوێ بە خەم و مەینەتەکانی ڕۆژگارەکە نادات... لەو زستانە ساردە قووڕاوییە تاریکەکەدا، ئاهەنگ و زەماوەند ساز دەکات..
مەیگێڕ... با چەشە خۆشیەکە، هەموو هەست و بۆچوونەکانم پڕبکات... من چیتر بەرگەی ئەو ژیانە بۆگەنەی ناو زیندانەکە ناگرم... پێی و هەنگاوی میوانە نوێیەکان سروەم بۆ دەهێنن... ئەوان دەڵێن کۆت و بەندەکان دەپچڕێنن و زنجیری دەستم دەشکێنن..
دڵەکەم، لە شادی و کامەرانی سەما دەکات و هەڵدەپەڕێت و پێشوازی گەرمی میوانە نوێیەکانی خاکی خۆرەکە دەکات..
گڕ و بڵێسەم گرتووە، بەگەرمییەوە بۆ پێشوازییان وەستاوم... ئایندەم وەک مەشخەڵێکی بەگڕ لە ئاسۆیە خۆرهەڵاتییە قورمزییەکە دەشنێتەوە.

مەیگێڕ، بۆم تێکە و شەیداییم زۆر لە دڵ بڕوێنە... با لەناو دەریای شێتبوون بخنکێت، لەناخییدا بتوێتەوە و بگاتە فەنابوون.
ئەڤین تام و خۆشییەکانی چییە، ئەگەر نەگاتە رەوشی شێتبوون؟! ئێستا من _ هاوڕێیەکانم _ من لەو شەیداییە دەژیم... شێتانە و بە خۆشەویستییەکی مەزنی گڕدار، میللەتەکەی خۆم خۆشدەوێت. خۆریش لەناخمدا تیشکەکانی بڵاوکردیتەوە... لە ئاسۆش ئەو ئەڤینە دیارە.

حەلاجیات

ژمارە (٢٣١)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی سێشەممە ٥ی مارسی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

ئایا لەو جیهانە شتێک ماوە قوربانی بۆ بدەیت، مرۆڤ خۆی لە پێناوییدا بەکوشتن بدات؟ ئەگەر هیچیش لەو جیهانە نەمابێت بۆ قوربانیدان، کەواتە ژیان بۆ رەتکردنەوە باشە.
ئێمە، سەرەڕای هەموو شتەکان وا دەژین... رۆژانە هەناسە هەڵدەکێشین و لەناو جۆگەلەی تەمەن، وەک ئاوی کانی هەڵدەقوڵێن و دەڕۆین بەرەو سەرچاوە مەزنەکە: مردن، دەڕۆین و وەستانانمان نییە.
ئێمە دوور لە ویستی خۆمان وا دەژین، ئەگەری ژیانی ئەو جۆرەش، قوربانییەکی مەزنە، ئێمە رۆژانە وزەی هزری و جەستەیی گەورە بەهەدەر دەدەین، ملیۆنەها شانەی ئۆرگانیش دەفەوتێنین... بەرگەی سوڕانی خۆمان لەدەورەی خۆمان و سوڕانی خۆریش دەگرین... کەواتە ئێمە قوربانی دەدەین... چ ئێمە بەو ژیانە دەبەستێتەوە، تا بەو شێوەیە قوربانی بۆ بدەن، رۆحە پاکەکەمان لەناو قەفەسە پیسەکەی گۆشت و ئێسقان بەند و گیر بکەین؟ ئایا قوربانیدان لە بەندکردنی رۆح مەزنتر هەیە؟
کوا لەزەتکردن و خۆشییەکان، بۆ ئەوەی بەرگەی ژیان بگرین؟

سەرەڕای پرسیارە زۆرەکانم، ماندووبوونم... ئێمە وا دەژین و هەناسەمان دێ. دیارە ئێمە بەوە بەندکراوین. ئایا کەسی بەندکراو بە کۆتەکان، هەتاهەتایێ ناکرێ رۆژێک پرسیارێکیش بکات:
_ من بۆ لێرەم؟
ئایا شتێک هەیە من قوربانی بۆ بدەم... کەواتە؟
_ ئای رۆحە ماندووەکەم... دەزانم تۆ، تا رادەیەکی مەزن تینووی ئەڤینە مەزنەکەی، ئەوەی تەنها ئەو دەتوانێت، ئارامی و شادمانییەکەت بۆ فەراهم بکات... من ریزی نیگەرانییە مەزنەکەت دەگرم، دەزانم ژانەکانت چەند قورس و درێژن... ئەدی ئەڤین نییە ئازارەکان بەرهەم دەهێنێت؟ ئایا حەق نییەم ئەو ژان و چەرمەسەرییە پەیدا دەکات؟
رۆحە یاخییەکە، لە کۆتەکانی زیندان و پاسەوانەکان... هێشتا نەگەیشتی بە کەناری ئارامی؟
سەیری چواردەورەم دەکەم... کەلاوە و پاشماوەکان دەبینم... مرۆڤایەتییە داماوەکە لەبەر ژان و ئازارەکان دەناڵێنێت... ئەوە نیشانەی لەدایکبوونە نوێیەکەیە... مرۆڤە نوێیەکە لەدایک دەبێت... تێدا رۆحیش ئازادە و بەند ناکرێت و لەپێناوی بێگەرد و پاکی بە پاکی دەژیت.
لەگەڵ ئەوەش... هێشتا من بێدار و پەریشانم، براکانم... چ هەیە شیاوی قوربانیدان بێت؟
لە ژیانەدا تەنها حەق هەیە، شیاوی قوربانی بێت... خۆشەویستی حەق... ئەو ئەڤینە گەشە مەزنە... خەڵکەکە بۆ چ دەژیت؟ بۆ قوربانی دەدەن؟

حەلاجیات

ژمارە (٢٣٣)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممە ٧ی مارسی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

بەردەوام چاوت لەسەر زەوی نەبێت... هەندێ جاریش چاوێک لە ئاسمانیش بکە...

شینی ئاسمانە بێگەردەکەش زۆر قووڵە؟ ئایا ڕەنگە شینەکە بێگەرد بوو؟

چ ڕەنگێکی هەبووبێت، لەو جیهانە هیچ جوانییەک ناگاتە جوانی بێگەردی.

هەموو شتێکی ڕاستەقینەیی و ڕاستگۆیی جوانە. پاکوخاوێنیش جوانە.

لەنێوان خەڵکی ئەو زەمانە، پەیوەندییەکی ساختە و دووڕوویی پەیدابووە. پەیوەندییەکانی ڕیایی و درۆ و فێڵکردن و گومان و دوودڵی... گورگیش لە مانەوەی لەناو مێگەلێک گورگ دڵنیا نییە.

ئەو دووکەڵە چڕەی ساختە و پیسییەکان، وەک هەورە تاریکەکانی بەپەلە بەرەو باکوور هەڵدەکشێن بێگەردییەکانم لێ دەگرن.

لەگەڵ ئەوەش من لە بێدار و خەواڵوو، لە خەونەکانم ڕووم لە پاکییە و بۆی دەگەڕێم... ماوە ماوە شەوانە و ڕۆژەکانیش بۆی دەگەڕێم...

لەبەر ئەوەی من ئاسمانی شینی بێگەردم خۆشدەوێت، بۆیەش بێگەردییش ڕەنگی شینێکی زەلاڵە، پەروازێکی ڕەشی نیمچە کەسک، هەتا ئاوابوونی خۆر گەمارۆی داوە، بێگەردییەکە، ڕەنگە جوانەکانی کۆلکەزێرینەی تێدایە، لەوێ سنوورەکانی گەردوون تەواو دەبێت، جیهانە ڕاستەقینەکەش ئازاد و دڵشاد لەناو ڕۆح مەلەوانی دەکات، بەناخەوە و بەقووڵی ئەڤین دەکات، بەتامەوە دەگاتە سۆزی ژووان و دەگاتە ناو حەق... خۆشەویستە نەمرەکە.

دەتەوێ بگەیتە باڵای میعراجی ڕۆحی حەلاج؟

باشە... شە و پەڕی خۆتان بکەن، سەرەتا و یەکەم هەنگاو، سەیری ئاسمان بکەن و زۆر سەیری بکەن، بێگەردییە جوانەکە تەئەمول بکەن، کە خۆر دەردەکەوێت و گەردوون دەگرێتەوە...

دڵ... میحرابە مەزنەکە... پێویستی بە پاکبوونەوە هەیە، تەئەمولی درێژ و قووڵ، لە شکۆی جوانی ئاسمانە شینە بێگەردەکە، یەکەم هەنگاوی ئەو پاکبونەوەیە.

ئاسمانە بەرینە بێ سنوورەکە... قووڵە و بێ بنە... کە دڵ پاک دەبێتەوە، ئەو تیشکە ناسکە بەنازەکە دەردەکەوێت، دەگاتە قووڵایی گەردوون و ژیان، حەقێکی مەزن وەک مەزنی و شکۆی ئاسمانی لێ پەیدا دەبێت.

که خەمە گەورەکان فشارم دەکەنە سەر، سەیری شینی ئاسمان دەکەم، خەمەکان کۆڵم بەردەدەن و لێم دووردەکەونەوە و دەتوێنەوە، ئەی مرۆڤ، ئەگەر تۆ خۆت لەناو نهێنی خەمەکانت بەند کردبێت، ئاسمانە بەرینە قووڵەکەش هەمووی چاوی لەو بێت و هاواری بۆ بکات و داوای لێ بکات سروودەکانی ئەڤین بڵێتەوە!

حەلاجیات

ژمارە (٢٣٦)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممە ١٤ی مارسی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

ناخم، وەک شەپۆلی دەریاکان هەڵدەچێت.

ئەو سستییە ترسناکە چییە، ژیانە پیسەکەی گەمارۆ داوین؟

مەشخەڵە سەرمەدییە نەمرەکە، هەرگیز ناکوژێتەوە، دەبێتە فرمێسکە مەزنەکەی ژیانی خوڵقاندووە.

ئەڤینە مەزنەکە، لەناو جەستە پیسەکە خنکاوە... لەبەر گلەییەکان ناڵەناڵیەتی...

چاوە بەفرمێسکەکان، لە چوارگۆشەوە سەیریم دەکەن، لە دیوارەکان و بنمیچ و ئاسمانیشەوە...

خەنجەرە ژەهراوییەکە، بەرووتی لە هەمووولایەکەوە چاویان تێمبڕیوە، ژیانەکە پیسە و چاوەکان بەگریان، خەنجەرەکان ژەهراوی و ژانیش سەربار.

ئاە... خالیقە مەزنەکە...

مردن ئەوەندە ترسناک نیە. ئەو پیسییە رەنگە لە هەموو شتەکان ترسناک و کوشندەتر بێت!

بوار بدە، با ژان و خەمە مەزنەکان ورد وردم بکەن و بمهاڕن. بوارم بدە با نووکی خەنجەرەکان پەراسووەکانم و ئەندامەکانی جەستەم شەقار شەقار بکەن و ژەهر بنۆشم...

لەکێ بێگەردییە راستەقینەییەکە دەدۆزمەوە... ساتێک لە تام و خۆشییەکانی ئارامبوونە رۆحییەکە وەربگرم.
بە هەردوو چاوە ماندووە سەخڵەتەکەم، سەیری ئاسمانە شینە بێگەردەکە دەکەم: من لە کێندەرێی ئەو کەشەم، ئەی خالیقە مەزنەکە؟
تیرۆژەکانی حەق دووبارە لە ناخم هەڵدێن و دەردەکەون... ئەوەندە پیس بووم، پیسییەم هەڵگرتووە و دەرگام لەسەر خۆم کلیلداوە، بە حەقیری ئەو دونیایە رازی بووم و خۆم لوولداوە. ئەو تیرۆژە نوێیەش ئارامییەکی بە جیهانم بەخشیوە، ئایا رۆحە خنکاوەکەم لەناو چڵپاوە پیسەکە دەردەچێت؟
ئەی ئەڤینەکەم... ئەی خالیقە مەزنەکە...
من تینووم و تینوویەتی دەسوتێنێت... لەکوێ بە خۆشەویستییەکی بێگەرد تێر دەخۆمەوە؟
ئایا هیوایەک بۆ دەربازبوونم هەیە؟ یەک سات ئەو هزرە بەرم نادات و بەردەوام بیری لێ دەکەمەوە؟ ئایا دەکرێ دەربازم بێت؟
هەتا مرۆڤێکی نوێ لەدایک نەبێت ئەوە ناکرێت... راستەقینەیی. وا هەموو پەیوەندی و گرێیەکانم بە جیهان دەپچڕێنم... جیهان پیسە و دەبێ لەناوببردرێت و بمرێت.
لێم ببوورە... ئەی ئەڤینە پیرۆزەکە... مەبەستە سەرەکییەکەی لەناخم هەڵدەقووڵێت، ناتوانێت بۆ بەرجەستەبوون بگاتە قەڵەمەکەم، کێیە ئەوەی لەناوەوە منی بێدار و بێمار کردووە؟
کێیە منی لەناخەوە کەلەپچە کردووە؟
من دەزانم ئازادی لەناخەوە سەرچاوە دەگرێت، هەروەها ئارامیش. ئایا هیچ هیوایەک بۆ رزگاربوون هەیە؟

حەلاجیات

ژمارە (٢٣٧)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی هەینی ١٥ی مارسی ١٩٦٨ی زاینی.

گەردوونە مەزنەکە بەبێ وەستان و ماندووبوون و بێزاریی دەخولێتەوە.
ئاژاوە و ژاوەژاویش بەختی ئەو سەرزەمینە داماوەیە.
ماوەیەکە ددانەکانم ژان دەکەن، خەوی لێ کردومەتە دیوەزمەی ناخۆش، ئای چەند خۆشە ژیانێکی بێگەرد لەناو خەونێکی بەتام!
ئاسمانە شینە بێگەردەکە، بەنازەوە دەڕوانێتە سەر رووی زەمین.
لەناکاو، گەرد و پاشماوەکان، لەسەر رووی زەمین بەرەو خەڵکەکە دەرکەوت... کە پەرۆش و سەودای بێگەردی و خاوێنی پەیوەندییەکان بووم...
هەر چەند قووڵتر و زۆرتر بیرم دەکردەوە، بۆم دەردەکەوت، پەیوەندییەکانی خەڵکی کۆمەڵگە حەیوانییە کۆیلایەتییەکە، چەند ساختە و ڤالایە.
هەتا ئێستاش مرۆڤ، تا ناوقەد لەناو قوورٍ و زەلکاوە... هەندێ جار مرۆڤە نوێیەکان، کە لەدایک دەبن، وەک ئەستێرەی شیهاب تیژڕەون، بەڵام زووش ون دەبن و لە ئاسۆکە نامینێن... بەڵام پەیداش دەبنەوە.
قوربانیم دا و بلەز بەر لە وادەی خۆم پیریش بووم... لە وەرزێکی بەژان و ئەشکەنجە هاتمە دونیا... سەرشێتی و لووتبەرزی... گەنجە درۆزنەکەی ناوەوەم مرد، لەناخەوە گەنجە راستەقینەییەکە خوڵقا و پێستە کۆنەکەم فڕێدا و پێستێکی نوێیم پۆشی.... هاتم و شەیدای حەق بووم، خۆشەویستێکی سەرشێت، تیرەکانم دەگرتەوە، لەناو دڕک و ئاگریش کاروانم دەبڕی.
خۆشەویستی مەزن مرۆڤ دەخولقێنێت، ئەی ئەڤینە مەزنەکە، ئەی خالیقەکەم... با ژان بمگرێت و هەتا ئەبەد، لەناو ئازارا بتوێمەوە. لە هەر چواردەورەی خۆم تیرۆژێکی حەقیقەت نابینم. حەق لە خاچدراوە و لەناو پیسییەکاندا خنکێندراوە. جیهان، لەناو تەمێکی ساختە و درۆ خنکاوە، جەلادەکان بەرائەتی جیهانیان دەقۆزنەوە. منیش نائومێد، لە ئارامی رۆحە حەقیقییەکە، لەناو پەیوەندییە پیسەکاندا دەگەڕێم....
ئەی خۆشەویستە مەزنەکەم... خالیقە مەزنەکەم! سترانە مەزنەکەی هەموو جیهان دەیانگوتەوە، ئێستا کز و سیسە... دڵە شەیدایە عاشقەکەم، بە سووتاوی ئاسۆکان دەبڕێت..

نزا بێگەردەکانیش، بە چرپە دەردەکەون، ئاژاوە شێتەکە هەموو گۆرانی و نزا بێگەردەکان دەخنکێنێت.
بزە ناسکەکە، منی بوژاندەوە و خەونێکی جوانی راستەقینەیی پێ بەخشیم و بەهارێکی سەوزی بە ژیانە چەقیووەکەم بەخشیوە. منیش لەپێناوی ئەو ئەڤینە دەژیم و بەو ئەڤینەش ژیان بەردەوام دەکەم.

## بەشی چوارەم

### حەلاجیات

ژمارە (٢٣٩)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی ١٨ی مارسی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

_ (برادەرەکانم، من گۆرانی بۆ ئەوانە دەچڕم کە تێمدەگەن).
سترانبێژە مەزنە کۆچکردووەکەی کورد (سێوە)، لە ئامێزی شاری کۆیە مەزن بووە، (ئەو شارە گەورە، شاعیرانی وەک حاجی قادری کۆیی و دڵدار و دڵزار و زۆری تری تێدا پەروەردە بووە، گۆرانییە جوانەکانی بە ئاسمانی کوردستان بڵاوکردیتەوە، لە سەیرانگا بەهارییەکان خەڵکی کۆکردیتەوە، بە

دەنگە بەسۆزەکەی لە مەیخانە میللییەکان سەرخۆشەکانی سازگار کردووە...).
پاش ئەوەی گۆرانییەکانی تۆمار دەکرێن، ناوبانگ دەردەکات... هەندێ کەس ویستوویانە تانەی لێ بدەن و سەرکۆنەی بکەن، ئەو لە وەڵامدا پێی وتوون:
_ (براکانم... من گۆرانی بۆ ئەو کەسانە دەڵێم کە لێم تێدەگەن).
لە گۆرانییەکانی ئەودا، فەلسەفەیەکی قووڵ بۆ ژیانی گەشدار هەیە:
_ (براکانم.... سەیری خۆرهەڵات بکەن... لەوێ خۆر هەڵدێت).
_ (بەراستگۆیی بژین... ژیانی هیچ نییە و فانییە، مردنیش لەسەر سەکۆی دەرگاکانمانە).
لە دەنگی ئەودا، هەست بە ریتم و سۆزێک دەکەیت، مرۆڤ بەرەو رامان و بیری هەزارەها چریکە و سروودەکان دەبات، دەنگی ئەو دارستانە چڕەکانی کوردستان دەهەژێنێت... کە دەڵێت (سەحەر... سەحەرە) یەکسەر مرۆڤ بیر لە بەیانی دەکاتەوە و ساتە جوانەکانی بەیانی بەبیردێتەوە.
ئایا لەو جیهانە، لە بەیانییەکانی کوردستان جوانتر هەیە؟!
سۆزە نەرم و سووتانە قووڵەکەی ئەو گۆرانییە... گۆرانی _ سەحەر _، ئەوەش سۆز و ئاوازی سۆفییەکانە پاش کازیوە، نزا رۆحییەکانی پێ دەکەن، لەگەڵ تیشکی خۆرەکە، هەتا دەرکەوتنی هەتاوەکە دادەنیشن و نزاکانیان دەڵێنەوە...
ئیبتیهالەکان، مرۆڤ ئەوەندە لە خودا نزیک ناکەنەوە، وەک چۆن ئەو گۆرانییە بەیانی و ساتەکانی دەرکەوتنی هەتاوەکە زوو دەیشواتەوە... لەو گۆرانییە رۆحییە قووڵەدا، کە پڕ بە مانای وشەکان، بە سۆز و ئاواز و نزاکانی هاواری هەموو مرۆڤەکان دەکات، تام و چێژ لە دەرکەوتنی کازیوە وەربگرن؟!
دەنگی _ خاڵە سێوە _ کوردستانم بەبیردێنێتەوە... جوانییەکانی، هەمیشەییەکەی، مەزنی و سروشتە ئەفسوناوییەکەی... چونکە بەردەوام بەرەو بیرکردنەوە لە سیحرم دەباتەوە... کوردستان شەفەقی دەرکەوتنی هەموو سیحرەکانمە...
گۆرانیبێژە نەمرەکە، بەرەو جیهانە نەمرەکە کۆچی کرد، بەڵام دەنگە مەزنەکەی هەتوانە و برینەکانمان سارێژ دەکات، لەسەر دڵی عاشقەکە

ژێیەکانی بۆ دەژەنێت... خۆشەویستی حەق و خۆشەویستی جوانی و خۆشەویستی میللەت و کوردستانی بۆ دەژەنێت.
بەراستی مرۆڤ مەزنە و دەتوانێت مردنیش ببەزێنێت... وا جەستەی ئەو هونەرمەندە، بوویتە گەرد و خۆڵ، مشک و مار دەیخۆن، بەڵام رۆحە مەزنەکەی دەگاتە ناخە قووڵەکانمان و ستران دەچرێت و دەنگی دەگاتە ناخمان...
ئەو دەیووت: (با ژیانمان بۆ خزمەتی میللەت و خۆشییەکانی تەرخان بکەین... و جەستەکەشی ببێتە بەشێک لە خاکوخۆڵ... خۆڵەکە ئاوێزانی بکات و بیتوێنێتەوە!).

حەلاجیات

ژمارە (٢٤٠)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی سێشەممە ١٩ی مارسی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

من سۆفییەکی دڵداری سەدەی بیستەمم... من کەسێکی سۆفییم و گوێ نادەدەمە توانجی هاوڕێیەکانم!
دەتەوێ بەو هزرە سۆفییانە، بگەڕێیتەوە سەدەکانی سەرەتایی؟
من هێشتا و بەردەوام لەناو خەڵوەتگەکەم نزا و سروودەکانی حەلاج دەڵێمەوە... من لەگەڵ سۆفییەکانی ئەو جیهانە، بەردی بناخەی مرۆڤی نوێ دادەنێین... تۆ بۆ نەوەکانی داهاتوو دەچێنین... بە هەموو هۆشی تەواوەوە ئەوانە دەکەم.
سۆفیگەری دوا قۆناخی باڵای رۆحە، کە لەو سەردەمە مرۆڤایەتی پێی گەیشتووە، هەزارەها شۆڕشگێرە راستەقینە مەزنەکان، سۆفییەکانی ئەو

سەردەمەن و ڕێگایە سەختەکان بەئازار و ماندووبوونەوە دەچێژن، بەرەو کازیوەی مرۆڤی ڕاستەقینەیی دەڕۆن.

کەسی شۆڕشگێڕی ڕاستەقینەیی، بە خەبات و گەشەی ناوەوەی خۆی و پاکبوونەوەی ناخی و ڕێکخستنی کایە ڕۆشنبیرییەکان، گەیشتووتە باڵای ڕۆحی مەزن... ئەوەیە سۆفیگەری ئەو سەردەمە... کەسێک خۆی لە هەموو فشار و تەماحییە مایەپووچ و حەقیر و پیسەکانی کۆمەڵگە ئاژەڵییەکە دەرباز بکات و لێیان دووربکەویتەوە... ئەو شکۆداری و بەرنامە دروستەکەی حەلاجە... ڕەوتە سۆفیزمییە بێگەردە خاوێنەکەیە.

_ مرۆڤە نوێیەکە کێیە؟ کێ مرۆڤی سەدەکانی داهاتوو دروست دەکات؟

مرۆڤەکان بە کەس دروست نابن، تەنها بە کەسانی ئازاد و دوور لە پیسییەکان و تەماحییەکانی ئەو سەردەمەی، هەتا نیوەی خنکاو و چەقیوی ناو چڵکاوی کۆیلییەتی و ئاژەڵییە، ئەوانەی خەباتی ڕۆحی دەکەنە سەرچاوەی هەموو کۆشش و خەباتەکان... شکۆی ڕۆحی، مەبەستی سەرەکی ئەو خەباتە درێژە سەختەی ژیانی مرۆڤایەتییە.

شکۆیی (هۆش) و گەشەسەندنی شکۆداری (ڕۆح)ە... خاوەن هەمان هێز و زەلاڵی و هێزە، لە دید و وەرگرتنی حەق.

سۆفی... خەبات دەکات ڕۆحی ئازاد بکات و حەقیش بدۆزێتەوە. بە گەیشتن بە حەقیش، خەباتەکەی بەردەوام دەکات، هەتا (نەورۆز) سەرهەڵدەدات. حەقیش سەردەکەوێت یان لەو ئامانجەدا شەهید دەبێت، لە هەردوو کاروانەکە، بەهارە ڕاستییەکە دەردەکەوێت، چونکە مرۆڤ بەدەرکەوتن و دۆزینەوەی حەق، گەش و سەوز و گوڵزار دەبن.

من سۆفیم... من بڕوایەکی پتەوم بەوە هەیە، کە مرۆڤایەتی ئەو ژیانەی سەر ڕووی زەمین خاپوور و وێران دەکات، ئەگەر! شکۆیە ڕۆحییەکە لە مەرجەکانی گەشەی خۆشگوزەرانی مرۆڤایەتی دوا کەوت.

تاکە ڕێگای دەربازبوون... دروستکردنی مرۆڤێکی نوێی گەشەداری ڕۆحییە.

**حەلاجیات**

**ژمارە (٢٤١)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی چوارشەممە ٢٠ی مارسی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.**

**ئێمە، سۆفییەکانی ئەو سەردەمە... هەنگاوەکانمان بۆ رزگاربوونی کۆتایی مرۆڤە.**
**لە کێ رزگار دەبن؟**
**ئازادییە راستەقینەییەکە، لەناوەوەی مرۆڤ هەڵدەقوڵێت، کە حەق دەدۆزێتەوە و دڵی لێ پڕ دەکات.**
**لە سەرەتای پەیدابوونی مێژووەوە هەتا ئیمڕۆ، رەوشە دەرەکییەکانی چواردەورەی مرۆڤ کۆسپەی بۆ داناوە، رێگای لە گەیشتن بە ئازادی لێ گرتووە... واتە لە مرۆڤایەتییەکەی.**
**ئەوەی من، وەک سۆفیەکی سەدەی بیستەم، لە سۆفییە سەرەتاکان جیادەکاتەوە، من بایەخی سەرەکی بە گونجانی مەرجە دەرەکییەکانی پەیدابوونی ئازادی دەدەم.**
**ئازادی هەستکردنی پێویستییەکانە. ئەو دەستەواژەیە هاوشانی بۆچوونەکەیە کە من بڕوام پێی هێناوە، ئەویش حەق شەفەقی مرۆڤایەتییە... مرۆڤ لەناخەوە هێز و ئازایەتی و ویستی تێدایە، بۆ کارکردن و فەراهەمکردنی پێویستییەکان _ ئەوەش پێویستە_ بۆ ئەنجامدانی کردەوە حەقەکان _ ئەوەش بەدروستی حەقە _ دوورکەوتنەوە لەوەی پیس و نەگریسە _ ئەوەش بەڕاستی پیس و نەگریسە _ لە ترسی سزاش نییە، کە لە پیسی و نەگریسەکان دووردەکەوێتەوە، لەبەر ئەوەیە بەڕاستی ئەوانە پیسن. کە ئازادییش لەدایک دەبێت، ترس دەمرێت.**
**هێشتا ترس کۆتێکی قورسە و رۆحی زیندانی کردووە، ئینجا مرۆڤ بەرەو چڵکاوەکانی کۆیلییەتی و حەیوانی دەبات.**

دەربازبوونی مرۆڤ لە فشارە ئابووری و کۆمەڵایەتی و هزرییە گرانەکان، کە دەبنە مەرج و بنچینەکانی کۆیلییەتی... ئەو ئازادییەش تیرۆژ و موژدەی شەفەقی ئازادی مرۆڤن، لە ئاسۆیە هەنووکییەکانی جیهانی مرۆڤ.
مرۆڤ، لەو کۆمەڵگەیە خۆی بە نامۆ دەزانێت... لە هەموو ژینگە توندکارەکەی، خۆی بە نامۆ دەزانێت، ئەوەش ناکۆکییە توندەکەی نێوان خۆی و ئەو جڤاتەیە، بۆیە بەردەوام نیگەران و ترساو لە هەموو خەڵکەکە دەژیت، وەک ئەوەی مان و بەردەوامییەکانی بەڕاستی دۆزەخ بێت، یان هاتنی ئەو بۆ ئەو جیهانە ژیانی لەناودەبات و ئارامی و خۆشییەکانی دەدزێت.
ئەو نیگەرانییە بکوژ و ترسناکە، لە بوونی ئەوانی تر و خەڵکەکە، نیگەرانی رۆح و نامۆییە، لەناو جیهانێکی نامۆ، کە زیندانی دەکات و ئازاری دەدات.
هەرگیز ئازادییەکانی مرۆڤ، مانای ئەوە نییە، رەوشی خواردن و خواردنەوە و نووستنی باش بکرێت.

حەلاجیات

ژمارە (٢٤٣) ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممە ٢١ی مارسی ١٩٦٨ی زاینی.

نمایندەی وەفدی کاهینە کاسۆلیکەکانی ئەمریکای لاتینی، نامەیەکیان ئاراستەی کۆنگرەی رۆشنبیری لە هاڤانا کردووە:
_ (وەک دەزانین... ئیمپریالیزم لەودەمانە و بەتایبەتی لە جیهانی سێیەم، فاکتەرێکی رووخێنەر مرۆڤە، هەموو بنچینەکانی کەرامەتی تاکەکان وردوخاش دەکات، دژی رادەبڕینی ئازادە، لە رۆشنبیری و هەموو بوارەکانی

دروستی گەشەی مرۆڤیشە، رۆژانە، هەموو رەوش و کەشەکانی پاشکەوتنی میللەتەکانیش بۆ زۆرتر ئاڵۆزبوون و چەوسانەوە بەکاردەهێنێت.
_ ئێمە پابەند دەبین... بە خەباتی شۆڕشگێری دژی بە ئیمپریالیزم، تا دوا دەرئەنجامەکان بۆ جێبەجێکردن و فەراهمبوونی ئازادی تەواوی مرۆڤ، بەڵی هەموو مرۆڤەکان... دژایەتی هەموو شێوەکانی کۆلۆنیزم و کۆلۆنیزمی نوێ دەکەین، چونکە، ئەوەش دەرئەنجامی ئیمپریالیزمە، کە مرۆڤ نامۆ دەکات و لە مرۆڤایەتی دەیڕوتێنێتەوە).
وەفدەکە کەهنوتیەکە، بریتی بوو لە چوار باوک، لە کۆلۆمبیا و ئورگوای و مەکسیکو و دۆمنیکان... ئەوانە دەچنە ناو ریزی شۆڕشگێرە خەباتگێرەکان، هەروەها بڕواشیان بە خەباتی توندکاریش هەبوو، چونکە خۆشەویستی بەردەوام، لەناو ژانە ئەستوور و قورسەکان پەیدا دەبێت... ئەوانە پەیڕەوی شوێنەواری (باک کامیلو توری)ی شەهید بوون... _ ئەوەی وەک لە نامەکەیاندا دیار بوو _ (ئەو لە تێز و هزرەکانی بۆ دۆزە شۆڕشگێرییەکان، باشترین نمونەی بە کەسی مولتەزم بە میللەت پێشکەشکردووە).
پابەندبوون بە حەق، هەمووده‌مێک هەنگاو بەرەو هەڵوێستی شۆڕشگێری دروست دەبا، بۆیە لەو سەردەمەدا، لە پێناوی ئەو هزرە، پیاوانی ئاینی دەبنە کەسانی شۆڕشگێر... راهیبە بودییەکان، دژ بە چەوسانەوە و دەسەڵاتی زۆردارەکان، ئاگریان لە جەستەی خۆیان بەرداوە، گاندییش، وەک نارەزاییەک بەرۆژوو بووە. ئەوەی گرینگە خەڵکەکە دژ بە هەموو پیسییەکان نارەزایی نیشان بدات، ئەوەی پەریشانە یەزدانە، دەبێ دژی هەموو پیسییەکان خەبات بکات، بەتەمابوون و پشتیوانیکردن نەخۆشییەکی کوشندەیە، هەندێ لە پیاوانی ئاینی سەرەتا لە ناخی خۆیان و ئینجا لە خەڵکی دەچێنن. کامەرانی راستەقینەیی ویساڵ و گەیشتنە... گەیشتن بە حەق، کە دڵدارەکە دەگاتە خۆشەویستەکەی، فڕکردنی پێکی ژان کەم دەبێتەوە؟ ئەوانەش لەگەڵ سرووتەکان دەوەستن، بە مەبەستی خۆیانی دەزانن... ئینجا تەمبەڵ دەبن.
عەلی کوری ئەبی تالیب (ر.خ)... مەزنترین شۆڕشگێری مێژووە، یەکێک بوو، زۆر بەتوندی پشتیوانی و داواکاری حەق بووە، هیچ رۆژێک شیرەکەی لەناو کەلانی دانەناوەتەوە، بەردەوام بۆ بەرگری لە حەق هەڵیکێشاوە.

جەوهەری راستەقینەیی ئاینەکان، خۆشەویستی حەق و خۆشەویستییە... ئەوانەش لەو جیهانە داماوەدا، لەناو چلّپاو خنکێنراوە، بۆیە شەیدایانی سۆفیزم، دەبێ بێ وەستان و کۆڵدان، خەباتی شۆڕشگێرانە بەتوندی بەرپابکەن...

حەلاجیات

ژمارە (٢٤٣)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی هەینی ٢٣ی مارسی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

سێ کەس سۆفی لەناو دارستانەکانی ڤێتنام ئاهەنگی (نەورۆز)ەکەیان دەگێڕن، بە جلە سوورەکانیانەوە، دەگەنە جیهانە مەزنەکەی نەمران..
سۆفییە مەزنەکانی ئەو چەرخە، خەسڵەتی پاکی و قوربانی و خۆراگریی و خۆشەویستی حەقیان تێدایە.... کەسایەتی مەزنن، وەک حەلاج کە بەپێکەنینەوە بەرەو خاچ دەڕۆیشت... خۆشی و پاکی منداڵێکی تێدا دەردەکەوت:
_ (مردنم لە ژیانە... ژیانیشم لە مردنە).
لە دوا شەڕە قورسەکانی ناو ڤیتنام، نامەیەک رەوانەی دەرەوە کرابوو:
(... هێزە ئەمریکییەکان، لە یەکێک لە سەنگەر و بارەگا سەربازییەکان، تەرمی سێ شۆڕشگێر دەدۆزنەوە، خۆیان بە زنجیر بە تۆپەکانیان بەستابووە، خۆیان توند بەستابووە، تا نەکشێنەوە و لە هەموو ئەگەر و ترسەکان رانەکەن و پاشەکشە نەکەن...).
ژنێکی لادێی پۆلیڤی، سەیری دەموچاوی شین و مۆری گیڤارای کردبوو ... هاوار دەکات:
_ ئەی خودایە دەموچاوی چەند جوانە!

گیڤارا پاش مردنی رووی بەخەندە بوو... روویێکی شیرین و گەشی دەنواند، رۆحە، کە ئازاد دەبێت کامەرانە و دەکرێتەوە و دەگەرێتەوە بارە جوانە نەمرەکەی خۆی...

_ ئەوە حەقەکەیە... حەق!

هاوارەکەی حەلاج لەو گەردوونە دەنگ دەداتەوە و ماوە، سۆفییەکانی ئەو چەرخە نۆژەن دەکاتەوە... ئەو... شۆڕشگێر و پێشمەرگە و هونەرمەندە راستەقینەکەیە... ئەوانیش رەوت و بەرنامەی حەلاجیان هەیە، بۆ گەیشتن بە میعراجی حەق، سۆفییەکان ئەو رۆژگارەش، رێبازەکەی ئەو پەیڕەو دەکەن.

زۆر لە چالاکی و بەرهەمەکانی ئەو سۆفییانە، بە پاڵەوانیەتی و ئەفسانەیی و پەڕجوو... بە (شۆڕشگێرە ڤیتنامییەکان) دەڵێن (پاڵەوانی پاڵەوانەکان)...

من پرسیم:

ئایا پاڵەوانی و نەبەردی لەوە مەزنتر و شکۆدارتر هەبووە و هەیە؟

کەس وەڵامی نەدامەوە... من دەمزانی کەس وەڵامم ناداتەوە... نهێنییەکی مەزنیش لەسەر ئەو پاڵەوانیەتییە دەزانم... بەوەش نهێنییەکی مەزنی راستەقینەیی سادەش بەرجەستە دەبێت:

ئەوەی کراوە و ئەنجامدراوە و لە مرۆڤیش دەوەشێتەوە! هەموو سۆفییەکان، بێجگە لە هۆگری و پشتیوانی لە هاوارەکەی حەق، لەناخەوە نەبەردی زۆرتریان ئەنجام نەداوە.

حەلاجیات

ژمارە (٢٤٦)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی سێشەممە ٢٦ی مارسی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

مرۆڤ چەندین نهێنی مەزن لەناو سروشت دەدۆزێتەوە، بۆ خۆشی و کامەرانی خۆشی بەکاریاندەهێنێتەوە، بەڵام! نازانێت چۆن سوودی گەورە لە دەرکەوت و دۆزینەوە زانستی و هزری و نەفسییەکان وەربگرێت، تەنها فەلسەفەی حەقیش دەتوانێت لە هیلاکبوون و تێچوون دەربازی بکات.

هەموو گەشەسەندنە ئەکتیڤی چالاکییەکانی مرۆڤایەتی لەو سەدەیە، خزمەتی ئەو فەلسەفەیە دەکات و پشتیوانیشی دەکات. زانستی دەروونی لەو دواییە گەیشتوتە ئەوەی (مەبەست و هیوای سەرەکی مرۆڤ لەو ژیانە ئەوەیە ئارەزووی بەردەوامی هەبێت بۆ دۆزینەوەی مانا و دروستی ژیانەکەی). بەحەقیش ئەوە تاکە مانای بنچینەیی ئەو ژیانەیە.

_ بۆچی دەژین؟

_ تا حەق بدۆزینەوە و تێدا ژیان بەرجەستە بکەین.

مانای وایە: بەردەوام شکۆدار بین، بگەینە کەمال، کەمالیش دوا سنووری دیار نییە، گەورە و بەرین و مەزنە، وەک مەزنی گەردوون.

ئەو دەرئەنجامی زانستی دەروونی بۆچوونەکانی فروێد رەتدەکاتەوە، وتبووی مرۆڤ کێشەیەکی سێکسییە... یان هەندێ لە زاناکان وتبوویان، مرۆڤ بەشێکە لە مادە و بەس، یان وتوویانە مرۆڤ بونەوەرێکی بایەلۆژییە، بازنەی بایەلۆژیی لەسەر خاک تەواو دەکات، یان هەندێکی ترت وادەزانن مرۆڤ لە گەشەسەندن و گرژبوونەوەی، سەرکەوتن و شکستەکانیت تەنها گەڵای درەختێکی کۆمەڵگە و باهۆزی ژیانە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان دەیهەژێنێت.

نەخێر! مرۆڤ لەوانە باڵاتر و شکۆدارترە... مرۆڤ ویژدانی ژیانە، نوێنەری حەقە لەسەر رووی زەمین، ژیان وەک خۆی _ ژیانی مرۆڤ یان ژیانی هەر بونەوەرێکی زیندووی تر _ لەناخەوە گەوهەرە مەزنەکەیت کە نهێنی بوونی تێدایە... نهێنی بوون، چونکە ژیان لەگەڵ حەق لەدایکبووە.

مرۆڤ لەدایک نەبووە و نەژیاوە تەنها سێکس و زاوزێ بکات و بەس، چونکە هۆش، تەنها بە سێکس گەشە ناکات، زانستیش، تەنها بە سێکس نما ناکات، هەسارەی زوهرە ژنی نازداری لەسەر نییە، لەسەر مانگیش، تیاترۆ و سەما نییە، هەروەها مرۆڤیش، تەنها بۆ بەردەوامی نەوە و وەچەی مرۆڤ نییە، یان دروست نەبووە خواردەمەنی و مەرجەکانی بەرهەمهێنان بۆ

کەسانی تر دروست بکات... و کۆچکردن بۆ جیهانیکی تر، مەبەستی ژیان شکۆیە بەرەو کەمال... فەلسەفەی حەقیش قیبلەی گەیشتنە بە مەبەستە مەزنەکە، بەڵام ئەو مەبەستە مەزنەش گەشەسەندنە بەرەو گێژاوی مرۆڤایەتی.

حەلاجیات

ژمارە (٢٤٧)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی چوارشەممەی ٢٧ی مارسی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

چۆلەکەیەکیان لەناو قەفەسێکی دروستکراو لە تێلی باریک دانا، لێیان پرسی:

_ دونیا چۆن دەبینیت؟

لە وەڵامدا وتی:

لەو دونیایە تەنها تێلەکان دەبینم...

دڵم دەسوتێت... تەنها ئاگر لە چواردەورەم دەبینم... ئاگر و دووکەڵ...

عاشقی شێت، تەنها لەناو باوەشی ژان ئۆقرە دەگرێت... بەپێخواسی بەسەر درِکدا بڕوات و زۆرانبازی لەگەڵ باهۆز بکات...

ئەوەندە پیسە، تەنها بۆقەکان دەتوانن هەناسەی لێ هەڵمژن _ براکانم _ ژیان بوویتە گۆماوێک لە قوور.

با ئاگرەکە، دار و گیا و کیسەڵ و کرمەکانیش بگرێتەوە...

من دەزانم _ براکانم _ کێڵگەکان ئاگری گرتووە، ئاگرەکە دەگاتە خانووبەرە و هێلانە جوانەکانیش..

عاشق، تەنها دەتوانێت لە خاکی سوتماک و ئاگرین سەما بکات...

نامەوێ تینوویەتیم لە ئەڤین بشکێت... لە شەرابی خۆشەویستی... لە ئازار و خەم و کەساسی و دەردیش... تامی بەرزی مەستبوون، کە ئاگر کڵپە دەکات..

بایە ساردەکە، نزای سروودەکانم بۆ دەهێنێت:

مەیگێڕ! بۆم تێکە... بەر لە تەواوبوونی کۆتایی، بۆم تێکە و بەر لە کۆتاییە راستەقینەییەکە بۆم تێکە....

هەزار حەلاج دانیشتوون و بە ملکەچی و پاڕانەوە، نزاکانی عیشق و هەڵچوون دەڵێنەوە...

عومەر خەیام پەیدا دەبێت و بەپێوە دەڵێت:

شووشەیەک شەراب و لەتێ نان
هەروەها دیوانی شیعرێکی جوان
حەزدەکەم هەردەم هاودەم بم
لەهەر کۆشکێ لە بەرزایی بەرزان.

خۆشەویستییە مەزنەکەی، لەبەردەم ئامادەبووان و لەناو سەرمەستەکان بانگ دەدات، پێکێکیش لە مەگێڕەکە دەفڕێنێت... هەمووی فڕ دەکات، تا ماندوو و شەکەت دەبێت... یەکێک هەڵدەستێتەوە و یەک بەدەنگی خۆی هاوار دەکات:

(بەهەشت تەنها خودای تێدایە).

دەیکوژن. لەوێ پێی دەڵێن مولحید) بوو... شاعیرەکە هاوار دەکات:

(خوێنە رژاوە سوورەکەی دەبێتە
دەبێتە سومبلی حوبری سۆزەکان
نیشانەی چارەنووسی بۆ عاشقەکان
خوێنە رژاوە سوورەکەی دەبێتە
نیشانەیەک و وشەی شەرەف بالاٌتر دەکات
دەبێتە رووناهی و دڵی تاریکی گەشاوە دەکات
لوتکە بە لوتکە
لەناو بورجەکانی رووناهییە مەزنەکە
پیاوە پیرەکە دەمی بۆ کێ کردەوە؟!

**حەلاجیات**

**ژمارە (٢٧٩)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی ٧ی مای ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.**

**(رید) وتوویەتی:**
**ئەگەر هونەرمەند کەسایەتی خۆی بخاتە سەرووی ئاستی هەڵوێستە تایبەتییەکانی، هونەرمەندەکە هونەرمەندی تەواوە، (ئەرک و خەسڵەتی هونەر ئەوەیە جۆرێک لە دەسەڵاتی ئیدراکمان لەسەر جیهان پێ ببەخشێت).**
**(هونەرمەندان، دەتوانن زمانێک بەکاربهێنن، دوور لە زمانی ئەدەبی، زمانی رامان و چەمکەکان، ئەو زمانە دەتوانێت گوزارشت لە قووڵایی راستییەکانی وجودیەت بکات، راستییەکانیش تەنها بە زمانی رامان و چەمکەکان دەکرێ گوزارشتی پێ بکرێت).**
**(چالاکی هونەری دەرناکەوێت، هەتا مرۆڤ رووبەڕووی جیهانە بینراوەکە نەبێتەوە، لە گوێزانێکی شاراوە، یان راستییەکی نادیاری پێچراوی ناو نهێنییەکان، ئیتر لێرەوە، پێویستییەکانی ناوەوە دەردەکەوێت و بوار ساز دەکات، هونەرمەند هەژموونە هزرییەکانی بۆ ململانێ لەگەڵ جەستە نادیارەکەی شکاو بەرەو جیهانی دیاری لاچەپ تەرخان بکات، ئەویش کاردەکات بۆ رێکخستن و دارشتنەوەی لەناو تابلۆیەکی داهێنەرانە).**
**(مرۆڤ، کە دەیەوێ داهێنانی بەرهەمێکی هونەری بکات، لەگەڵ سروشت رووبەرووی شەڕێک دەبێتەوە، ئەوەش بۆ مانەوەی مادی خۆی نایکات، بەڵکو لەپێناو ئامادەییە هزرییەکە دەیکات).**
**(هونەر، جیهانمان بۆ رووماڵ دەکات، مۆراڵە هزرییە هونەرییەکەمان بۆ ساز دەکاتەوە).**

(هونەر، ئەو شێوازانە دادەهێنێت کە هێشتا دەرنەکەتوون و دوورن لە زانینی ئاوەزی مرۆڤەوە. چالاکییە هونەرییەکە شێوەکانی بە ئاکار و بە وێنە بوونیان نەبوو، بە جۆرێک پەیدایان دەکات). (هونەر، لە شتە ئاوێتەکانی هیچ شێوازێکیان نییە، شتێکی یەکگرتوو دەکاتە وێنە، هەموو مانا هزرییەکانی لەناو نەخشەسازییەکانی ئەو پرۆسەیە دەنەخشێنێت).
(لەناو گوزارشتە هونەرییەکان زمانێکی رەمزی رەسەن هەیە، بۆ دۆزینەوەی هەموو لایەنە شاراوەکانی ئەزموونە زیندووەکان، ئەوەش بە مەزندەکانی ئاوەز نەکراوە بۆ لابردنی دەمامکەکان). (ئەوەش مانای ئەوەیە سنوورەکانی زمان، مەرج نییە دواسنوورەکانی ئەزموونی مرۆڤایەتی بن). کەواتە بۆیەش (هەموو هونەرێکی مەزن پێویستییەکی بەرجەستەیە... چالاکییەکی رەسەنی هەموو رەسەنەکانە، لەناو هەموو چالاکییە هزرییەکان سەربەخۆیی تەواوی هەیە، وەک فەلسەفە و بیرکردنەوە عەقڵیەتی پشتیوان بە مەزندەکردن).

حەلاجیات

ژمارە (٢٨٥)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی هەینی ١٤ی یونیۆی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

توێژەری دڵسۆز و کارکەر لەسەر (حەق)، لە هەموو چاخ و زەمانێک، لەناو پەراوێزێکی کۆمەڵایەتی بەدی داخراو ژیاوە، بەڵام دەرئەنجام سەردەکەوێت و لە هەموو بەدکارییەکانی زەمانەکە شکۆداری دەنوێنێت. دڵدارەکانی حەق، لە ژیان سەخترین  ئازار دەچێژن و کوشندەترین ژەهر دەنۆشن، ئینجا لەناو کەلاوەکانی زەمان و لەبیرچوونەوە و پەراوێزکردنا، شکۆمەند و نەمر هەڵدەکەون... حەلاجیش ئەو دەردەی دیوە، ژانی خوێناوی بەسەربردووە.
شاعیر _ هوسمان _ دەڵێت:

(لاوازترین مەیلەکانی مرۆڤایەتی خۆشەویستی حەقە)، نووسەری فەرەنسی (رۆمان رۆلان) وادەزانێت ئەوانەی دڵسۆزی حەقن، ژمارەیان زۆر کەمە...
شاعیر و فەیلەسوف _ ئەبو عەلا ئەلمعەری _ لەسەر حەق وتوویەتی:
درۆش کە لەسەر خولق بوو سەردەکەوت
بەڵام هۆشمەندەکان بە بەدکارییەکانی دەمردن!
شەیدابوونی دڵسۆزانە لەسەر حەق، شیلەیەکی نەمرە، لە رۆژی لەدایکبوونی هۆشەوە لەگەڵ مرۆڤ پەیدا دەبێت و هەتا ئەبەد دەمینێتەوە... کاروانێکی دووردوورودرێژ دەبڕێت، لێرەولەوێ نیشانە و ئاماژە جێدەهێڵێت، نیشانە خوێناوییەکان بەدرێژایی رێگاکان چەقێندراون، نیشانەکانیش ئاماژەیە بە شەهیدەکان، قوربانییەکانی حەق، سەربڕاوەکانن...
مرۆڤ، هێشتا ئەڤینی لە ئەڤینی حەق پاکتر و رەواتر نەدیوە، هیچ قوربانیش ناگاتە قوربانیدان بۆ حەق، کە لەو پەڕی شکۆ و مەزنی و گەورەیی قوربانیدانە بۆ حەق.
فەیلەسوفی ئیتاڵی _ برونو _ لە سەدەی شازدەهەمی سەردەمی دادگاکانی تەفتیشی ئەوروپا ژیاوە، تێدا ئاگریان لە مرۆڤ بەردەدا، هەندێکیان لەسێدارە دەدا و سەری زۆریان دەپەڕاند، زیندان و گرتووخانەکانیان پڕ لەو کەسانە کردبوو، کە پیاوانی کڵێسا ناویان نابوون مولحید و دەرچوو _ لە ئاین _ !
برونو لە دژایەتیکردنی توندڕەو گەورە و پیر بوو، شەڕی دەکردن و هاواری دەکرد ئەوانە دژایەتی بەهرەداران دەکەن، دڵەکان وشک و ڤالا دەکەن، بەتایبەتی لەودەمانەی خەڵکەکە بەتوندی و پشتیوان بە دەمارگیرییەکەیان شەڕی یەکتریان دەکرد.
سەرەتا و یەکەم هەنگاوی گەشەی هزری و دانوستانەکانی ناو دێرەکان، راگەیاندنی _ کۆپرینکۆس _ بوو، بیرۆکەی خڕی گوێی زەویی و سووڕانی لەسەر میحورێک لە دەورەی خۆر بوو، ئەوەش بەس بوو، خەڵکی پێ تاوانبار بکەن و شەرمەزاری بکەن و بیسوتێنن.
بەڵام _ برونو _ بۆ دەرکەوتنی حەقیقەت، بۆ هەموو دیاردەکانی سەردەمەکە کۆڵی نەدا و خەباتی بەردەوام دەبێت.

**حەلاجیات**

**ژمارە (٢٤٨)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممە ٢٨ی مارسی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.**

**ژان و ئازارەکانی مرۆڤ چییە؟ رەنگە من گەیشتۆمەتە سەر سەکۆی حەقە مەزنەکە... لەوێ نهێنییەکە نوێیەکەم بۆ دەردەکەوێت:**
**_ رۆحە ئازار دەخوات و ژان دەگرێت، جەستەش هەست بە هیچ ناکات. بەختیاری و ئازارەکان... بەختیاری و ئازاری رۆحە.**
**پیاوێک دەگرن و لە زیندانا پارچە پارچە ئەندامانی لەشی بە منشار دەبڕنەوە، ئینجا هاوار و ئاخ و ئوفێک ناکات، ناوی یەک هاوڕێی خۆی ناڵێت و خیانەتیان لێ ناکات... جەلادەکان زۆرتر ئەشکەنجەی دەدەن، قسەیەکیان بۆ بکات... ناوی هاوڕێیەکانی ئاشکرا بکات... پیاوەکە سەرسەخت و جوامێرانە خۆڕاگر دەبێت، بەو ئازارەش کامەران و شادمانیش دەبێت. من دەپرسم:**
**چ هێزێک لەپشت ئەو پیاوەیە خۆراگر و جەسوورەی، هیچ نهێنییەک نەدرکێنێت؟**
**_ ئەوە هێزی رۆحە.**
**کە رۆح ئازاد دەبێت، پاک و بێگەرد و خاوێن دەردەکەوێت، هەموو هێزەکانی ئەو جیهانە و فشارەکانیش، ناتوانن رۆح بروخێنن هەر چەند جەستەکان دەفەوتێنن... جەستە، کە رۆح زیندانی دەکات دەبێتە قەبارەیەکی مایەپووچ و بێسوود، کە مرۆڤ دەبێتە کۆیلەی جەستە، کە رۆحیش ئازاد دەبێت، جەستەش بەورە و بەهێز دەبێت؟ رۆحە بەردەوام ئەڤیندارە... شەیدای ئەڤین و بەرهەم و قوربانی گڕدارە... کە ئازادییەکان لە رەهایی و دەرچوون وەردەگرێت، هەتا سووتانیش ئامادەیە قوربانی بدات.**

من هیچ نهێنی گەورەیی و مەزنی مرۆڤ نازانم، دەیسوتێنن و لە خاچی دەدەن، هێدی هێدییش ئازاری کوشندە و گرانی دەدەن، رۆژانە بەشێکی جەستەی دەبڕنەوە، مرۆڤی ئازاش، خۆی لە چەک و تۆپەکەی دەبەستێتەوە، تا را نەکات و مەیدانی جەنگ ڤالا نەکات و لە مردن را ناکات، جەستەی بە هەژموون و هێزی رۆحی دەڕوخێت، وەک سێ شۆڕشگێڕە ڤیتنامییەکە...
رەنگە نهێنییەکی تر هەبێت، فاکتەرێکی بەهێز هەبێت، بۆیەش ڤێتنامییە بودییەکە رۆحی قوربانیدانی هەیە.. ئەو بڕوای بە کۆپیکردن و دووبارەبوونەوە لەناو رۆحێکی تر هەیە، ئیمرۆ ئەو دەمرێت و دووبارە رۆحەکەی دەگەڕێتەوە کن جەستە و مرۆڤێکی تر... مردن ترسناک نییە... تەنها جەستەکە دەڕوات و نامینێت، ئەوەیە نهێنی ئەڤینە مەزنەکەی قوربانیدان. بەڵام نهێنی هەر مەزن ئەڤینی حەقە... کە بۆ دڵ لەناخەوە دەبێتە قەڵغانێکی مەزنی ناوەوەی مرۆڤەکە.
رۆح لە ترس دەپارێزێت... کام ترس، ترس لە سزا و ئازارەکانی دەرەکی، هەر چەندە توند و قورسیش بێت.

حەلاجیات

ژمارە (٢٥٠)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی دووشەممە ١ی ئەپریلی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

وایت، مەرج و کەرەستەکان رەوتی حەلاجی کەم بوو. وەک باسمان کردووە ماوەی خەڵوەت زۆر پێویستە، هەروەها دەبێ لە _ خەڵوەتەکە _ جەخت و فۆکسی زۆر لە کەون و بوون بکەیتەوە، بیر لە خالیقە مەزنەکەش بکەیتەوە(١).
هەردەمێک دونیایە فانییەکەت بەبیرهاتەوە، چەندین خەنجەری وەهمی لە دڵت بدە، رۆژانەش سەیری ئاسمان بکە. چاوەکانت دابخە و بیانکەرەوە.

ئینجا دەزانیت ئاسمان چەند جوان و بێگەردە... ئاسمان وایە. حەقیقەتیش وەک ئەو ئاسمانە جوانە.
خودا مەزنەکە دروستکەری ئەو گەردوونەیە. درێژە بە نوێژەکانت بدە، لەناو ئەو نوێژە درێژانەدا خودا لە ناخت دەڕوێت(٢).
هیچ خاوێنییەک ناگاتە خاوێنی رۆح، لەگەڵ نەفسی خۆت و جیهانیش، هەتا دوا سنوورەکانی خاوێنی پاک و بێگەرد بە.
رووت بەرەوە و هەموو پەردە رەشە تاریکەکان لە خۆت داوەشێنە، ئینجا ئازایانە و بەورەوە پەڕ و شەی بکە، ترس لە کۆتە توندەکانی رۆحی لە دەربازبوون توند گرتووە، حەقیقەتیش سەرهەڵنادات، هەتا رۆح ئازاد و سەربەست نەبێت.
ئەندزیاری نەمساوی (یولیوس واجنر) بەردەوام پرسیاری کردووە:
_ دەزانی حەقیقەتی خودا چییە؟
ئەو ئەندازیارێکی سەرکەوتوو بوو، پسپۆر بوو لە دروستکردنی پرد، رەوشی کار و بەرنامەکانی وابوو، لە چەندین وڵات دەمینێتەوە، لە میسر و عیراق و زۆربەی وڵاتانی تری ئەسیا و ئەفریقیا، چەندین زمانیش فێر دەبێت، دیمانەی پیاوانی ئاین دەکات و چەند رۆژ بە عیشقی سۆفیانە دەمینێتەوە.
لە یەکێک لە گەشتەکانی بۆ سودان، ماوەیەک ون دەبێت، بە ریشێکی گەورەی درێژەوە دەردەکەوێتەوە... بە هاوڕێیەکانی دەڵێت:
من ماوەیەکی زۆر درێژە لە خودا دەگەڕێم و پەریشانم... لە کۆتایی دۆزیمەوە... لەناو دڵە سۆفییەکەم لە سودان خودام دۆزیەوە.
ئەندازیارەکە ناوی خۆی دەکاتە (عەبدولباقی عەبدولباقی)، کەوا و سەڵتەیەکی گەورەش لەبەر دەکات... ئەوەی جێگای سەرنج بوو، بڕوای بە خودا هێنابوو (خودا لەناو دڵە سۆفییەکەی).
حەقیقەت لەناوەوە لەدایک دەبێت... لەگەڵ بێگەردی و پاکبوونەوە لەدایک دەبێت.

---

(١) و (٢) بانگەشەیە بۆ تەئەمول، کە لە جیهاندا بڵاوبویتەوە، بە زمانی لاتینی پێی دەڵێن (مدیتیشن)، زۆر لە مەڵبەندەکانی تەسەوف، هەتا زانستی

نوێی پزیشکیش لە بایەخ و سوودەکانی تەئەمول وەک ڕێگایەکی چارەسەری پزیشکی.

حەلاجیات

ژمارە (٢٥١)ی ڕۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی ڕۆژی سێشەممە ٢ی ئەپریلی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

دوا دەرئەنجامی توێژینەوەی زاناکان، لەسەر تەمەنی گەردون گەیشتونەتە، سەر ئەو بڕوایەی گەردون بیست و یەک هەزار ملیۆن ساڵە... واتە ئەو زەمانە سەرەتای کەون بووە. ئایا ئەو سەرەتایە لە شوێنک هەبووە؟
لە سەرەتای ئەو سەدەیە (فریدمان) دوو بیردۆزی دۆزیوەتەوە (ئەو گەردونە بە هەموو هەسارەکانەوە، کە ژمارەیان ملیۆنەها یان بلیۆنەها ئەستێرە دەبێت، تەنها یەک بۆشایی پڕدەکەنەوە... بەڵام لەناکاو تەقینەوەیەکی مەزن دەقەومێت و پارچەکانی بەخێراییەکی زۆرەوە پەخشان دەبێت، پارچەکان، زۆر دەبن و زۆرتر دەبن و بەوەش هەسارەکان و جیهانەکان، ئەوانەی ئیمرۆ دەیانناسین و ئەوانەی نایانناسین دروست دەبن، بەپفدانی گەردوون و دوورکەوتنەوەی پارچەکان، بە شێوازێکی کراوەیی جیهان پەیدا دەبێت).
زاناکان دەڵێن ئەو گەردوونەی کە بیست و یەک هەزار ملیۆن ساڵە... جاران قەبارەیەکی مەزن و دوورەدەست بوو... بۆیەش مرۆڤ هەستی پێ نەکردووە و هەموو نهێنییەکانی نازانێت و خەسڵەتەکانی ناناسێت... ئەوەش لوغزێکی گەورەیە و زاناکانی سەرسام و پەریشان کردووە.
ئەوەش مانای ئەوەیە، سەرەتای زەمەنی دروستبوونی ڕاستییە مەزنەکە دیار نییە، مرۆڤیش ناتوانێت مەزندە و ڕامانی بۆ بکات، ناتوانێت ئاکاری بەرجەستە و نهێنییەکانی مانی بزانێت، تەنها فەلسەفەی حەق نەبێت.

من دەپرسم: ڕێژەی مرۆڤ لەو گەردوونە مەزنە چەندە؟ ڕێژەکەش لەبەر بچوکی لەو گەردوونە ناکرێ بپیۆردرێت، بەڵام هەر ئەو بونەوەرە، ئەو ڕێژە بچوکەش دەتوانێت نهێنی بوون و دۆزینەوەی حەقەکەش لەناو خۆیەوە بکات.

نهێنی مەزنی ژیان، هەمان نهێنی بوونی کەونە... ئەوەش لەناو هەموو گەردیلەیەک، لەناو هەموو شانەیەک و شانەکانی کەون و ژیاندا هەیە.

ئەگەر ویست و زانیاری زاناکان، لەسەر کەون گەشەی کرد و گەیشتنە ئاستێک، لەوێ لەناو مەزنی کەون و فراوانییە بێ سنوورەکەی ون دەبن... زاناکان لەناو قووڵاییەکانی گەردیلە و لەناو ئەلکترۆنیات و نیوترونات قووڵ بوونەوە... دەرکەوت سیستەمی ناوەوەی بچوکترین یەکەی ئەو گەردوونە، هەمان سیستەمی جووڵانەوەی کەونیشە.

ئای لەو ڕاستییە مەزنەی، دەیسەلمێنێت فەلسەفەی حەق سەلماندویەتی دۆزینەوەی حەق لەناو خودی خۆی دەبێت(١).

مەولانا جەلالەدینی ڕومی دەیویست، دەریا لەناو یەک دڵۆپە ئاو ببینێت، خۆریش لەناو دانە لمێک ببینێت. ئەو قسەیەی بەر لە شەش سەد ساڵ پێش ئێستا کردووە.

هەندێ لە زاناکان دەڵێن، ئێستا، سیستەمی کارای کۆمەڵەی خۆر، هەمان سیستەمی کارای دانە لمەکەیە.

---

(١)واتە لەناو بەشێکی بچوکی ئەو گەردوونەیە، کە مرۆڤە.

حەلاجیات

ژمارە (٢٥٢)ی ڕۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی ڕۆژی چوارشەممە ٣ی ئەپریلی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

جیهانە رووتەکە لە ترسانا دەلەرزێت، وەک کیژێکی پاکیزەی رووت، وەحشییە دڕندەکان بە چەقۆی تیژ، هێرشی دەکەنە سەر و پەلاماری دەدەن و دەیانەوێ دەستدرێژی بکەنە سەر.

دۆزەخیش، لەبەر هەڕەشەکانی شێتی شەڕ و پەیدابوونی چەکە ناوەکییەکە... لەبەر گەردەکەی، منداڵی شێواو و کەمئەندام لەدایک دەبێت... لەبەر شێواندنی مرۆڤایەتی... زاری کردۆتەوە.

مرۆڤ لەو سەردەمە سێ جۆرە:

هەندێ مرۆڤ هەیە وەک زیندەوەر دەژین... دەخوا و دەخواتەوە و زاوزێ دەکات و دەخەوێت... ئەوانە بێ هۆش و دوور لە نیگەرانی تەسلیمی قەدەر و ساتەکانی زەلیلی و ملکەچی دەبن.

مرۆڤیش هەیە، بیرکردنەوەی بەردەوامی رۆژەکانی، ترسە گەورەکان لە دۆزەخە ناوەکییەکە، ئیمانەکانی بەرەو مایەپووچی بردووە. ژیانیان بوویتە ڤالاییەکی ترسناک، چونکە ڤالایی هەر ڤالاییە، هەموو پەیوەندییەکانیشی بە کۆمەڵگە و ژیانیش دەپچرێنێت.

بەڵام مرۆڤە شۆڕشگێرەکە، نایەوێ و رازی نابێت، وەک زیندەوەرێک بژی، ئەوانە وەک منداڵان ژیان وەک خەونێکی جوان دەبینن، ژیان بە ڤالایی نابینن... ئەو شۆڕشگێرە دروستکەری سەردەمەکەیە و بزوێنەری مێژووی ئەو سەردەمەیە، چونکە دەیەوێ گەردە ناوەکییەکە، لە ئاسمانی مرۆڤایەتی بڕەوێنێتەوە و بەهارە راستەقینەکە بۆ مرۆڤ فەراهەم بکات. دەیەوێ مایەپووچی لەناو ئاوەز و ڤالایی لەناو دڵان بکوژێت... بۆیە خەبات دەکات شۆڕشگێرانە کۆمەڵگەکە بگۆڕێت... هەموو جیهان بگۆڕێت.

ئەو جیهانەی بە گەندەڵی و بۆگەنییەکان بەدرەفتار بووە... لەسەرەمەرگە و حەلاجیش بە کفنە قورمزییەکەی هاوار دەکات، منم ئەلحەق، منم ئەلحەق.

دەزانن ئەو لە کوێ وەستاوە؟ ئەو لەناو بێشەڵانەکەیە... لەناو ئەشکەوتی چیاکانە... شۆڕشگێرەکە بە پۆشاکی سۆفیانە ئاگر و مردنی لەبن پێیەکانە... خاکە سوتماک و کەلاوەکەی لەبن پێیانە... بە ئاگریش پارچەکانی ئەو دونیایە پەخشان دەکات. کیژە پاکیزە رووتەکەش... با دووبارە برویێتەوە.

حەلاج، خۆشەویستییەکی مەزنی هەڵساندوتەوە، بەقەد مەزنی نیگەرانییەکەی جیهان... بەقەد ترسە مەزنەکە...
هەردوو قاچەکانی لەو ئوقیانووسە هەڵچووەکە، لەسەر کەنارەکانی ئەمانەتی رۆحە.
منم ئەلحەق.
حەق ئالاّی شۆڕشگێرە مەزنەکەیە(١).

(١) دەتوانم بڵێم شۆڕشگێرە مەزنەکانی مێژوو، لە جەوهەردا، کەسانی سۆفی بوون و خۆیان لە وەهم و خورافیاتەکانی کۆمەڵگەکانی مرۆڤایەتی دەربازکردووە، پاش گەیشتن بە هۆشمەندی و زانیارییەکان ئاشنای دەبن، تەسەوفیش هۆشمەندییە... تەسەوف دەربازبوونە لە خورافیات و دابونەریت و کۆت و تاریکییەکانی دەسەلاّت و سامان و چاوچنۆکی دەیچەسپێنن.

حەلاجیات

ژمارە (٢٥٣)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممە ٤ی ئەپریلی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

هێشتا رۆحە خنکاوەکەم لەناو چڵپاوە... بە کۆت و بەندەکان بەستراوە.
مرۆڤ لە دەرەوە بەند ناکرێت... دیوارە نابێتە زیندان... یان دەرگا ئاسنەکان، زنجیرەکان... یان پاسەوانەکان.
زیندان لەناوەوەیە... من مرۆڤم دیوە لەناوەوە بەندکراوە... وەهمەکان، ترسنۆکی، موخەنەتی، بۆگەنی، ترس، ئەوانە کۆتەکانی مرۆڤن.
ئەگەر مرۆڤ رۆحی لەناوەوەی خۆی پیسی زیندانی بکات، کەسێکی بەندە...
ئای لەو جیهانە پیسە زیندانی چەند زۆرە!

زیندانیکراو بەشەوقەوە دەڕوانێتە ئازادی... ئازادکەرە مەزنەکەش ئەڤینە...
ناوەوەم بە چڵپاوەکە پیس بوو، وەهیمیش بەشێکی خۆشەویستی کوشتووم، کۆت و بەندەکانی دەست و پێیەکانم قورس دەبن...
ئیمڕۆ بۆ ئەڤینە سووتاوەکەم زۆر تینووم!
ئەڤینم بۆ حەق نەمردووە... بە چرپە و نازی ڕۆژەکانی تەمبەڵییم سڕ نەبووە... بەهاریش تەنها لەناو دڵم، تەنها ئەڤینە پەرۆشەکەم بۆ حەقە مەزنەکە دەبوژێنێتەوە.
من بەپەرۆشییەوە بەدوای مردن دەگەڕێم... ئەوانیش دەپرسن: تۆ دیارە لە ژیان نائومێدیت؟
حەلاج نەمردووە و هێشتا دڵی گەشە بە ڕووناهی حەق... من دەمەوێ بمرم... با قووڕ و پیسی و زەلکاوەکان بمرن... مردنم بوژانەوە و هەڵسانەوەیە.
کە شەیدای مردن دەبم... من بەتوندی پەرۆشی هەڵسانەوەم... عاشقم... مەزنم... توند و پتەوم... بەچرپەم و نزاکانی حەق دەڵێمەوە و تەنها ئەوانە دەڵێمەوە کە لەناو قووڵایی سۆفیزمدا هەیە...
من مردنم بۆ مردن نەویستووە... ژیانیشم بۆ ژیان نەویستووە. هزرە دۆزەخییەکە یەخەی گرتووم:
_ مەبەستی ژیان چییە؟
بڕوا ناکەم لەناخەوە، مرۆڤ بتوانێت بەردەوام بێت لەسەر پابەندبوون و شەیدایی بە ژیان، ئەگەر دروست مانای ژیان نەدۆزێتەوە... نەزانێت مەبەستی لەو ژیانە چییە.
من مەبەستی ژیانم دۆزیەوە... ئەویش شکۆیی بەردەوامە بەرەو کەمال(١).
لەپێناوی ئەو کەمالە مەزنە من ئیمڕۆ لە مردنەوە بۆ بوژانەوەی نوێ وەک کانزایەکی بێگەرد دەگەڕێم، هەناو پاک، ڕۆح بێگەرد... چیتر بەرگەی ژیانە پیسە قووڕاوییەکە ناگرم... کە هەموومان تێدا گیراوین.

---

(١) ئەو قسەیە باش نییە، زۆریش لە پێغەمبەر و سۆفی و زاناکانیش ئاماژەیان پێی کردووە... بەڵام ئەوەی زۆر گرینگە، هەموو کەسێک لەناخەوە خاوەنداریەتی بکات و ئاوێتەی ببێت.

## بەشی پێنجەم

### حەلاجیات

ژمارە (٢٥٤)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی شەممە ٦ی ئەپریلی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

کوردستان... ئەی پەرستگایە مەزنەکەم(١)!
بە گوڵاڵە سوورەکان شەرم دایدەگرتم... وەک کیژۆڵە ناسکە کوردەکان... نەورۆزم وا نزیک دەبێتەوە..
ئەی مەشخەڵی نەورۆزە مەزنەکەم... من بکە بە سوتەمەنی خۆت... بۆ ئەوەی جارێکی تر بۆ ئەبەدیەت بسوتێمەوە... ژانەکانم وەک ژانی (کوردستان) مەزنە، رۆژانە دەسوتێم و دەبمە خۆڵەمێش، دووبارە زیندوو دەبمەوە تا ببمەوە خۆڵەمێش(٢).
ئەی خوێنە گردارەکەم وەک روون، چەند جوانی کە دیواری پەرستگا نەمرەکەمی پێ دەنەخشێنم، چەند جوانە، کە وێنەی دڵە زامدارەکەی پێ دروست دەکەم...
قەدپاڵی شاخە سەوزەکە، بە تاوانەوەی بەفری زستانەکە دەبوژێتەوە و پرشنگ دەدات... بەفرەکە دەتوێتەوە و بەرەونەق و بەجریوە بەرەو دۆڵەکە دەچێنە خوارەوە... گوڵاڵە بەهارییەکان بە بزەوە لەنێو درزی بەردەکان دەردەکەون، بە سۆز و ئەڤین و شەوقەوە، پێشوازی لە خۆری نەورۆز دەکەن.

هێشتا پەرستگاکەم بە دڕک گیراوە، بە ماری ژەهراوی و دزەکانیش لەپشتی دڕکەکانەوە، ماوەماوە ترسنۆکانە دزەی بۆ دەکەن... هێشتا پەرستگاکە لەو چۆڵەوانییە، دوژمنەکان بە بوغز و رقەوە گەمارۆیان داوە... چاوچنۆکانە چاویان تێی بڕیووە.

دڵم بەژانە... بەیانییان سوجدەش دەبەم و داوا دەکەم و دەپاڕێمەوە:

_ ئەی خالیقە مەزنەکە! دڵم تژی بکە لە رووناهییەکی بەسۆز و نازدار... پەرستگایە گیراوەکەم دەرباز بکە...

کوردستان... ئەی خەڵوەتگە نەمرەکەم.

هێشتا دڵدارە مەزنەکەت (مەولەوی)(٣) شەوانە بێدارە، بەسۆزی دڵدارییە مەزنەکەت دەنوزێتەوە، دوێنی لە میعراجە رۆحییە نەمرەکە دەگاتە _ حەلاج _ بەیەکەوە گۆرانی بۆ ئەڤینەکە دەڵێنەوە...

_ کوانی حەق؟

لە دەرگای پەرستگایە بەندکراوەکە _ حەق _یش دەست بەکەلەپچەوە دەردەکەوێت، دەلەرزی و دڵ بەژان، ناڵەیەکی کوشندەی دەکرد و دەیووت:

منم ئەلحەق!

بە کفنە قورمزییەکەی دەستی رادەوەشاند، یەک بە ئاسۆی ئەو گەردوونە، هاواری دەکرد:

شەفەقی حەقە مەزنەکە لەدایکبوو.

---

(١) وڵات دەکاتە پەرستگا و جەستەی ئادەمیزادیش بە پەرستگا، ئەویش میحرابی رۆحە.

(٢) ئاماژەیە بە خولی ژیان، مردن و ژیان... وەک چۆن لە فەلسەفە کۆنەکانی خۆرهەڵات و میسر و میزوپۆتامیا... و هتد.

(٣)شاعیری کورد مەولەوی ئاماژەی بە شیعرەکانی حەلاج داوە.

**حەلاجیات**

**ژمارە (٢٥٥)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی یەکشەممەی ٧ی ئەپریلی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.**

**نووسەر (پیتر وایت)(١) ئارەزوومەندانە خۆی لەماڵەوە زیندانی دەکات، لە ژیانی قەرەباڵغ و شێتی و خۆشییەکانی شار دووردەکاتەوە، دەچێت لە نهۆمی سەرەوەی ژوورێکی پیسی کۆنە خانوویکی گوندێک دەژین. پڕ لە پاشەڕۆی ئاژەڵ و زەبڵ. (وایت) ساڵێک، لە گوندەکە بە مووچە کەمەکەی خانەنشینی، کە نەدەگەیشتە تەنها دە پاوەند، ژیانە لاچەپە ئارەزوومەندانەکەی بەڕێدەکات... ئینجا لەسەر ئەزموونەکەی بەردەوام دەبێت... بە دەستی خۆی نان دروست دەکات، مورەبا ساز دەکات، ئاوی تەماتە دەگرێتەوە و هەنجیر وشک دەکاتەوە، بۆ گرتنەوەی شەرابیش ترێ دەکوشێت، زەیتون دەکوشێت، جلەکانی بە دەستی خۆی پینە دەکات، زۆر کاری تریش بە دەستی خۆی ئەنجام دەدات... لەدوا رۆژەکانی ئەو ساڵە نووسیبوی:**

**_ (من لە کۆتایی ئەو ساڵەدا، ببوومە پیاوێکی هۆشمەندتر و لە هەموو روویکەوە کارامە و بەتواناتر بووم، زۆریش لە هەڵەکانم فێربووم).**

**هەروەها وتوویەتی: (شەیدای چ بووم و دەستکەوتم چی بوو، راشکاوانە دەڵێم من نامەوێ لەبەردەم خەڵک، خۆم دەستبەتاڵ و رووت نمایش بکەم، دەتوانم بڵێم من تەواوی سەربەخۆیی و ئازادییەکانم نەبوو، زۆریش دڵنیا نەبووم، ئەو توێژینەوە بۆ ئەو کەسانە، لەو بابەتە توێژینەوە دەکەن دەرئەنجامی نەبوو. دەڵێم با بەنەرمی و بەسادەییەوە، لەسەر کارنامەکانیان بەردەوام بن، چونکە من زۆر لەو شتانەی بەدوایاندا وێڵ بووم دۆزیمەوە و دەستم کەوت. لەو ژینگەیەدا، پەیوەندییەکی بەردەوامم لەگەڵ سروشتدا هەبوو، گومانیش لەوەدا نییە، ئەوەی لە سروشت نزیک بکەوێتەوە، زۆرتر لە خودا نزیک دەبێتەوە، لە ساڵی رابردوو کە ژیانم بەتەنهایی و سادەیی بەڕێکرد، لە هەموو کاتەکانی تری ژیانم لە خودا نزیکتر بووم).**

(مەسەلەیەکی راستەقینەیی هەیە. گەڕان بەدوای حەقیقەت سەرچاوە و ئیلهامی هەموو توێژینەوەیەکە و وردبوونەوەیە لە هەموو بوارەکان).

(وایت)ی نووسەر، لە پەرستگاکە تاکەکسییەکەی تەنها دەمینێتەوە، ئەوەش هەنگاوی یەکەمە، لەپێناو گەڕان و شەیدابوون بە حەقیقەت و ئازادی، هەروەها خەڵوەتبوونیش پێویستە، چونکە لەودەمانەدا رۆح ئازاد دەبێت، لە هەموو مەرجە دەرەکییەکانی تەنگیان پێی هەڵچنیوە دەرباز دەبێت، بوارەکانی زۆرتر بۆ دەرەخسێت و سەرگەرم دەبێت بە پاکبوونەوەی رۆحی.

مرۆڤ ناگاتە ئازادییەکان، ئەگەر دوور لە خودی خۆی و لە سروشتیش بۆیان بگەڕێت. سەربەستی لەناوەوە دروست دەبێت، دەبێ سەرەتا ناوەوەی خۆت ئازاد بکەیت، هەروەها حەقیقەتیش دەرناکەوێت، تەنها بە پاکبوونەوەی رۆح نەبێت، بە کۆششێکی رۆحی سەخت و سادەیی و سڕینەوەی خۆشییەکانی و رەتکردنەوەی پیسییەکان دەبێت.

---

(١) نووسەرێکی ئەمریکییە.

حەلاجیات

ژمارە (٢٦٢)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی سێشەممە ١٦ی ئەپریلی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

وزەکانی ئاوەزی مرۆڤ بێ سنوورە، کە پێست و چەرمەکانی سستی و خاوبونەوە لە هۆش دادەڕنێت، عەقڵی مرۆڤ بەنهێنی و لەناکاو، تیشکی زۆر پەخشان دەکات.. سروشت، توخمی مرۆڤی گونجاندووە، بۆیەش فەلسەفەی حەق(١) بەقووڵی ئەو گەشبینیەی تژی مرۆڤە وەردەگرێت، هەر کاتێ ئەو نهێنییە نوێیە دەدۆزێتەوە.

ئەگەر حەقیقەتی گۆڕان بەردەوام نەبوایە، نەدەکرا بە هیچ زمانێک، باس لە کەمال بکەیت. کەمال دەرئەنجامی گۆڕانە ئەبەدییەکە، لە ئاکامی داماڵین لە پێستە کۆنە رزیوەکە دەبێت.

ئێمە رۆژانە دەمرین... دەمرین و بەر لەوەی بەیەکجاری بچینە ژێر خاک، هەزارەها جار زیندوو دەبینەوە(٢)، واتە بەر لەوەی ئەو جەستە فانییە پیسە بفەوتێت.

ئەو حەقیقەتەی لەلایەن زانست سەلمێندراوە، دەڵێت شانە ئۆرگانییەکانی جەستە، بەردەوام لەناودەچێت و دەمرن و دووبارە شانەی نوێ دروست دەبنەوە... داماڵینی ئەبەدی، خەسڵەتە گەورەکەی داماڵینی رۆح، پێویستی بە خەباتکردنە بۆ بەدەستهێنانی حەق، واتە داماڵین بە رەمەکی نابێت، لەگەڵ رێکەوتنە رەمەکییەکەی یاسای ژیانی ئۆرگانیزمییەکە، وەک حاڵەتی مردن و ژیانەوەی شانەکان... واتە مانای سازکردن و لووسکردنی جەوهەرە... پاککردنەوەی رۆح... ئەوەش مەسەلەیەکی گونجاوە... هۆکاری سەرەکی دامەزراندنی مرۆڤە نوێیەکەیە، کە بەردەوام باس و لێدوانی لەسەرە.

بەبێ ئەوەش ناکرێ هەرگیز قسە لەسەر ئایندەی مرۆڤ بکرێت.

زانا و فەیلەسوفەکان، کۆکن لەسەر ئەوەی گەشەی بنچینەیی بۆ دروستبوونی مرۆڤێکی کامل، لە گەشەسەندنی ئاوەزەوە دەبێت... هەموو ئاوەزێکی پاکی پوخت، کۆرپەی رۆحێکی پاکی خاوێنە. رۆحیش بریتییە لە عەقڵ... عەقڵە ویستراو و داواکارەکە.

حەقیقەتی رووناکی کارای ناوەوەی ئایندەی مرۆڤ، واتە رۆحە، کە گەشە دەکات و دەبوژێتەوە و نما دەکات... لەو جیهانە جوانە بەختیاری، کە کاروانە شکۆدارەکەی بۆ ئازادی مرۆڤ لەسەر رووی زەمین بەردەوامە.

هیچ فەلسەفەیەکیش نییە، بتوانێت بەرگە و ئامێز بۆ ئەوانە هەموو بکاتەوە، تەنها فەلسەفەی حەق نەبێت.

(١) فەلسەفەی حەق: بەکارهێنانی ئەو زاراوەیە، ئاماژەیە بە فەلسەفەی حەلاج. دەڵێن هیگلی فەیلەسوفی ئەڵمانی، کتێبێکی بەناوی فەلسەفەی حەق هەیە. شیاوی باسە رۆژێک بەراوردێک لەنێوان چەمکی حەق لەنێوان

تێڕوانینی حەلاج و تێڕوانینەکەی هیگل بکەین. حەق، لەکن حەلاج پاکبوونەوەیە لەناو خالیقە مەزنەکە، وەک جیهانی شکۆداری و کەمال و ئازادبوون لە پەیوەندییە مرۆییەکان و کۆیلیەتی. حەق واتە ئازادی، واتە ئازادی ویژدان، وەک چۆن زەردەشت فەرموویەتی. حەلاج کاردانەوەی فەلسەفەی زەردەشتی لەسەر هەبووە. بەبێ ئەوەی لەو فەلسەفەیەی گوزارشت لە جەوهەری هۆشمەندی خۆرهەڵاتی دەکات تێ نەگەین، ناگەینە حەقیقەتی حەلاج.

(٢) زانستەکانی بایۆلۆژی و فیسۆلۆژی و پزیشکی و فیزیک ئەوە دەسەلمێنن.

## حەلاجیات

ژمارە (٢٦٥)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی هەینی ١٩ی ئەپریلی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

لە وڵاتی عەرەبی یەکگرتوو شاعیرێکی نوێ (موحەمەد سەعید موحەمەد) پاش (سەلاح عەبدولسەبوور) داستانەکەی (حەلاج) بە سروود دەنووسێتەوە... ئەو دەڵێت:

لەپشتی شیشەکانی زیندانەوە مامم دەکوژن
وتیان: دەیکوژین چونکە مولحیدە
شێخ بە کافری داناوە و کوشتیان
دەیدەنە بەر شیر و خوێنی دەڕژێت و
لەسەر لمە رەشەکە، قسەیەک دەنووسێت
ئەی مولحید بڵێ:
خودایە... خودا لەسەر هەموو شتێکە.

پێش ئەویش شاعیری عیراقی (قەیس)(١).. گۆرانییەکانی حەلاجی دەڵێتەوە، حەلاج بەمەزنی و سەرکەوتوویی هەڵدەستێتەوە، ڕێنماییەکانی سەرلەنوێ سەوز دەبنەوە(٢).

ڕۆح تینووە... شارستانیەت پێداویستی دەستکردنی زۆری داهێنا، مرۆڤی بەرەو چاوچنۆکی و ئارەزووەکان ڕاپێچ دەکات، دەیکاتە وەحشێکی دڕندەش، سۆفییە پاکەکان، ژمارەیان کەمە، کە بەتوندی و مەزنییەوە دژایەتی پیسییەکە دەکەن، لە پەرستگاکان دەنوزێنەوە. لە لوبنان، پیاوێکی سۆفی و سیاسی وەک (کەمال جونبلات) شارستانیەت بە نەخۆشی و داوەشان و هەڵوەشانەوە ناودەبات و دەڵێت:

(لەو شارستانیەتییەی ئیمڕۆ تێدا دەژین، زۆربەی پێداویستییەکان سروشتی نییە، شارستانیەتە، کاڵا دەستکردەکان بەرهەم دەهێنێت، کە دوورن لە پێکهاتە سروشتییەکەی مرۆڤ، پەیوەندیشی بە بۆچوونە هزری و ئارامییە جەستەیی و سۆزەکەی نییە، بەڵکو بە چەشە و ئارەزووەکانی مرۆڤ پەلکێش دەکات، وەک چۆن پەپوولە بەرەو ڕووناهی مۆمێک دەڕوات، یان گەڵاکان بەرەو ڕووناکی خۆر ڕوو وەردەگێڕن، وەک ئەوەی هەستی بینین و بیستنیان لەدەست دابێت، لە دەرەوە وێڵن بەدوای خۆیان، دەیانەوێ شتێک بدۆزنەوە قەرەبووی بیستن و دیتنەکانیان بکەن، واتە لە شێوە و دەنگ، لە جیاوازییەکان تێناگەن، بە شێوە و جووڵەی شەپۆڵەکانیش بونەتە دەنگ. کێشەی مرۆڤیش ئەوەیە پەرۆشی بۆ دۆزینەوەی خودا، لە ناوەوەی خۆیان ناکەن، خودا لەناو ئاین نادۆزنەوە، ئاینەکانیش لە سرووت و دابونەریت و چالاکییەکانیش دەشۆنەوە، بەوەش شێوازەکانی ئەو حەقیقەتە، بە دوا ئاکاری پاکی دەردەکەوێت، لەگەڵ وریایی عەقڵیش، ژیان و بوون پەیدا دەبێت و دەبێتە مرۆڤ)... ئای لەو شاگردە دڵسۆزەی حەلاج(٣).

---

(١) قەیس لفتە مورادە، بەڕەچەڵەک کوردە و لە باشووری عیراق ژیاوە.

(٢) ئاماژەیە بە سەرەتای بایەخدانی نوێ، بە ئەفسانەکەی حەلاج و کلتوورە ڕۆحییەکەی، تا ئیمڕۆش بایەخدانەکە بەردەوامە.

(٣) مەبەستم کەمال جونبلاتە، سەرکردە لوبنانییە درووزەکە، ئەوەی قوتابخانەی سۆفیزمی لەسەر بنچینەی کلتووری ڕۆحی درووزەکان داناوە،

که کلتوورێکی ئیسلامیه، مێژووەکەی دەگەڕێتەوە سەرەتاکانی پەیدابوونی تەسەوف لەناو ئیسلام.

حەلاجیات

ژمارە (٢٧٠)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممە ٢٥ی ئەپریل ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

نەشتەرگەری چاندنی (مێشک)یش، لە هەمان ئاستی بایەخدانە بە نزیکبوونەوە شەفەقی مرۆڤی راستگۆ.
چالاکییەکانی مرۆڤ و داهێنانەکانی، هیچ جۆرە ئەستەنگێکی لەبەردەم نییە، مرۆڤ لە چاندنی مێشک و دڵ لە ئایندەیەکی نزیکدا، سەرکەوتنی مەزن تۆمار دەکەن، ئەوەش سەلماندنی ناوێت، ئەدی ئەوە زانست نییە، لەو رۆژانە هەژموونی تەواوی لەسەر کاری مێشک کردووە؟
زاناکان، ئەوە دەدۆزنەوە کە هەر بایەخێک لە بایەخ و بەرنامەکانی مرۆڤ، لەناو شانەکانی مێشک سەنتەریان هەیە، بە بەستنەوەی بە هەر ئەندامێکی لەش کارەکانی رادەپەڕێنێت، دەسەڵاتی بەسەر جەستەوە هەیە، هەموو ئەزموونەکانی ئەو بوارەش ئەنجامەکەی سەرکەوتن بووە.
لەرووی بیردۆزییەوە، رەنگە ئەو مرۆڤەی _ مێشکی چێندراوی پێوەیە _ سروشت و رەوشت و هزرەکانی مرۆڤی ئاسایی هەبێت، ئەگەرچی ئەو پرۆسەیە قبوڵیش نەکرێت، بەگاڵتە و دوور لە راستییش سەیر بکرێت، بەڵام مەسەلەکە، خۆی لە گەشە و پێگەیشتوویی خێرا و زۆری عەقڵی مرۆڤەوە، سەرچاوەی گرتووە، ئەوەش لە پێکهاتەکانی جەستەیی و رۆحیش رەنگدانەوە و کاردانەوەی توند و بەرچاوی دەبێت... ئیتر لەو روانگەوە، دەکرێ عەقڵە مەزنە گەورەکان، دووبارەببنەوە و نۆژەن بکرێنەوە، عەقڵە

کاڵفام و نەزان و شێتەکان بنبڕ بکرێن و کەم بکرێنەوە، وەک چۆن دەتوانرێت ڕێگا لە تەشەنەکردنی نەخۆشییە درێژخایەنەکان بگرن لە زاوزێ و زۆربوون. ئەگەر چاندنی گورچیلە و ئەندامەکانی تری جەستە بکەیتە نمونە، دەنگەکان بە هەموو ئازایەتییەوە دەتوانن هاوار بکەن و بڵێن:

_ مرۆڤە نوێیەکە گەشە دەکات... بۆ ئایندەیەکی گەش گەورە و شکۆدار دەردەکەوێت، ئەو شکۆیەش ئێستا دیارە، شکۆی جەستەییەکەش هاوشانی ئاسۆکانی عەقڵ بووە، بەڵام ناتوانێت هاوشانی و تەریبی هەموو سەرکەوتنەکان بێت و لە هەموو بوارەکان دەربازی ببێت.

هەموو شکۆیەک نزیکبوونەوەیە لە ڕۆژی سەرکەوتنی مرۆڤە ڕاستەقینەکە(١)، ڕەنگە تەنها فەلسەفە بتوانێت بەرگەی ئەو گەشەسەندنە بەتەوژمە بکات و قبوڵی بکات، هەر ئەویش دەتوانێت، بەر لەو گەشەسەندنە بەلێشاوە بێ سنوورەکە بگرێت، هاوسەنگە گونجاوەکەش، مرۆڤ بە شێوازێک بەرهەم دەهێنێت بەڕاستی پێشکەوتوو و سازکراو و گونجاو بێت.

هەموو پێشکەوتنێکی دروست، هەموو باڵادەستیەکان لەسەر سروشت، خزمەتکردنی مرۆڤە و کاردانەوەی پراکیتکی لەسەر بەرجەستەبوونی حەق دەبێت، مەبەست لە شەپۆلی گەشەسەندنەکە، دەکرێ لەبەر ڕۆشنایی ئەو فەلسەفەیە شرۆڤە بکرێت.

---

(١) گوزارشت لە مرۆڤی شکۆدار بەو زاراوانە کراوە: کامل و پایەدار، یان مرۆڤە باڵاکە، بە سوودوەرگرتن لە حیکمەتێکی زەردەشت، فریدیک نیتچە ئەوەی وتووە. بەڵام شاعیری فەیلەسوفی ئەفغانی بەلخی، جەلالەدینی ڕۆمی کۆچکردوو لە شاری (قونیە)ی تورکیا، شیعری جوان و زۆر مەزنی وتووە، (بەر لە شەش سەدە)، باسی ڕووەک و حەیوان و بێگیان و مرۆڤی کردووە، چۆن بێگیانەکان بوون بە ڕووەک، لەناو ڕووەکیش، حەیوان پەیدابووە و لە ئاژەڵیش مرۆڤ دروست بووە، لەداهاتووش ئادەمیزادی نوێ و جیاواز، لەو مرۆڤەی ئیمرۆ هەیە پەیدا دەبێت، ئەویش مرۆڤە فریشتەییەکەیە، ئەوەش مانای ئەوەیە، مرۆڤی ئایندە باڵاترە لەڕووی ڕۆحی و هزری و لە فریشتەش نزیکە.

**حەلاجیات**

**ژمارە (٢٧٤)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی سێشەممەی ٣٠ی ئەپریلی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.**

**کە (ئوم کلسوم) لەساڵی ١٩٦٧ سەردانی پاریسی کردبوو، هەندێ لە رەخنەگرەکان بەو شێوەیە باسی ئاهەنگەکانی ئەویان کردبوو:**
**_ ئاهەنگەکان نوێژێکی ئاینی بوون؟**
**لەوێ، بۆ یەکەمجار لە مێژووی هونەری خۆیدا ئوم کلسوم گریا... لەوێ چامەکەی (ئەلئەتلال)ی دەوتەوە:**
**ئازادم بکە و دەستەکانم بکەوە... من هەموو شتەکانم بە تۆ بەخشی هیچم نەماوە**
**ئای لە کۆتەکانت، مەچەکی زامدار کردووم... هەردووکیان نەمان و منیشیان نەهێشت.**
**لەناو خەڵکەکە، یەکێک لەگەڵ گۆرانییەکە خۆی پێڕانەگیرا، بەڕاکردن دەگاتە سەر شانۆکە، خۆی داوێتە بەر دامێن و پێیەکانی، کەلسومیش هەڵدەچێت و زۆرتر لەگەڵ گۆرانییەکە دەکوڵێت، بەتەواوکردنی گۆرانییەکە، هەردوو چاوەکانی پڕ دەبن لە ئاو.**
**ئەو شەیداییە بۆ هونەر، ئەو پێشوازییە گەرمە، لە تێکستی گۆرانییە ئەفسوناوییەکە، تینوویەتی رۆحە سووتاوەکەی خەڵکەکە نیشان دەدات، کە لەگەڵ ڤالایی و مایەپووچی، رۆژگارەکە بەڕێدەکات.**
**مرۆڤە کۆنەکان خودای هونەریان هەبوو... ئیمڕۆ کە خۆشەویستی حەق لەناخیاندا دەمرێت، خەڵکەکە پەنا بۆ هونەر دەبن، بە خودا سەیری دەکەن، ئەو هونەرە نوێیەی بۆ تێرکردنی پێویستە دەستکردەکانی لەپاش شارستانیەت و ژیانە خۆشگوزارییەکان پەیدابوون، زۆرجار دەستکردن. خودایە نوێیەکان ناتوانن تینوویەتی رۆحە ئازاردراوەکان بشکێنن... ئەوانە بەئاسانی پیردەبن و دەمرن و خودای تر جێگایان دەگرێتەوە؟ ئەوانیش**

بەپەلە ون دەبن، کاتی پێویستیش نادۆزنەوە بۆ تێرکردنی ئارەزووەکانی خەڵک و رامانە شێتییەکانیان کە رۆژانە نوێ دەبنەوە.
ئەو نۆژەنکردنەوەی بەردەوام رۆژانە پەیدا دەبن، نیشانەی ناڵینی رۆحە شپرزەکەیە، کە لەناوەوە گینگڵ دەخوات و پەرۆشی کەنارەکەی ئارامی رۆحە.
خۆشەویستی جوولێنەری مەزنی هەموو هونەرێکی مەزنە، مەبەست و ئامانجی هەموو گەشانەوەیەکی هونەری و هەموو سوتانێکی ناوەوەیە...
ئەڤین، خالیقی گەورەی ئەڤینە، لەناو شارستانیەتدا دەمرێت، هونەریش بەتەنها کۆشش دەکات _ سێبەر _ێکە تینووەکان ئارام دەکاتەوە، کە تەنها بە خۆشەویستی ئارام دەبن _ حەقیقەت _.
هونەر سێبەرێکە لە سێبەرەکانی حەقیقەت.

حەلاجیات

ژمارە (٢٩٢)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممە ٢٠ی یونیۆی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

زەماوەند... بەهاری شادی مرۆڤایەتییە، قوربانیدانیش لەلای عاشق یەکێکە لە زەماوەندەکان...
زەماوەندە خوێناوییەکان... لەجیاتی خەنە دەست و پێیەکانی بووکەکە بە خوێنە پاکەکە رەنگین دەکات... عاشقی ناو هێلانەکانیش، بە بۆنەی هاتنی بەهارەکە گەش و جوان و سەوز دەبنەوە.
تیرۆژەکانی خەونەکانی رەنگینە... چاوەکانی بە رووناهییەکەی ئەڤین نەخشینە... کەشتی دڵدارەکان لە کەنارە کەسکەکە لەنگەر دەگرن... رۆح وەک حەقە... بەهێز و بەشکۆوە لەناو رەنگەکان دەردەپەڕێت.

منداڵان وەک چەقۆیە بریسکەدارەکان دەجریوێنن... تیشکی خەنجەرەکان چاوان کوێر دەکەن... بڕیارە قورمزییەکە تیژییەکەی نەماوە و چیتر بڕی نەماوە... جەلادەکان ماندوون و چاویان کەوتووە و کوشتن و سەربڕینەکان ماندووی کردوون(١).

خوێنە ڕژاوەکانم تام کرد، دیار سوێر ببوون... گۆشتخۆرەکان، دەبنە رووەک و ددانە ژەهراوییەکان، یەک لەدوای یەک دەکەون... فیلەکانیش خەرتوومەکانیان دەوەرێت و پشیلەکانیش ناتوانن چرنووکەکانیان بشاردنەوە، خەڵکەکە گوێیان لە خشپەیان دەبێت کە بەسەر بانەکاندا دەڕۆن.

کوندەپەپۆکانیش نیوەڕۆی هاوینان دەفڕن... چیتریش بولبولەکان چەشەی خوێندن و ئاوازیان نامینێت...

هەموو شتەکان دەگۆڕێن... جیهانە کۆنەکە دەمرێت... بە خەیاڵیش تاریکی و ڤالایی و عەبەسیەت دەمرن... هەموو دەمرن... هەموو شتەکان دەمرن... گەردوونە مەزنەکە بەبێ خشپە و بێ ئاشوبە دەخولێتەوە... زەوییە پاکیزەکەش لەلایەن دڕندەکانەوە دەستدرێژیان دەکرێتەسەر و بەو وەحشە ترسناکانە ئاووس دەبن... وەحشێک کاولکاری و لافاوی لێ بەدی دەکرێت... با لافاوەکە بتەقێتەوە... وەحشەکان لەدایک بن و زەوییەکەش بە وەحشەکان فاڵیان خواردووە...

لەسەر سینگی ئەو زەوییە، هێلانەکەم دامەزراندووە و خۆم بۆ پێشوازی بووکەکەم ئامادە کردووە... ئەو زۆر دواکەوت و منیش زۆر چاوەڕوان بووم! بە سۆزی سووتانی سینگەوە شەوقم دەردەبڕی...

کەپرێکت بۆ دەکەم بە رەشە ڕێحانێ... کاریتەی داومێ بە داری سوورگوڵێ، سواخی دەدەم بە خەنی، مارنجی دەکەم بە خاسەرەنگی... وەک چۆن گۆرانیبێژە میللییە کوردییەکە وتوویەتی. (بەشێکە لە فولکلۆری کوردی).

ئەی سترانبێژە خەوینەکە، زۆرتر بمجولێنە... من دەمەوێ بکەومە نێوان کەڵپەکانی وەحشەکە، تا زۆرتر خوێنم لێ بچۆڕێت، دڵ و ڕۆح و هەموو جەستەم خوێناوی بێت... ئەوەیە زەماوەندە ڕاستەقینەییەکەی من...

شادترین زەماوەندە... خوێناویترین زەماوەندە..

(١) ئاماژەیەکە بەو جەور و کۆمەڵکوژییەی زۆردارەکان، بە خەڵکی دەکەن، تا رادەیەک جەلادەکانیش لە کوشتن و خوێنڕشتنەکان بێزار و بێتاقەت دەبوون. سەبارەت بە بزە و رووخۆشی منداڵان بۆ چەقۆ، گوزارشتە لەو منداڵانەی مانا و جەوهەری زۆرداری و کوشتن نازانن و تێی ناگەن، بۆیەش چەکەکان بە چاوی یاری سەیر دەکەن. ئەوەش لە دیمەنەکانی ساڵانی ١٩٨٧ و ١٩٨٨ی زاینی روویداوە، منداڵێک دەمی بەسەر لولەی تفەنگێک وەناوە، وەک منداڵێکی شیرخۆرە، وایزانیوە شیر دەمژێت و برسیەتییەکەی دەشکێنێت و تێری دەکات، سەربازەکەش گوللەکەی لە دەمی تەقاندووە! ئەو وێنەیە لەناو بەڵگەنامەکانی رژێمی پێشوو دۆزراوەتەوە.

حەلاجیات

ژمارە (٢٩٣)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی هەینی ٢١ی یونیۆی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

وەک پەرۆش و عەوداڵێک بۆ رووناهی...

وەک پەپولەیەکی باڵکێش بۆ ئاگرە بەبلێسەکە.

کەشتییەکەی لەناو ئوقیانووسێک دەگاتە فەیلەسوفێکی گەنجی فەرەنسی، دەگاتە سۆفییەکی عاشق _ گیڤارا _ رۆحی بەو دەلکێنێت، بە ئاگرەکە تینوویەتی دەشکێنێت(١)...

یەک قووم لە شۆڕشەکە دەخواتەوە، مەست دەبێت، داروبەرد و چیاکان لە ئامێز دەکات... لەسەر سینگی خاکەکە، پاڵدەداتەوە و بۆ بەرگری سەنگەر لێ دەدات.

_ ئەی بەدکارە زۆردارەکە بوەستە! مردنەکەم بەیەکجار ببە و راوەستە...

شەیدابوون بەدوای هەڵوێستی شۆڕشگێری لەو سەردەمەدا، یەکێکە لە مەیدانەکانی شەیدابوون بە _ حەق _ ... ویستی حەق لەو جیهانە بۆگەنەدا پێویستی بە شۆڕش هەیە.. پێویستی بەوە هەیە لە بوار و کاروانەکەی شۆڕش بسوتێیت.

فەیلەسوفەکە بە ئاوە پیرۆزەکە تەعمید دەکات، چاوەکانی بە جیهانە نوێیە پرشنگدارەکە دەکاتەوە... لەناو ئامێزی سۆفییە ریشدارەکە فێر دەبێت و دەبێتە شاگرد... ئەوەی جانتایەکی دەستی بچوکی پێیە و دەرمان و هەتوانی هەڵگرتوە... بۆ میللەتەکان.

فیشەکدانەکان پڕ بکەن و ئاگری چڕ بەرپابکەن.

توندوتیژی یەکێکە لە ئامرازەکانی ژانی ئەو جیهانە... موژدەیەکی نوێی سەردەمە...

حەقیش توندکاری شۆڕشگێرییە دژ بە زۆردارەکان... ئەی خۆشەویستە ئەفسوناوییەکەم... شۆڕشە پیرۆزەکەم... زۆرترم بسوتێنە!

گیڤارا بەرەو جیهانە مەزنە نەمرەکە کۆچ دەکات، گەشاوەی رۆح، گەنجە فەرەنسییەکە لەناو گرتووخانەکانی _ بولیڤیا _ ون دەبێت... _ ئەی زیندانە ترسناکە بڤەکە ئازاری مەدە و تەنگی پێ هەڵمەچنە ... _ با هەناسەی شۆڕش و عیشق لەناو درزی خاکە سووتاوەکە هەڵمژێت _ !

دەستگیرانە فەنزویلییەکەی _ ئیلیزابیت بۆرگۆس _ لەسەر کردنەوە و هەڵکردنی مەشخەڵەکە بەردەوام دەبێت... ئاگر و پروشکەکانی لەسەر هەموو جیهان پەخش دەکات... رۆحەکە دەگاتەوە رۆح... بیرەوەری خەبات و رۆژانی سەنگەری لە فەنزویلا بەبیردێتەوە... عاشقە بەندکراوەکەی لەیادە... دڵی لەسەر دەستی دادەنێت و بەرەو زیندان و تاریکییەکە رێ دەکات... خۆشەویستی پەلاماری سوپاکانی تاریکی هەموو دونیا دەدات... لەناو زیندانە پۆلیڤییەکە زەماوەندەکەیان دکەن(٢) و هەموو عاشقەکان زەماوەندە خوێناوییە مەزنەکە دەگێڕن و جیهانیش کڕنۆشیان بۆ دەبات:

_ ئای چەند مەزنی خۆشەویستی...! ئەی سووتان و دڵداری حەق...

(١) ئەوە لەساڵی ١٩٦٧ی زاینی بووە، دەڵێن هەندێ زانیاری ناروون هەیە، گوایە پەیوەندییەک بە دۆزینەوەی شوێنی گیڤارا و کوشتنەکەی بەو گەنجەوە هەیە. بەڵام من ناچمە ناو وردەکارییەکان، چونکە زانیارییەکان دروست نییە و تەواو لێکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە. لە داهاتوو راستییەکە دەردەکەوێت و تاوان و پاکی ئەوە دەزانرێت، لەسەر دۆزینەوەی حەشارگەکەی گیڤارا و

گیران و کوشتنەکەی. بەڵام لە هەموو وردەکارییەکان، ئاماژە بەرۆڵی موخابەراتی ئەمریکی دراوە.

(٢) ئیلیزابێت پرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ خۆشەویستەکەی لەناو زیندانەکەی پۆلیڤیا وەک پشتگیرییەک دەکات.

بەشی شەشەم

حەلاجیات

ژمارە (٣٣١)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی دووشەممەی ٥ی ئۆگستی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

گاندی بانگی حەق و ناتوندتیژی دەکرد...

حەلاجیش هەڵدەستێتەوە و داوا و هاواری حەق و توندوتیژی دەکات. لەورۆژانە حەق بەتوندی و بەزەبر لە خاچدراوە، لە بۆگەنی زۆردارییەکان تەنها بە توندوتیژیش ئەو حەقە دەربازی دەبێت.

شێوازەکانی بەرگری و خەبات بۆ حەق زۆرە... مەرجی سەرەکی ئەو خەباتە ئەڤینێکی سووتاوە بۆ حەق، ئامادەش بیت بۆ حەق قوربانی بدەیت... لوتکەی شکۆداری قوربانییەکەش لە توندوتیژی خۆی دەنوێنێت.

من خەباتی (ناتوندتیژی ناشۆڕشگێری) شارەزام و ماوەیەکی ژیانم تێدا ژیاوم... ئەویش لاوازترین و بێ دەسەڵاترین ئیمان و بڕوابوونە. ئەوەش تاوانی من نەبوو... منیان لەو ئارامبوونەوە و دامرکاوە شەرمەزارییە راهێنابوو... (ناتوندوتیژی ناشۆڕشگێری). بەڵام جۆرێکیش لە کەسایەتی

(ناتوندوتیژی شۆڕشگیری) هەیە، ئەوەش پلەی یەکەمە لە خەباتی راستەقینەیی لە پێناوی حەق.

دەرئەنجامێکی زۆر باش دەبێت، ئەگەر حەق بە شێوازێکی ناتوندوتیژی سەربکەوێت، لەگەڵ گومان و دوودڵی زۆریشم بۆ ئەو مەسەلەیە، وەرچەرخان و گۆڕانە کتوپڕە یەکلاکەرەوەکانی مێژووی کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی... ئاڵای قورمزی خوێناوی زۆری تێدا دەشەکێتەوە.

حەلاجیش لەدار دەدەن کە هاوار دەکات و دەڵێت منم ئەلحەق!

هێشتا لە زۆر شوێنی ئەو جیهانەدا، خەبات و کۆششی (ناتوندوتیژی و ناشۆڕشگێری) بەردەوامە، رەنگە هەندێک لەوانە لەسەر حەق بن و هەندێکیان سڕکرابن... کەوتونەتە ناو هەڵەیەکی مێژوویی گەورەش... بەڵام میللەتەکانی ڤیتنام... پۆلیڤیا و میللەتە رەسەنەکەی خۆشمان... مەسەلەیەکی تریان هەبێت... پێشهاتێک جوانتر و باشتر و پەلەتر... ئەویش (توندوتیژی شۆڕشگێری)(١) بێت. بەڵێ! توندوتیژی شۆڕشگێری... هەروەها جۆرێکیش لە (توندوتیژی شۆڕشگێری)یش هەیە... وەک ئەوەی مرۆڤێک بۆ دزینی پاسکیلەکەی یان خاکەکەی یان جانتای گیرفانی... یان میللەتە بەشخوراوەکان دژ بە کۆلۆنیزمەکان بۆ گێڕانەوەی مافەکانیان و بۆ ژیان، خەبات و شۆڕش دەکەن.

هەروەها (توندوتیژییە شۆڕشگێریی)ەکە رەنگدانەوەی سروشتی ئەو بەرنامە (توندوتیژیە ناشۆڕشگێریی)ە. لە جیهان تەوژمێکی گەورەی (توندوتیژی ناشۆڕشگێری) بەرپابووە، پرووشکی ئەوەش گەیشتووتە وڵاتەکەی ئێمەش... بۆ ئەوەش من مەیلی (توندوتیژییە شۆڕشگێریی)ەکە دەکەم، کە دەزانم (ناتوندتیژییە شۆڕشگێریی)ەکە سوودی هیچی نەبووە.

بەڵام (ناتوندوتیژی شۆڕشگێری) بوویتە پەیکەری مۆم، لەناو مۆزەکانی مۆم لە ئیتاڵیا دانراوە.

---

(١) لەودەمانە، لەناو نەوەکەی ئێمە دەستەواژەی (توندوتیژی شۆڕشگێری) پەیدا ببوو، کە بۆ مەرامی تیرۆریستیش بەکاردەهات. ئێمە بە خەباتی رەوا بۆ ئازادی و بەدەستهێنانی مافە زەوتکراوەکانمان دەزانی، ئامادەش بوون قوربانیش بدەن، مەبەستم توندوتیژییە شۆڕشگێرییەکەیە، قوربانیدان

لەپێناوی حەق و راستی، نەک توندوتیژی دژ بە خەڵک. واتە توندوتیژیت لەدژ بەکاربێت و تۆ ببیتە قوربانییەکەی نەک بەپێچەوانە. ئەوەش هاوکێشەیەکی ئاڵۆز و زەحمەتە، ئەگەرچی لەسەر زەوییش جێبەجێکراوە، هەزارەها خەباتگێر گیانی کردە قوربانی و لەبن تەوژمی ئازارەکان و راونانا مردوون، بەبێ ئەوەی ئازاری کەسیان دابێت و توندکاریش نەبوون بۆ تۆڵەکردنەوە، بەڵام هەندێ لە کردەوەکان وەک کاری تیرۆریستی ناپەسند رەنگی داوەتەوە. هەتا دەرچوونی ئەو کتێبەش لە ساڵی ٢٠١٠ی زاینی چالاکییە تیرۆریستییەکان بوونیان هەیە.

**حەلاجیات**

ژمارە (٣٣٢)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی سێشەممەی ٦ی ئۆگستی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی

ئاگر پاککەرەوەیە... هەر بە ئاگریش ئاسن دەتوێندرێتەوە و دووبارە لە قاڵب دەدرێتەوە... ئاگر هاورێی ئەزلی مرۆڤە.
من شەیدا و عاشقی ئاگرم، کە بلەز رووەکی وشک و سیس دەسوتێنێت، لەسەر لوتکە چیاکە ئاگرێک بکەنەوە... ئاگر لەناو دەشتەکان بکەنەوە و بواری بۆ برەخسێنن ئاگرەکە بڕوات، ناوچەکە بگرێتەوە و گەورە بێت و ئەوەی دەسوتێت بیسوتێنێت، لەسەر کەمتەرخەم و تینوویەتی و برسیەتی، خاکە پاکیزەییە بەپیتەکەمان گلەیی لە خالیق هەیە... ئایا ئەو خۆڵەمێشە، دەتوانێت ببێتە پەینی ئەو زەوییە برسییەمان؟ پەیکەرە داماوە خاپوورەکان بکەنە خۆڵەمێش... لە بڵێسەکانی ئاگر مەترسن.
ئەو ئەڤینەی بەرەو شەهادەتەمان دەبات خۆشم دەوێت. هیچ قوربانییەک بۆ فیداکارییەکانی پشت سەنگەرەکان جوان و پیرۆز نییە... ئەو دەستانەی بەر لە مردنیان خۆڵە پیرۆزە بێگەردەکەیان هەڵگرتووە؟ زەماوەندی شکۆدار و

سۆزداری بەڕێکردنی تابوتێکی خوێناوی لەناو گوڵەگەنمە زێڕینەکان؟ کۆشکە نازدارەکان دەگەنە پایە و تەمری گۆڕێکی بچوکی نێوان کەڵەکە بەردەکان... کەڤرەکانی وڵات؟ یان چ کامەرانییەک دەگاتە مەزنی و خۆشییەکانی شەهیدی بن سێبەری دار سەعفەکانی دارخورمایە سەوزەکانی چۆڵەوانییەکە؟

لەپێناوی ئەوەیە من ئەڤینی دەکەم... بەپەرۆشییەوە خۆشەویستی دەکەم، لە سەرچاوەکانی فیداکاری، من مردنە شەریفەکە دەخۆمەوە... سەر بە بالیفی کەڤرەکە دەکەم و قامیشەکان رادەخەم... ئای! سروە سازگارەکەی قامیشی ئەهوارەکان... ئای لە سروە ساردەکەی سوسنە کێوییەکانی بناری (هندرێن)(١)... ئای شنەکە، من عاشقێکم بۆ ئەڤین دەخنکێم... حەقیش خنکاوە. لێرە، لەناو زەلکاوەکانی سەر کەناری رووباری دجلە... هەستە مەزنەکانم ختووکەم دەکەن و دەیانەوێ دووبارە ببوژێنەوە... دووبارە ئەڤینەکەم نۆژەن ببێتەوە... هەنگاو و رێبواری بە پێیەکانم دەداتەوە.

من عاشقی بڵێسەم، دەمەوێ ئاگر بپەرستم(٢)... بەوەش پاک دەبمەوە.

دەتانەوێ خاکە پاکەکەمان لە پیسی بودەڵەکان پاک بکەنەوە... لە پێی فاسقەکان؟ ئەوەش بە ئاگرە مەزنە گەورەکە دەکرێت(٣)، ئەوەی رەنگە سوورەکەی ئاسۆکەی هەموو خۆرهەڵات رەنگین دەکاتەوە...

خۆشەویستەکەم: ئاگرەکە...

من لەناو ئاگرەکە بسوتێم، هەزار جار باشترە لەوەی پەلامارم بدات و تەنگاوم بکات... شەرمەزارییە!

---

(١) مەبەستم چیای هەندرێنە، نەبەردی و قوربانی مەزنی تێدا ئەنجامدراوە.

(٢) تەعمیدکردن بە ئاگر، ئاماژەیە بە کلتووری کوردی زەردەشتی، لەکۆنەوە کوردەکان ئاگر و رووناکییان پیرۆز کردووە، تێدا هێز و جەلالەتی خالیقی تاک و تەنیای تێدا بەرجەستەکراوە.

(٣) بانگەوازە بۆ یاخیبوون و سەرهەڵدان، کە لە بەهاری ساڵی ١٩٩١ی زاینی هاتەکایەوە، ئەوەش بەر لە کۆتایی سەدەی بیستەم ئاگرێکی مەزن بوو.

**حەلاجیات**

**ژمارە (٣٣٧)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی یەکشەممەی ١١ی ئۆگستی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.**

**چەند پێشهاتی قووڵتر و گەورەتری پەیوەست بە ژیانی رۆژانەماندا هەیە... ئەوانە دەگاتە ناو وردەکارییەکانی ژیانی ئایندەمان. ئیمپریالیزم بەرنامەی نەفسی درێژی رۆژانە دادەڕێژێت، بۆ شێواندنی لایەنەکانی کۆمەڵایەتی و هزری و سیاسی ژیانمان.**
**یەکێک لە نیشانەکانی ئەو پیلانە رۆژانەیە گەورەیە: چەسپاندنی جۆرێکی نامۆ لە ژیانی تاکەکان... چاندنی رۆحی تەنهایی و تاکگەرایی لەناو تاک و هاندانی جۆری ژیانی خۆرئاوایی، بۆیە دیارە کە رەوتە ئاساییەکەی خێزانەکان، بەرەو هەڵوەشانەوە و داوەشان دەڕوات، هاودەنگی دەستەگەریی لەناو خەڵکەکەش لاواز و سیس بووە.**
**هێشتا رۆشنبیرەکانمان لەناو جەرگەی بزاڤە شۆڕشگێڕییەکاندا ماون. بەلەزیش رۆشنبیرەکان، بەرەو ژیانە خۆرئاواییە هەڵپە دەکەن و بۆی هەڵدەچن، کە نیشانەی تاکگەرایی تێدایە... ئیتر لێرەوە عەقڵیەتی بەردینی بەستراوی سەرکردەکانی کۆمەڵگە دەردەکەوێت. پاش شۆڕشی گەلاوێژ، توێژێک لە ئورستۆکراتی بیروکراتی نوێ، لەناو رۆشنبیران و سەربازە نوێیەکان سەرهەڵدەدات، ئەگەرچی ئەو توێژە بەرەو باوەشی گەرمی پاشماوەکانی چینە دەرەبەگ و برژەواکان مات ببوون، بەڵام خەسڵەت و نیشانەی نوێیشان لێ دەردەکەوت. رۆشنبیران هێشتا وەک (دڵ)ی بزاڤە شۆڕشگێڕییەکە ماون... ئەو پاشکەوتنە ترسناکەی بزاڤەکەی داپۆشیوە، ئەو بەڕەڵایی و پاشاگەردانی ناو ئەو کاروانەی لەسەر دەستی ئەو دەستەیە، رەنگدانەوە و کاردانەوەی سێبەری لادەرانەی تێدا هەبوو، ئەوەش بوویتە ئەنجامی پەیدابوونی نەوەیەکی نەزۆک... نەزۆک و تەواو سست.**

کۆمەڵگە شەریفە دروستەکەی ئێمە داوای دەکەن و پەرۆشین، لەسەر بنچینەی کۆمەڵایەتی خاوێن و دروست ببێت... سیمای راستگۆیی و راشکاوەیی و پیرۆزی کارکردنی پێوەیە، تێدا گیانی دەستەگەریی و کۆدەنگی تێدا سیمایەکی دیار و هەڵکەوتی ئەو جڤاتەیە. ئاساییە، کە لەو جڤاتەی ئێستاماندا، شوێنەواری رۆحی دەستەیی نادۆزینەوە، تەنها لەناو دڵە بەندکراوەکانی ژمارەیەکی دەگمەن و زۆر کەمی خەڵکەکە نەبێت.
ئەوەش مانای ئەوەیە، بوار بڕەخسێنین، رۆحی تاکەکەسی لەناو خەڵکەکە بەهێزتر و مەزنتر ببێت!
لەناو جڤاتەکە، کەماسییەکی مەزن هەیە... مرۆڤی راستی عاشقی حەقیقەت و راستگۆ و پێشکەوتوو، ئازار و دەردەسەری زۆری هەیە، بەردەوام لەلایەن هێزەکانی شەڕ و تاریکی دژایەتی دەکرێن. خەڵکیش، لە جۆرە ژیانێک راهاتوون، تەنها دەیانەوێ ژیان بەڕێبکەن... ئینجا رەوشی ژیانەکە هەر چۆنێک بێت، ئەگەر لەسەر پێشێلکردنی کەرامەت و زەلیلکردن و بوغزدانی خەڵکیش بێت، ئەوانە دەیانەوێ بەس بژین و تەواو. خەڵکەکە باش ئەوە دەبینێت، کە خەڵکی ماستاوچیەتی و دووڕوویی و ریاکەریی و خۆفرۆشی و رقکار و درۆ... بونەتە فاکتەری دەربازبوون لە ژیان. بۆیەش لەو پێشهاتەدا، تەنها کەسانی زۆر مەخەنەت و دڵپیس و چاوچنۆک و ناحەزەکان، دەگەنە پێشەنگ... ئەوەش لەنگییەک لە پێشڕەوایەتی جڤاتەکە دروست دەکات.

حەلاجیات

ژمارە (٣٣٨)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی) ی رۆژی ١٢ی ئوگستی ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

ناپەسندییەکان دەبنە فەزیلە... فەزیلەکانیش دەبنە ناپەسندی.

کورد دەڵێت: مرۆڤ تەنها لە ئەستووری دەشکێت! واتە چەند توند و رەقتر دەبێت، ئەوەندە شکاندنی ئاسانترە! ئەو پەندەش مانای وایە، مرۆڤ دەبێ لەبەر گەردەلوول و باهۆز بچەمێتەوە کە هەڵدەکات، ئەگەرنا تەوژمەکە لەرگەوە هەڵیدەتەکێنێت و دەیبات... کە مەسەلەکە پەیوەندی بە پێشهاتە توند و فشارەکان دەبێت، کە بەیەکجاری و یەکلاکەرەوە لە دەسەڵاتی مرۆڤ یاخی دەبن، هەندێ لەو بۆچوونە راستە.

بەڵام خەڵکەکە وا راهاتوون، هەتا بۆ سروەیەکی ناسکی بەیانییش، یان بۆ کزە بایەکی هاوینەی نەرمیش بچەمێنەوە، بۆ بای بەر پانکەیەکی بچوکی هاوینەش. بۆ هەموو شکان و ماستاوچیەتی و درۆ و چۆکدادانیان، بۆ رەوشە شورەیی و پاشکەوت و بەدرەوشتییەکانیان بیانوو دەدۆزنەوە... بەو رەوشت و بیانوویە شل و گۆجانە ناگەنە بەرزاییەکان.

لێرە فەزیلە و چاکەکان، بوونەتە رەزیلە و بەدرەوشتی و پێچەوانەکەشی لێرە راستە، لەناو کەشە شپرزە ئاڵۆزەکەی ئاژاوەی پەیوەندییە چەواشەکارییەکان... هەموو شتەکان ون بوون... ئەوەی لە هەمووی گرینگتر و گەورەترە و ون بووە، مرۆڤەکە خۆیەتی مرۆڤ، لەوانە گرینگتریش بەهای مرۆڤەکەیە وەک مرۆڤ.

مەسەلەکە وەک دەربڕین و ئاخاوتن سادە و ئاساییە... دەردەکەوێت مرۆڤ لەلای ئێمە کایەکی هیچە، دوا مەسەلەیە بیری لێ دەکرێتەوە و جێگانی رامانە، ناونیشان و چەقی کۆمەڵگە مرۆڤایەتییە راستەقینەییەکان، تێدا مرۆڤ دەبێتە مەزنترین مەبەست، دەبێ سەرەتا و پێشەکی هەموو چالاکییەکان بیر لەو بکرێتەوە بۆ گەشەسەندن و پایەداربوونی، نێوان کۆمەڵگەکەی ئێمە و ئەو کۆمەڵگەیە چەند دوورە، چەند کۆشش و چالاکی و قوربانی دەوێت.

بێگومان دەتانەوێ مەسەلەی رۆژگارەکان شە و کەی بکەن؟ باشە! من تەنها بەو شێوازەی ئێستا دەیخوێنەوە، باسی رەوشەکە بکەم. کە سەیرێکی چواردەورەی خۆم کرد... ئەو هەڵوەشانەوە کوشندەیە و گەندەڵییە بەربڵاوەی هەموو گۆشەکانی ئەو رۆژگارە، بۆگەنییەکەی لەناو چڵکاوەکانی کۆمەڵگەکە بەرزدەبێتەوە دەبینم... لە شەرمانا دەتویمەوە، چونکە هەست بە تاوان دەکەم... هەست دەکەم من هۆکاری ئەو نوشستییەم... لەناخەوە

هەست بەژان و خەم دەکەم، کە من لە بەدەنگهاتنەکە درەنگ بەئاگاهاتم و خەباتم بۆ رزگاربوونی مرۆڤ دوادەکەویت.

براکانم کە داوام لێ دەکەن لەناو چلپاوە بۆگەنەکەی ژیانی رۆژانەتان قووڵ ببمەوە، ئازارم دەدەن. ئەوەندەتان بەسە، من بۆ جاری سەدەم دەڵێم من بەردەوام گیانم شە و پەڕ دەکەم، تا لەو چلپاوە خاوێن ببمەوە، وەک خەڵکەکە ئازاد و سەربەست بژیم.

تەنها یەک بوارمان لەبەردەم دایە... تا بۆگەن و قووڕاوی نەبین با بەردەوام خۆیان شە و پەڕ بکەین(١).

---

(١) دەمەوێ بڵێم رەخنە لەخۆگرتن، بنچینە و کلیلە. بەر لەوەی رەخنە لە کۆمەڵگە بگریت، رەخنە لە خۆت بگرە. ئازادبوونی کۆمەڵگە لە ئازادبوونی تاکەوە دەبێت. ئەو گۆڕانەی لەسەر رووی ئەو زەمینە و بۆ ژیانی مرۆڤ بانگەشەی بۆ دەکەن، لە گۆڕانی خەڵکەکەوە دەست پێ دەکات. هەتا ئێستاش من بڕوای تەواوم بەوە ماوە.

## حەلاجیات

ژمارە (٣٦٣)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی چوارشەممە ١٧ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

### لە جەژنی نەورۆزدا

حەلاج بەسۆزەوە بۆ جەژنەکەی دەسوتێت، لە هەموو رێبوارەکان دەپرسێت(١)؟

کەی جەژنی نەورۆز(٢) دادێت؟ کەی دوو رکعەت نوێژ پاش دەستنوێژە هەڵگرتنم بە خوێنی رژاوی مەچەکم، دابەستم؟

بەهەرحاڵ، نەورۆز وا دیسان گەڕایتەوە؟ (پیرەمێرد)(٣) هێشتا گەنجە کوردەکان سروودەکەت دەزانن...

(ئەو رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە، جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

نەورۆزبوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە، لاوان بەعەشق ئەچوون بەبەرەو پیری مەرگەوە

پێی ناوێ بۆ شەهیدانی وەتەن شیوەن و گرین، نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین).

زیوەری شاعیریش، بە گوڵە سوورەکەی بەهار دەڵێت: گوڵاڵە سوورە خوێناوییەکە شەرم مەکە، لەبەر ئەوەی تۆ بە خوێنی شەهیدان ئاودراویت، بۆیە بەکامەرانییەوە دەپشکویت)... هێشتا شیعرەکەی (فائیق بێکەس) کۆتەکان دەهەژێنێت و دەڵێت: (شەرتە شەرتی پیاوەتی بێ، گەر خودا دەستم بدات، دوژمنت پەتکەم وەک سەگ بیخەمە ژێر پێتەوە)(٤).

(مەولەوی) مەزن، دەستێک بە ریشە درێژە سپییەکەی دادەهێنێت، هەردوو چاوەکانی فرمێسکی گەوهەری لێ دەڕژێت... کوردستانیش لەبن پێیەکانی فرمێسکی خوێنی دەباراند... بەفرەکەش رەنگی سوور بوو کە دەتوایەوە، دەشتەکەی باشووری کوردستانی بەو دەستماڵ و پۆشاکە سوور دەکرد... (گۆران) بە کفنە سوورەکەی سروودە مەزنەکەی گوڵی خوێناوی دەوتەوە... گەنجە کوردەکەش لەبەر دەروازەی پاکیزەیی ئازادی، خوێن لە سینگی دەچورایەوە و دەنوزایەوە:

(باخچەی پاشا لەوبەر ئاوە، خێڵی دوژمن دەورەی داوە

ئەرۆم رێگام لێ گیراوە، نارۆم، چاوکاڵ لێم تۆراوە).

کەس نەڵی کورد مردووە کورد زیندووە، شاعیری عاشق و ئاگرین (دڵدار) وەک چاوەکانی باپیرە گەورەکەی (حاجی قادری کۆیی) دەبریسکێتەوە.

ئای نەورۆز... کیژۆڵە کوردەکان داری بەڕوویان کۆکردیتەوە، بەرەو لوتکەی چیای پیرەمەگرون دەچن، لەوێ ئێوارەکە بە ئاگر دەکەنە بڵێسەیەکی بڵند... بوارم بدەن با لەو ئاگرە بسوتێم و هەتا هەتایی... من رۆژانە دەسوتێم و دەبمە خۆڵەمێش و زیندوو دەبمەوە و گڕ دەگرمەوە و دەبومەوە خۆڵەمێش(٥)... ئاگرەکەی نەورۆز تا ئەبەد بمسوتێنە.

(١) و (٢) ئاماژەیە بە جەژنی نەورۆز، حەلاجیش وتوویەتی کەی نەورۆز دەکەین؟ واتە نەورۆزی ناسیوە.
(٣) پیرەمێرد شاعیر و رووناکبیرە کوردەکەیە، کە یادی جەژنی نەورۆزی کردووە و سروودە بەناوبانگەکەی نووسیوە، کە بووە بە گۆرانی سەرەکی ئەو جەژنە.
(٤) زۆر لە شاعیرە گەورەکانی کورد، باسی نەورۆزیان لە شیعرەکانیان کردووە.
(٥) ئاماژەیە بە هەندێ لە شیعرەکانی حەلاج.

حەلاجیات

ژمارە (٤٠١)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی دووشەممەی ١٤ی ئوکتۆبەر ساڵی ١٩٦٨ی زاینی

چرکەساتەکە... وەک باسمان کرد، گەورەترە لەوەی ئاوەزی مرۆڤ تێی بگات. ئەوەش وەک گچکەترین مەسەلەیە، کە بە سادە و بێ کەلک تێی دەگەین... هێشتا دیاردەی مانددووبوون، وەک دیاردەکانی بایولۆژی و سایکولۆژی زاناکان نازانن هۆکارەکانی چییە...
ئەوەی سەیرە، هەر چەند بوارەکانی زانست و هزر گەشە دەکات و پێشدەکەوێت، چەندین نهێنی نوێ لە سروشت و لە ژیان دەردەکەوێت... مرۆڤ دەستەوەستانە لە هەستکردن بەو نهێنی و زانیارییەکان. هەر لەدەمی بوونی _ لوقمان _ی حەکیم و لەسەر دەستی ئەو، پاش ئەوەی رۆژانە و بەردەوام، چەندین سەدەیە بە پرۆسەی زانستی پشکنینی جەستەی مرۆڤ و دۆزینەوەی چارەسەرییەکان دەکرێت، هێشتا دیاردەی شاراوە لە جەستەی مرۆڤ ماوە، لە هەموویان سادەتر و دیارتر _ نووستن _ە، بۆ نمونە _

گەمەکردن _ و _ خوران _ ... ئەوانە دیاردەی شیاوی باسن، هۆکار و دەرخستە و قورسایی زۆریان هەیە، رەنگدانەوەی نەگەتیڤیشی هەیە... بۆیە بیر لە هۆکارەکانی ناکەینەوە، بە یەکێک لە ئەرکە بایۆلۆژی و زیندەگییە پێویستییەکانی دەزانین و بوونیان بەپێویست دەزانن.

بێجگە لەوانە، لێرە جیهانێکی بەرینی ئاڵۆز و تەماوی و قووڵ لە دیاردەی سایکۆلۆژی هەیە... بە زۆری ناومان ناون ژیانە رۆحییەکە، چونکە هەموویان لە دەرخستەی شاراوە و دوور لە ویستی مرۆڤ پەیدابوون... لەوانە و لەقووڵایی ناخەوە سەرهەڵدەدەن...

بۆ نمونەی سەرچاوە و هۆکاری ترس چییە؟ بۆچی کەسانی وا هەیە دەترسێت و بەشێکی تریش بێباکانە سەیری دەکەن و لێی ناترسن؟ مرۆڤ چەند دەتوانێت کۆنترۆلی لەسەر بکات؟ ئایا ئەو کەسانەی دەترسێن، کەسانی ترسنۆکن و بوێر نین؟ ترس چییە؟ ئایا بەشێک لە ترس پێویست نییە؟ ئایا هەموو کەس خۆی لە ماری ژەهراوی ناپارێزێت؟ ئایا هۆکاری تریش بۆ ترس هەیە... بێجگە لە ترسی لەدەستدانی ژیان و مردن؟

ترس _ پاش ئەو قسانە _ دژوارترین دوژمنی مرۆڤە... ئەو خەباتە دژوارەی عاشقەکانی حەق دەیکەن، دەربازکردنی مرۆڤە لە ترس... ئینجا مردنیش وەک میوانێکی خۆشەویست هەر دەمینێتەوە... ئینجا لێی بترسین یان نا!

من مردنم لەسەرە... ئینجا ئەوە منم دەڕۆم و پێدەکەنم و کاردەکەم و خەبات دەکەم و تووڕەش دەبم و خۆشەویستیش دەکەم و رقیشم هەیە... هاوکات مردنیشم لەپێشە و دەبێ بمرم... کەواتە من لێی ناترسم! لەگەڵ ئەوەش لە زۆر مەسەلە دەترسێم... لە وشەیەکی دڕ دەترسم... بەدژواری دەترسم... لەدەستدانی ئەزیزێک.. کوێربوونی چاوێک... ئەوانە کارەساتە، کەواتە لە مردن ترسم نییە، بۆچی لە مەسەلەکانی تر بترسین؟

حەلاجیات

**ژماره (٣٦٤)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممەی ١٨ی سپتەمبەری ساڵی ١٩٦٨ی زاینی**

**سەردەمی سۆفیگەریەتی لە گەشەسەندندایە، دووبارە سۆفیزم لەدایک دەبێتەوە... تەنها خۆشەویستییە پاکە پەرۆشەکەیە، پێگەکانی رازیبوون لە سۆفیگەرییە نوێیەکە دەتوانێت، نەفس و کەسە پانکراوەکانی نێوان دۆلابی ئامێرەکان و دووکەڵی شارستانیەتییە نوێیەکەی بەرەو دارمان و کەلاوەییمان ببات و دەربازی بکات...**
**شاعیری لوبنانی (ئەدونیس) سۆفییە و خۆشەویستی پاکیش دەپەرستێت... لەناو شیعرەکانی رەوت و ویستێکی سۆفیزم هەیە، بەپەرۆشییەوە لەناو کولتوورە عەرەبییە پاکەکەی شۆرشگێری، توێژینەوە دەکات تا پردەکانی لەگەڵ رۆحە شۆرشگێرە هاوچەرخەکە رایەڵ بکات.**
**رەنگە نەگاتە دەرئەنجامێک و هێشتا (توندوتیژی شۆرسگێری)(١) رەتدەکاتەوە، ئەو شۆرش بە سۆفیزمی رۆحانی ئاوێتە دەکات، کارکردن بە وەهم دەزانێت، لێرەوە شەوقەکانی کۆتایی دێت.**
**تا حەق بەرجەستە و سەرکەوتوو بێت، سۆفیگەرییە راستەقینەییەکە بەکارهێنانی توندوتیژی شۆرشگێریی بەرەوا دەزانێت... ئەو چەرخە(٢) شەفەقی حەقی لە منداڵدانەکەی دەجولێتەوە، سەردەمی تەقینەوەی دومەڵە دێرینە کۆنەکەی سەدە کۆنەکانە، لە جەستە پیسەکەی مرۆڤایەتی تەقینەوە و سەرهەڵدانەکانی رەوشت و هزر و جۆری ژیان و هونەر و زانست و دەرئەنجامی کۆبونەوە و گەلاڵەبوونی رۆژانەی رۆژگارە کۆنەکانە.**
**پەنابردن بۆ توندوتیژی، لەلایەن سۆفیزمە نوێیەکان، سادەترین و ئاساییترین مەسەلە لۆژیکییەکانە، چونکە (حەق) بە توندکاری دەخنکێندرێت، بە ئاسنیش لە خاچ دەدرێت... بە ئاگریش، سۆفیزمە نوێیەکە وەک کۆنەکە نییە، لەناو ئەشکەوتێک یان پەرستگایەکی گۆشەگیر بەسەرببات و بەتەنها بنوزێتەوە و نزا بکات و لە دونیا دابېرێت.**
**لەو سەردەمە خەڵکەکە، بانگەوازی پێشکەوتن و کەمال دەکات... نیشانەی ئەوەش هەموو مەسەلە و پێشهاتە مەزنەکان، بە کاری هەرەوەزی دەکرێت، بە خەباتی توندکارانەش رۆح گەشە دەکات و پێدەگات.**

له لوبنان ئەوە بەردەوامە، لە سودان (موحەمەد ئەلفەیتوری) هەڵساوەتەوە و بازنەکانی سۆفییەکانی سودانی بوژاندوتەوە، نزا ئەفسوناوییەکانیان دەڵێتەوە، بۆ لوبنانیش چامەیەکی بەناوی (سروودی دەروێشەکان) نووسیوە.
ئەلفەیتوری هەستی بە تینوویەتی کردووە، کە لەناکاو دەکەوێتە ناو زەلکاوی خۆشی و رابواردن، هەست دەکات زۆری نەماوە، لەناو گێژاوی دووکەڵی شارستانیەتییە خۆشگوزەرانەکان بخنکێت... بۆیە لەناخەوە و لەناکاو مەقامی دەروێشەکانی سەردەمە کۆنەکانی ناو ئەشکەوتی لێ هەڵدەستنەوە...
رێنماییەکانی (حەلاج) سەوز بوون و گەڵا دەکەن.

---

(١) چەمکی (توندوتیژی شۆڕشگێر)ی سۆفیزم، کەسی عاشق بە سۆفیەت قوربانی بە گیانی خۆی دەدات، توندوتیژی بەڕووی کەس بەکارناهێنێت، وەک حەلاج.
(٢) لەودەمانە هەستم بەوە دەکرد، کودەتایەکی رۆحی بەرەو هۆشمەندی لەلایەن مرۆڤەوە دەکرێت، ئەگەرنا مرۆڤایەتی بەرەو نەمان دەڕوات.

حەلاجیات

ژمارە (٣٩٨)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی هەینی ١١ی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

ئاسمانە شینە بێگەردەکە، هەستە شپرزەکەم و رووداوەکانی لە پیسەکان شۆردۆتەوە، تێدا زۆر رۆژگارم بەڕێکردووە، لە بوونی خۆم بوراومەتەوە... لەناو خەیاڵە سادەکەم تێدا ون بووم، لەناو جوانی شینە زەلاڵەکەی مەلەوانیم کردووە.

ئەو گەردوونە موڵکی کێیە؟ کێ ناوی لێ ناوە؟ ئەوەش لە ئاوەزە سنووردارەکەی ناو جیهانەکەی سەرزەمینە بچوکەکە ئاسان، نهێنی و وردەکارییەکانی بدۆزێتەوە... بۆیە دەبێ بچیتە ناخی قووڵی مرۆڤ... جیهانەکەی تر... جیهانە مەزنەکەی تژییە لە چەندین جیهانی ئاوێتە... چونکە دەتوانێت بۆن و تام بکات و ببیستێت و جوانییەکان ببینێت.

مەبەستی مرۆڤ ئەوەیە، بوونی ئەو جوانییە لەو شوێنە بدۆزێتەوە... لە هەموو چرکەساتەکاندا... خەون بەوە دەبینێت حەقی دۆزیوەتەوە و تاریکە ترسناکەکەی سەر رۆحی رواندوتەوە، تا لەناو جیهانە جوانە گەشاوەکەدا مەلە بکات.

گوڵەبەرۆژە، سروشتی وایە تام و چەشە لە جوانی دەبینێت، بۆیە بەردەوام بۆ تیشکی خۆر دەسورێتەوە و کرنۆشی بۆ دەبات، خۆری مرۆڤیش _ حەق _ە، کە پەیدا دەبێت، تیشکە گەرمەکەی رۆح دادەپۆشێت، لە سستی ناو زیندانەکە هوشیاری دەکاتەوە.

بەوەش مرۆڤە نوێیەکە لەدایک دەبێت... ئەو لە چرکەساتێکدا جوانی دەدۆزێتەوە، هەموو چرکەساتێکیش ژیانێکی نوێ دەژیت... بۆیەش هەزار هەزار جار ژیانە حەقیقییەکە دەژیت و ژمارەی مردنیش زۆرە؟

لەبەر ئەوەی _ بوونەکە بوونی هەیە _ ... ئیتر _ حەق _ لەوێیە. هەندێکیش حەق دەخنکێنن و بوار نادەن بیانبینین و بیاندۆزینەوە. مرۆڤ، کە نەخۆش دەکەوێت لەناو هەنگویندا، تاڵی دەکەوێتە بەردەم. نەخۆشی لەو رەوشەدا بە هەموو ئامرازە پیس و بۆگەنەکانی شیرینی تاڵ دەکات، کە پلەی تا و موچڕک و ژانەکە بەرز دەبێتەوە، تەنها لەو گەردوونە دەنگدانەوەیەکی بێزارکەر دەبیستین... جیهانی ئاڵۆزکار لە شوێنەوارەکانی هەڵبزرکان و بورانەوە، ئیتر وێنە سازە جوانەکانی سروشت و خەڵکەکە، سروشتی چواردەورەمان دەسڕێنەوە، دەبنە پاشماوەیەکی شێواویی نیگەرانی. کەواتە، لەوێ، نەخۆشی ترسناک و پیس هەیە، رۆحمان دەگرێت و هەروەها هەستەکانیشمان پەکدەخەن(١)... هەست بە جوانییەکان ناکەین.

---

(١) پاشان و لەدوای ساڵی ٢٠٠٥ی زاینی کتێبێکم بەناوی (تەندروستی رۆح) لە نووسینی دکتۆری سۆفی کوردی کرمانشانی کوردستانی ئێران (بەهرام

ئیلاهی) خوێندەوە، ئەو پرۆفیسۆری نەخۆشی منداڵانی بوو لە پاریس، کوڕی زانای گەورە و سۆفی گەورەی کورد (نور عەلی ئیلاهی) بوو، شوێنەوارێکی زۆری لە هزری تایبەت بە فەلسەفە و داڕشتنی بینینی تایبەت بە جیهان و سۆفیزم هەیە.

نوری عەلی ئیلاهی (١٣١٣_١٣٩٢)ی کۆچی هەتاوی، لە جیجون ئابادی نزیک کرمنشان لە ئێران لەدایکبووە. لە تاران کۆچی دوایی کردووە. چەندین پۆستی قەزا و بەڕێوەبردنی هەبووە، چەندین کتێبی نووسیوە، لە ژەنینی تەنبور زیرەک و بەتوانا بووە، خەڵکی ناوچەی هەشتکرد، ئێستاش سەردانی مەزارەکەی دەکەن. باوکیشی حاجی نوعمەتوڵڵا جیجون ئابادی، سۆفییەکی ناودار و شاعیرێکی بەرز بووە، بە فارسی و بە کوردی شیعری هەیە، دیوانە فارسییەکەی ناوی (شاهنامەی حەقیقەتە)ە. بەهرامی کوڕیشی کاردەکات رۆحی ئەهلی ئەلحەق (یارسان) ببوژێنێتەوە.

حەلاجیات

ژمارە (٤٠٧)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی دووشەممەی ٢١ی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

من حوکمی لەسێدارەدانم لەسەر دراوە، لە هەموو ساتێکدا چاوەڕوانم بڕیارەکە جێبەجێ بکەن... مەبەستم ئەوەیە... بڕیاری مردنم لەسەر دراوە، جیاوازییەکی سادەشی لەگەڵ زاراوەی _ لەسێدارەدان _ هەیە، لەسێدارەدانەکە بەناچاری و بەزۆری لەلایەن خەڵکی ترەوە لەسەرت دەچەسپێت، بەڵام _ مردن _ ئەندامانی هەناو و ناوەوەی مرۆڤ دروستی دەکات، بەهەرحاڵ، بە هەموو شێوەکان لەرووی بایۆلۆژییەوە یەک شتە.

ئەو جەستەیەم... لە ڕۆژی بوونمەوە! لە چ بووە؟ لە دڵۆپە ئاوێک... لە ئەنجامی لێکدانی دوو جەستە و دوو ڕۆح... ئەوانیش دەرئەنجامی یەکبوونی دوو جەستە و دوو ڕۆح پەیدابوون... ئیتر بەو شێوەیە... کەواتە من خۆم نیم...

من درێژکراوە و بەردەوامی سروشت و مرۆڤ و هەموو خەڵکەکەم. من هیچ نیم و بەشێکی بۆشاییشم پڕکردۆتەوە... من مادەم.. ئینجا من هەست دەکەم و هۆشم هەیە و دەتوانم و جیهانێک لە هەستم تێدایە، کەواتە من ڕۆحم! ئەوەی بە _ ئاکار _ لەو دیاردەیە ناکۆکە، زاناکان ئەوە دەسەلمێنن، کە هەموو مرۆڤێک تۆڕێکی چیندراوی سەربەخۆیە، دوو کەسی لەیەکچوون و هاوشێوەش نییە. سادەترین نموونەش جیاوازی پەنجەمۆرەکانی مرۆڤە، هەزارەها مۆری پەنجەکان جیاوازن...

لەگەڵ ئەوەش... ئینجا من _ خۆم _ نیم.. من _ هەموو خەڵکەکەم _ ... و دەبمە _ دیاردەی مرۆڤایەتی _ کە حەق دەبێژم. کە بە _ حەق _ بیردەکەمەوە و لەسەر ڕێبازی _ حەق _یش دەژیم... لە هەموو زەمان و شوێنێکدا، حەق هەر بە حەقی دەمێنێتەوە... جوانیش جوان دەمێنێتەوە... بە بەڵگەی ئەوەی هەموو بەبێ هیچ ڕێزپەڕێک لەبەر تیشک و ڕووناکی خۆر دەژین(١)... هەمووش دەبێ بمرن.

من... جیهانم. جیهانیش... منم... خەڵکەکەش... منم!

من بەردەوامی ژیانم... بەردەوامی مادەم... بەردەوامی ئاوەزم. هیچ نیشانەیەک من لە گەردیلەکانی ئەو گەردوونە مەزنە جیاناکاتەوە! هەستێکی قووڵیش بەرەو هەموو پێکهاتەکانی گەردوون و ژیان، بە هەموو دیاردە و نیشانەکانی پێچم پێ دەکاتەوە.

ئاوەزیش... ئەو عەقڵە _ کەژاوە مەزنەکە _ی خالیقە مەزنەکە... لەکوێ دێت؟ بۆ؟ ئەگەر نەبێت چ دەبێت؟ ئەگەر لەدەستماندا چ دەبێت؟ چ بوونی هەیە و چ بوونی نییە؟ لە کوێیە ئەوەی نییە و بوونی نییە؟ چۆن من _ حەق _ بەوە بدەم بوونی نییە و بوونی نەبووە و ناتوانین بیر لە بوون و دۆزینەوەی بکەینەوە، ئەگەرچی ئەو بەڕاستی بوونی هەیە، ئەویش دەردی بوونەکەیە؟

ئاوەز _ سەرسەختە _ لەگەڵ بوونی هەموو کۆسپ و تەنگاوییەکان، بەتوندی و بە ویستێکی دروستەوە، دەیەوێ بەناو جیهانی عەدەم و وجوودا بچێتە ناوەوە! من لە کاروانی ئاوەزەکەم دەدۆزێتەوە.

---

(١) ئاماژەیەکی دووبارە و بەردەوامە، بە خۆر و رووناکی و جیهانی ناوەوەی پەمبەی ناوەوەیە، وەک چۆن بوذا ویستویەتی، رووناکی و هەتاو وەک لە (ئیشراق)ەکەی سەهروەردی و رووناهی خودایی، هەموو ئاین و قوتابخانەکانی هۆشمەندی.

حەلاجیات

ژمارە (٤١١)ی رۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی رۆژی پێنجشەممەی ٢٤ی ئوکتۆبەری ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

بە هیچ جۆرێک ماتبوونێکی رەها نییە، ئەگەرنا ژیان و مادە دەسڕانەوە و نەدەمان... واتە دەبنە هیچ... بەرەو جیهانی عەدەم دەگۆڕا... بۆشایی رەها! شتیکی لەو جۆرەش نییە.
لە ژمێریاریش _ سفر _ لە لایەنی چەندایەتی هیچ بەهایەکی رەهای نییە... بەڵام لەلایەنی چۆنایەتی پێچکردنەوە و شکانەوەیە، بەرەو زۆربوون یان بەرەو کەمبوون. لە پلەکانی گەرما، سفر بەهایەکە و هێشتا نەدۆزراوەتەوە... واتە لە پلەکانی گەرما، پلەی سفر بوونی هەیە، ئەوەش مانای ئەوە نییە لە ژمێریاری هیچ نییە... یان بەو کردە ژمێریارییەی _ لێکدان یان دابەشکردن و زیادکردن و کەمکردن _ هەمووی هیچ دەکات، واتە هیچ لە کردەکە و بەوەش کردەکە تەواو دەبێت، بەڵام لە حاڵەتی پلەی گەرما... سفر، بایەخێکی جۆری بۆ پلەکانی ژێر سفر هەیە... ئاماژەیەک بۆ وەچەرخانێکی تیژی جۆرییە... مەبەستم لەوەیە، کە پلەی سفر مانای نەمانی گەرماییە... ئەگەرچی _ گەرمایی _ لەسەر گۆی زەوی کۆتایی نییە،

هەر هیچ نەبێت لەو زەمانەدا، چونکە وەک بنچینەیەکی سەرەکی ژیانە، کەم یان زۆر دەبێت، بەڵام لە سنووری گەرمایی بە کەم و زۆربوونەکە دەرناچێت... زۆربوون یان کەمبوون، مەبەستم لە _ گەرماییەکە _. ئەگەر گەرمایی نەبوایە ساردییش هەستی پێ نەدەکرا... واتە مەسەلە سەرەکییەکە گەرماییەکەیە، بەڵام ساردییەکە رەنگدانەوەیەکی سووکی لایەنە نەگەیتڤی گەرمایە... وەک ئەوە وایە رووناکیمان نەدەزانی ئەگەر تاریکی نەبوایە، ئەگەر رووناکی بەردەوام هەبوایە، رەنگی پەخش دەکرد، پێویستی بە ناونانیش نەدەکرد، ئەگەر لە رەوشێک بژین بەرامبەرەکەی نەزانین، بۆ ئەوەی ناوی بەرین و لە ناوەکەی جیاوازی بکەین.

دەگەڕێینەوە _ ماتبوونە رەهاکە _، دەڵێن شتێک نییە بەو پێناسەیە... بزاڤ و گۆڕان هەیە... کەمبوون و زۆربوون... هەڵکشان و داشکان.. ئیتر بەو جۆرە!

لە _ خێرایی _یش خاڵی وەستان و ماتبوون، بەتەنها بایەخی نییە... خێرایی لە رەوشی ئێمەدا بۆ جیاکردنەوەی جوڵانەوەی تەنێکە، بە ئاراستەیەکی دیار و بە خێراییەکی دیاریکراو... لەگەڵ کاتێکی پێش ئەو کاتەی تەنەکەی، تێدا وەستاو لە جوولە و گواستنەوە... ئەگەرچی گەردیلەکانی لە جووڵەی بەردەوامی هەمیشەیین.

خاڵی وەستانەکە واتە گۆڕان لە خێراییدایە، ئینجا پاش وەستان بێت لە کۆتایی لێکخشانەکە _ سەرفکردنی وزە _، یان کەوتن پاش ئەوەی تەنەکە _ بەرگری _ کردبوو. سەبارەت بە لایەنی کاتەکەش، یاسایەک بۆ حیسابی _ وەستان _ نییە، چونکە ماتبوون و وەستان کاتی نییە... زەمەن تەنها بۆ شتە ئامادەکان هەیە، بۆیە حیسابی زەمەن لە خێرایی لە ساتی جوولەکە دەست پێدەکات. ئەوانەش هەموو یاسا باوەکانی فیزیا دەسەلمێنن... هیچ جۆرە وەستان و ماتبوونێک لە جیهانی خێرایی و جوولە نییە... جیهانەکەی ئێمە...

**حەلاجیات**

ژماره (٤١٤)ی ڕۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی ڕۆژی یەکشەممە ٢٧ی ئۆکتۆبەری ساڵی ١٩٦٨ی زاینی.

منیش مەحکومم بە مردن... کە ئەوەش دەڵێم، نازانم چۆن دەمدۆزێتەوە و بەبێ ئاگادارکردنەوەی ڕووبەڕووم دەبێتەوە، لەگەڵ شاعیری میسری _ سەلاح عەبدولسەبوور _ هاوبیرم، کە یەکێک لە نووسەرەکان باسیان کردووە و توویانە:

_ شاعیر سەلاح عەبدولسەبوور، وەک بەشێک لە ژیان، هەڵسوکەوت لەگەڵ مردن دەکات... ئەو بڕوای وایە هەموو کەس ڕۆژانە لەگەڵ مردن دەژین.... هەموو چرکەساتەکانیش تێدا دەژین... هەموو باش دەزانن هەر دەمرن... ئەوەش نیگای ئەوە لەسەر ژیان، دیارە ئەوەش مانای ئەوە نییە، ئەو کەسێکی ڕەشبینە... بەڵام تەنها ئەو بۆچوونەی، بە جۆرێک لە خەمی هێمن دەربڕیوە... ئەوەش مەیلێکە لە تەسوفی هوشیارییە...

کەواتە... هەموومان گەشتە هێمنەکەمان لەبەردەمە، کە تێدا ئازار ڕەش دەبێتەوە، لە جوولە سەخت و بەئازارەکانی دڵ و گەدە... گورچیلە، جگەر، پانکریاس، سییەکان، چاوەکان، گوێچکەکان، دەم و لووت و مێشکیش ڕزگارمان دەبێت...

لە مردن ئازاد دەبین، هەر ئەوەندەمان لەبەردەم دەمینێت، لەگەڵ گەردوونە جوانە مەزنەکەدا ئاوێتە بین، ڕۆحیش لە پیسایی قەفەسە بۆگەنە داشکاوەکە دەربازمان دەبێت، کڕنۆش بۆ خۆری حەق دەبەین، بۆ مەزنی و شکۆداری و پاکییەکانی سوبحان دەڵێینەوە.

ئێمە لە پێناوی ئەو جیهانە کاردەکەین، بۆ بەردەوامبوون لە ژیان، شتێک پێشکەش دەکەین... کە چەند بەشێکی چاک دەکەینەوە، ناتوانین هیچی لەبەردەست ساز بکەین و شتی مەزنیش دەکەین تا لە ناشیرینی و بەدکاری و داماویی دەربازی دەکەین... لەو خەباتە بەختیارەدا _ سەرەڕای سەختییەکانی _ بۆ جیهانێکی بەختیاری بەرەکەت... ڕۆحمان دەژیت و گەشە دەکات، دڵسۆزییەکانمان بۆ وزەکان و ئەمانەتەکانی هەڵگیراوی ناوەوەمان دەنوێنین.

وزەی مەزنمان تێدایە و هێشتا بەکارنەهاتوون... نەتەقیون... ئاوەزە مەزنەکەمان تێدایە، وەک ئاوەزی ئەدیسون و ئارخمیدس و نیوتنە.
جەبەروتی جیهان و سامان و مەزنییەکەمان هەیە! ئەو نوێژە ئارامەی ناو میحرابی حەق، بە هێمنی و لەسەرخۆ سەرچاوەکانی جوانی دەتەقێنەوە... وزە مەزنەکان...
من سەرلەنوێ لەدایک دەبمەوە.. من سەرلەنوێ خۆم دۆزیوەتەوە...
کێشەی من ئەوەیە زوو و بەخێرایی خۆم ون دەکەم، بۆیە دەبێ دووبارە و سەرلەنوێ بۆی بگەڕێمەوە... لەگەڵ هەموو ئەوانەش من مەحکومم بە مردن... هەموو ساتێک چاوەڕوانم حوکم و بڕیارەکەم لەسەر جێبەجێ بکەن...

حەلاجیات

ژمارە (٤١٩) ی ڕۆژنامەی (ئەلتەئاخی)ی ڕۆژی یەکشەممەی ١ی نۆڤمبەری ساڵی ١٩٦٨ی زاینی

کە من زۆر فەلسەفەی حەق دووبارە دەکەمەوە، من بەسۆز و ڕاستگۆیانە دەمەوێ شتێکی نوێ بدرکێنم. نەخێر من بوومەتە درێژکەرەوەی سادە و خاکیانەی کلتوورێکی هزری و فەلسەفەیی هونەری مرۆڤ، فەلسەفەکەشم پاش وەرگرتن و بڕواهێنان بە فەلسەفەکانە، بەتایبەتی ئەوانەی لە هەموویان، زۆرتر شۆڕشگێر و ڕاستگۆترن، سوودیان لە ڕاستییە زانستییەکان بینیوە. یەکێک لێم دەپرسێت:
بۆ بایەخ بە ژیانە ڕۆحییەکەی مرۆڤایەتی دەدەیت؟ هیچ لە وەڵامی ئەو پرسیارە ئاسانتر و مەزنتر و زانراوتر نییە!

بۆ نمونە فەلسەفەی سۆسیالیزمی... تا رادەیەک پشتگوێی ئەو لایەنەی کردووە، ئەگەرچی چارەسەری بۆ زۆر لە کێشە ئابووری و کۆمەڵناسییەکانی دۆزیوەتەوە، بۆیە، دەبێ من باس لەو رەوشە بکەم... دەبێ ئاماژە بە دووبارەبوونەوەی رۆحی بکەم، کە بەبێ ویستی ئێمە لەناو دەمارەکانمان هاتوچۆیانە(١).

فەلسەفەی حەق، هزری سۆسیالیزمە لەگەڵ گەشەسەندنی رۆحی ئادەمیزاد... بە دروشمی من هەموو ئازادییەکانی خزمەتی حەق دەکات هەڵدەگرم و بڕوای پێ دەکەم، حەق و ئەوانەی پشتیوانی دەکەن و هەموو کایە زانستیە راستە بیردۆزییەکان... ئەوەش هەنگاوێکە بەرەو حەق، سۆسیالیزم(٢) هەموو خەونە دێرین و جوانەکانی مرۆڤ لەکۆنەوە بەرجەستە دەکات، هەروەها کۆشش دەکات بۆ تێگەیشتنی چەمکە دیالیکتیکی هەموو دیاردەکانی ژیان و گەردوون، بۆیەش دەگاتەوە هەموو پێویستییەکان، ئەو راستییەش یەکێکە لە بوارە جوان و دروستەکان بۆ گەیشتن بەسەر سەکۆی حەق.

تاکە کار من دەیکەم، ئەوەیە من ناوە راست و دروستەکەی مەبەستی عەقڵی مرۆڤ ناودەبەم، ئەویش زانینی حەقیقەتە، لەناو هەر دیاردە و بزاڤ و مەسەلە و هزرێک لە جیهان، بەوەش من ناوە راستەکەی فەلسەفە بە حەق ناودەبەم، کە هەندێک بە ناوی تر باسی دەکەن، ناوەکانیش دەگەڕێتەوە سەر مەزاج، یان ناوی کەسەکە، یان چەند وشە و زاراوەی پەیوەست بە سەردەمەکە.

حەقیش بریتییە لە هەموو شتە حەقیقییەکان، هەموو هەڵوێستێکی راست، هەموو بەهایەکی جوان، هەنگاوی پێشکەوتن و شکۆی مرۆڤ و پایەداری رۆحییە... ئەوانە و قۆناخێکی بالایە، لە شکۆداری رۆح، کە تێدا مرۆڤ هەست بە تەسەوفی حەقیقی دەکات، لەبەر سەکۆکەی حەق و خۆی وەک تیرۆژی رووناک دەردەکەوێت، گەردوون و ژیان رەوشن دەکات و زۆر لە نهێنییە نوێیەکان بۆ دەستنیشان دەکات، من دڵنیام ئاوەزی ئادەمیزاد، دەگاتە ئەو قۆناخە بە شێوازە زانستیە حەقیقییەکە، کەواتە لەگەڵ شکۆی رۆح و شکۆی بەرجەستە زانستییەکان هاوتەریبە.

**هەستکردنی قووڵ بە حەق، هەستکردنە بە ئاوێتەبوونی کامل لەگەڵ ئاوازەکان ژیان و کەون(٣).**

---

**(١) و (٢) لەودەمانە و لە ساڵی ١٩٦٨ی زاینی، تێگەیشتم سوسیالیزم یان ئەزموونی سۆسیالیزمی، لەبەر ئەوەی لایەنی رۆحی پشتگوێ خستووە، بۆیە کەماسی تێدایە. بۆیە هاوکێشەیەکم داناوە، کە گەشەدانی رۆحی یەکسان بێت بە مەبەست و ئامانجە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی سۆسیالیزمی، بەوەش بەرنامەکە سەرکەوتوو دەبێت، ئەگەرچی ئەزموونە سیاسییەکەی جەمسەری سۆسیالیزمی پاش ساڵانی ١٩٩٠ی زاینی هەرەسیشی هێناوە.**

**(٣) تەسەوف، ویژدانی مرۆڤ ئازاد دەکات و بە جوانی و پاکی دایدەپۆشیت. چەند تابلۆیەکیشم لەسەر دادپەروەری کۆمەڵایەتی و یەکسانی و ئازادییەکان، وەک شێوەکانی قۆرخکردنی تاکەکەسی و کۆمەڵی نووسی. بەڵام وام بەباش زانی بڵاونەکرێنەوە، چونکە دووبارە و هاوشێوەی ئەو دەقەیە، ئەوەش دەبێتە ئاماژەیەک، مەبەستەکەش دەپێکێت.**